

جەنگیز ئیتماتۆف

# سەربووردەی

# دایک

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

کاوە فاتیحی




پێناسی کتێب
ناوی کتێب: سەربووردەی دایک
بابەت: ڕۆمان
نووسینی: جەنگیز ئیتماتۆف
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کاوە فاتیحی
دیزاینی بەرگ: ئیبراهیم ساڵح
هەڵەچن: محمود عومەر
پێداچوونەوە: خالید فاتیحی
بەرهەمی ناوەندی فێربوون
تیراژ: 500دانە
ساڵی چاپ: 2019

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەسپاردنی (٦٩)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە

FÊRBÛN
فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

**لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون**

**ژمارە ( 72 )**

**ناونیشان : هەولێر - بازاڕی کتێب فرۆشان - بەرامبەر دەرگای قەڵا**
07504048285 - 066223135

KTEBXANAY FREBWN

**مافی ئەم کتێبە پارێزراوە ، بەبێ ڕەزامەندی ناوەندی فێربوون**
**هیچ لایەنێک ڕێگە پێدراو نیە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە بە شێوازی**
**ئەلیکترۆنی ، کاغەزی ، وێنەیی ، دەنگی ، یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە**

**پێشکەشە**

**بە باوکم، تارکۆل ئیتمانۆف، کەنازانم لەکویَ نێژراوە.**

**پێشکەشە**

**بەدایکم نەقیمە ئایتماتۆڤا،**

**کە چوار منداڵی گەورە کردن و بەخێوی کردن.**

## ١

ژنێکی تەنیا بە کراسێکی خاوێن و سوخمەیەکی رەش و لەچکەیەکی سپی، بە باریکە رێگەیەکی پەرێزە گەنمێکدا بەهێواشی دەروات هاوین بەرەو کۆتایی دەچێ، لە کێلگەکە هیچ جموجوڵ و دەنگێك نایەت تەپو تۆزی ئۆتۆمبیل دیار نییە دەڕاسە نابینرێ هێشتا مێگەل بۆ لەوەڕاندن نەهاتوونەوە دەشتێ.
لەو دیو رێگا خۆڵەمێشیەکە، دەشتی پایزی تا چاو هەتەردەکا درێژ بۆتەوە، هەورێکی رەش بەسەر دەشتەکەدا دەکشێ، بایەکی توونـد قانگەلۆشك و دڕك و داڵ بەرەو رووبارەکە راپێچ دەکات. بۆنی گیا و شەونمی تەڕی سپێدە سەری گوڵە ژاڵەکانی دێتە بەرلووت. زەوی دوای دروێنە پشوودەدا، هەوای تووش دەستپێدەکات و باران دەبارێ زەوی هەر لەگەڵ یەکەمین بەفربارین دەشتەکە سپی پۆش دەبێ و کرێوە دەستپێدەکا، ئێستا دەشت کپ و خامۆشە.
باکارمان بەکاری ئەو ژنەوە نەبێ، لێگەڕێ چیدەکا بابیکا، ئەوە رادەوستێ و ماوەیەکی زۆرە بەچاوە کزۆڵەکانی تەماشای دەورو بەری دەکات.
پاشان بە ئارامی دەڵێ:
سڵاو کێڵگەکەم.
سڵاو تالگانای، هاتی، دیسان پیرتر بووی، ئیدی بە تەواوی سەرت سپی بووە و بە گۆچان دەرۆی.
- بەڵێ، پیربووم، دیسان ساڵێکی تر لە تەمەنم رۆیشت دەورێکی دیکە لە تۆ، ئەمرۆ رۆژی بیرەوەری مردوەکانمانە.
-دەزانم چاوەڕوانت بووم، بەڵام ئەمجارەش بەتەنیا هاتی؟
بەڵێ، دیسان بەتەنیا هاتوومەوە.

-دەی تا ئێستا هیچت بە کەس نەگوتوە، نالگانای؟

-نا، ئەو جورئەتەم نەبووە.

پێتوایە لەم بارەیەوە هیچ کەسێك شتێکی پێنالێ؟

پێتوایە هیچ کات شتێك لەدەمی کەس ناچێتە دەر؟

- نا، بیر لە شتێکی ئاوا ناکەمەوە، دەزانم زوو یا درەنگ هەموو شتێکی بۆ ڕوون دەبێتەوە. ئاخر ئەو گەورە بوەو لەوانەیە خەڵکێکی دیکە بۆی باس بکەن، بەڵام لای من ئەو هێشتا منداڵە، دەچم سەرەتای گفتوگۆی لەگەڵ بکەمەوە.

-ئاخر تالگانای، مرۆڤ دەبێ ڕاستی بزانێ.

بێگومان بەڵام چۆن پێیبڵێم؟ ئەوەی من و تۆ دەیزانین کێڵگە ئازیزەکەم، کێ دەیزانن و خەڵکیش دەیزانن، تەنیا ئەو دانەیان نایتوانێ، کاتێك بزانێ بیر لە چیدەکاتەوە، چۆن دەروانێتە رابردووی، بیرو هۆش بە هەقیقەت دەگا یان نا؟ ئاخر ئێستاش کوڕیژگەکە کامڵ نەبوە، هەر بۆیە بیر دەکەمەوە چیبکەم پشت لە ژیان نەکات و بەردەوام دەبێ رووی لە ژیان بێ. ئاخ، چەند خۆشبوو، سادەو ساکار بە دوو وشە هەموو شتێکم وەك چیرۆك بۆ باسکرد، ئەو رۆژانە هەر بیر لەو شتە دەکەمەوە، ئاخر کەو تومەوە دوا رۆژەکانی تەمەن، لە ناکاو رادەقەنێم و دەمرم، زستانی پارەکە نەخۆش بووم و کەوتمە سەرجێ، لەبەر خۆمەوە دەمگوت کارم کراوە، بەڵام لە مردن نەترسام، کاتێك مەرگ بێ لە بەرامبەری دا راناوەستم، لەوەی دەترسام کە نەتوانم لەگەڵ ژیان رایبێنم و ئەو راستییە لەگەڵ خۆمدا بیبەمە گۆڕەوە. بەڵام ئەو نەیدەزانی بۆچی خەمان دەخۆم. بێگومان دڵی پێدەسووتام، هەتا نەدەچووە قوتابخانە و هەر بە دەورو خولمدا دەهات و دەچوو ئاگام لێبوو رێك وەکو دایکی بەردەوام دەیگوت: دایە گەورە، دایە گەورە ئاوت بۆ بێنم ، دەتەوێ دەرمانەکانت بۆ بێنم پێتخۆشە سەرت زیاتر داپۆشم تاگەرمت

بێتەوە؟ بەڵام جورئەتی ئەوەم نەدەکرد هیچت پێبڵێم، زمانم نە دەگەڕا، ئەو زۆر خۆشباوەڕو دڵسافە، هەروا کات دەڕوات و منیش لەکوێوە دەستپێبکەم، تا ئێستا خۆم لێنەداوە، بەڵام ئەوەندەی بیریلێدەکەمەوە بەو ئەنجامە دەگەم بۆ ئەوەی کە روویداوە بڵێ بۆ وابوو، بۆ ئەوەی باش لە ژیان بگات، نابێ هەر دەربارەی خۆی و چارەنووسی بدوێم بەڵکو دەربارەی خەڵکانی ترو چارە نووسی دیکەش لەگەڵی بدوێم، دەربارەی خۆم و زەمانەو هەتا دەربارەی ئەو پاسکیلەی کە سواری دەبێ و پێدەچێتە قوتابخانە، بەڕایخۆم ئەوەیان لە هەمووشتێك باشترو راستترە.

بەو شێوەیە هیچ لەراستیەکە کەم ناکەیتەوە و هیچیشی پێوە زیاد ناکەیت، ژیانی هەموومان وەکو هەموو پێکەوە تێکەڵکراوە و هەموومان پێکەوە بەستراوینەوە، چارەنووس هەروایە کە کەس ناتوانێ سەری لێدەرکات. دەبێ بەسەرت بێ تا مرۆڤ لە ناخەوە تێبگا... هەروا بیر دەکەمەوە...

دەزانم کە ئەوە ئەرکی منە، ئەگەر بتوانم ئەنجامی بدەم ئیدی لە مەرگ ناترسم..

دانیشە، تالگانای، بە پێوە رامەوەستە، ئاخر قاچت دێشێ، لەسەر ئەو گابەردە دانیشە، تا بەیەکەوە بیرێك بکەینەوە، تالگانای، لە یادت ماوە کە یەکەم جار هاتی بۆ ئێرە؟

## ٢

هاتنەوە یادی ئەو رۆژانە دژوارە، ئاخر لەو کاتەوە تائێستا چ زەمانێکی دوورو درێژە. هەوڵبدە وەبیر خۆتی بهێنەوە. هەر هەمووی وەبیرخۆت بێنەوە، زۆر بە زەحمەت دێتەوە یادم، کاتێك منداڵ بووم، رۆژانی دروێنە دەستیان دەگرتم و دەیانهێنام لە پەنای خەرمانێ لە سێبەر دایاندەنام، بۆ ئەوەی نەگریم بابۆڵە یەکیان وەدەستی دەدام، بەڵام دوایی کە گەورە تربووم بۆ خۆم بوومە پاسەوانی کێڵگە، دەهاتمە ئێرە، بەهارێ مێگەلیان بەرەو کوێستانێ دەبرد، ئەوکات کچێکی بەزیپکو وریا بووم و پرچێکی درێژم هەبوو، دەورانی منداڵی دەورانێکی خۆش و بێخەم و خەیاڵە. لە یادمە کە ڕەوکەوانان بەلای بەستێنەکە و بە دۆڵەکەدا سەر دەکەوتن. ڕەوە بەدوای ڕەوەدا بەلای کێوە فێنك و سەر بەرزەکان غاریاندەدا. کاتێك کە باش بیر دەکەمەوە، دەزانم ئەوکات کچێکی چەندە سەرەڕۆ و گێل بووم، کاتێك ئەسپەکان رەوە رەوە وەك لافاو بەکێوەکەدا شۆڕ دەبوونەوە و دەهاتنەوە دەشتێ، تەپوو تۆزیان دەچۆ ئاسمانێ، ئەگەر لێیان نزیك بووبایەوە وەبن سمانیاندەکەوتی، من هەمان کات لە کێڵگەکە خۆم دەشاردەوە لەناکاو وەك دڕندەیەك لەجێی خۆم دەر دەپەریم و ئەسپەکانم دەڕاوەندنەوە، ئەسپەکەکان دەسڵەمینەوە و دەردەپەڕین، بەڵام رەوکەوانەکان دەکەوتنە دوام دەیانگوت:

هۆ کچە قژ درێژەکە ئێستا دەردت دەرماندەکەین. بەڵام من دەر دەپەڕیم و دەچوومە ناو رووبارەکە، مێگەلە مەڕەکان هەموو رۆژێ بێرەدا دەهاتن و دووگی مەڕەکان بەناو تەپوو تۆزێدا دەهاتن و دەچوون، سمیشیان بەسەر زەویەکە وەکو تەرزە دەنگیان دەهات، مێگەلەکە شوانی تاوە سووتی دەنگ نوساو بۆ کێویان دەبردن، پاشان هۆزە دەوڵەمەند و دەشتەکی و کۆچەریەکان بەکاروانی وشتر لێرەوە

تێدەپەڕین هەریەکەو دۆدانێکی پڕ لە شیری ماینیان بەسامۆتەی ئەسپەکەوە هەڵدەواسی کیژو ژنە گەنجەکان بەجلو بەرگی ئاوریشمی بەسواری دەهاتنەوە و گۆرانیان بەسەر مێرگ و ئاوی زولاڵی رووبارەکەدا هەڵدەگوت، ئەوەندەیان پێسەرسام دەبووم هەموشتێکم لەبیر دەچۆوە. ماوەیەکی زۆر وە دوایان دەکەوتم، هێندەم تەماشا دەکردن تا لە چاوان وندەبوون، هەموو ئاواتم ئەوە بوو: خۆزگە منیش کراسێکی ئاوا جوان و شەدەیەکی ئاوا ریشوودارم هەبووایە. ئاخر ئەمن ئەوکاتی کچە جوتیارێکی پێپەتی بووم، باپیرم قەرزێکی لەسەر بوو ناچاریان کرد خەریکی زەوی کێلاَن بێ، ئەو کارەمان بەمیرات بۆ مایەوە. منیش هەر چەندە کراسی ئاوریشمم لەبەر نەکردووە، بەلاَم وا گەورەم و بوومە جێگەی سەرنجی هەمووان. چەندەم حەزدەکرد لە سێبەری خۆم بڕوانم. کە بەرێگادا دەرۆیشتم وەکو ئەوە وابوو خۆم لە ئاوێنەدا دەبینم، وەك خانەدان لە خۆم دەڕوانی، لە راستیدا کچێکی بەهەڵپەو زیتەڵەو وریا بووم، حەڤدە ساڵان زیاتر نەدەبووم، کە لە کێڵگە تۆشی سۆڤانکۆل بووم، لە تالاَسی گەورەوە هاتبوو، بۆ دروێنە، ئێستاش کە چاوم لێکدەنێم وەك هەمان کات دێتەوە پێش چاوم، گەنجێکی نۆزدە ساڵان بوو، کراسی لەبەردا نەبوو شان و سینگی بە کۆنە کوڵەباڵێك دادەپۆشی، تاوەسووت بوو سەر روومەتی وەك مس دەبریسکایەوە. کاتێك سەیرت دەکرد کزو رەقەڵە دەهاتە بەرچاو، بەلاَم دەفەی سینگی پان و دەستەکانی لەکاردا ئاسنین بوون، پاڵەیەکی تەواو بوو، کەوا بە ئاسانی دەستنە دەکەوت، هێندە بەجوانی دروێنەی دەکرد، کاتێك لەپەنای رادەوەستای تەنیا گوێت لە دەنگی داسەکەی دەبوو، کە چۆن لاسکەکانی دەدروون، لەسەر یەکی دانان، هەندێك پاڵە هەن بنیادەم حەزدەکات تەماشایان بکات، سۆڤانکۆل یەك بوو لەو سەرپالاَنە، هەر چەندە منیش دروینەکەرێکی باشبووم، بەلاَم هەمیشە لێی بەجێ دەمام، سۆڤانکۆل زۆر وەپێشم

دەکەوتەوە، پاشان ئاوڕێکی لێدەدامەوەو دەگەرایەوە تا یارمەتیم بدات و بگەمەوە پێی، ئیرەییم پێدەبرد و تووڕە دەبووم:

- کێ داوای لێکردووی یارمەتیم بدەی؟ وازبێنە من دەرەقەتی کاری خۆم دێم.

لە قسەکانم توڕە نەدەبوو، بزەیەکی دەهاتێ دەستی دەکردەوە بەکاری خۆی، ئەرێ بۆچی نازانم ئەوکات دەرهەڵدەبووم. بەڕاستی کچێکی گەمژە بووم، من و ئەو پێش هەمووان دەچووینە سەرکارێ، کە سیوادی دەدا، هێشتا لە خەو دا بوون ئێمە دەرۆیشتین، سۆڤانکۆل هەمیشە لەسەر رێگا چاوەڕوانم دەبوو.

کاتێك دەیدیتم دەیگوت: هاتی؟

وەڵامم دەدایەوە، ئەمن پێم وابوو تۆ رۆیشتویت و ئێستا خەریکی کارکردنی، ئەگەرچی دەمزانی ئەو بەبێ من ناڕوات بۆ هیچ شوێنێك.

پێکەوە وەرێکەوتین.

کازیوەی بەیانی دەنگووت، لە بەرزترین لووتکەی کێوە پڕ لە بەفرەکان دەدات، شنەی با لە دۆڵەکەوە هەڵیدەکرد، ئەو کازیوەی هاوینە، کازیوەی عیشقی ئێمە بوو، کاتێك پێکەوە دەرۆیشتین، دەتگوت دنیا چیرۆکێکی شیرینە لەلام، ئەو کێڵگە پێخوست و کێڵدراوە باشترین سەروەتی دنیا بوو، چۆلەکە جوڕەش لەگەڵ ئێمە بۆ دیداری سپێدە دەهات، لەئاسماندا باڵی لێکدەدا و بەرزدەبۆوە دەتگوت لە هەوادا رادەوەستێ و وەکو دڵی بنیادەم ترپەی دەهات، گۆرانی بەختەوەری لەچریکەیدا دەبیسترا، سۆڤانکۆل دەیگوت: تەماشاکە چۆلەکە جوڕەکەی ئێمەش دەجریوێنێ. چۆلەکە جوڕەی ئێمە. هەتا چۆلەکە جوڕەی تایبەت بەخۆشمان هەبوو.

بەڵام مانگەشەو، بەراستی دەشێ ئیدی هەرگیز لە دنیادا دووبارە نەبێتەوە. ئەو شەوە من و سۆڤانکۆل لە کێڵگەکە ماینەوە، تا بەو مانگە شەوە کاربکەین، کاتێك

خەرمانەی مانگ لەکەلەپۆ(١) دەرکەوت، ئەستێرەکان هەموویان لە ناکاو دەدرەوشانەوە، ئەمن پێموابووکە ئەوان من و سۆڤانکۆل دەبینن، ئێمە لەپەنا پارکە(٢)کوڵەباڵەکەی سۆڤانکۆلمان راخست لەسەری راکشابووین، سەرین مان لێواری جۆگەلەیەك بوو، پێمان وابوو نەرمترین سەرینە، ئەوە یەکەم شەوی عیشقی ئێمە بوو، لەو شەوە بەدواوە هەمیشە پێکەوە بووین،.. سۆڤانکۆل دەستە زبرو رەنج کێشەکانی بەسەرو قژمدا دێنا لە لێدانی دەستی دا هەستم بەلێدانی ترپەی شادمانی دڵیدەکرد، لەسەرخۆ پێمدەگوت:

سۆڤان، پێت وایە ئێمە خۆشبەخت دەبین؟[1]

وڵامی دەدایەوە:[2]

-ئەگەر زەوی و ئاو لە نێوان هەمووان‌دا بەیەکسانی دابەش بکرێ، ئەگەر بۆ خۆشمان کێلگەیەکمان هەبێ بیکێڵین و دایچێنین، گەنمەکەمان لە ئاشی بکەین ئەوکات خۆش بەخت دەبین، لەوە زیاترمان ناوێ تالگانای. خۆشبەختی جوتیار لەوەدایە زەویەکەی بۆ خۆی دایچێنێ و بۆ خۆشی بیدروێتەوە. نازانم بۆ ئەو قسانە ئەوەندە خۆش بوون و لە دڵمدا جێگیر بوون. هەرئەوکاتە سۆڤانکۆلم توند لە باوەش گرت و ماوەیەك روخسارە تاوەسووتاوە کەیم ماچکرد، پاشان پێکەوە چوینە ناو روبارەکەو ماوەیەك خۆمان لە ئاو هەڵکێشا، ئاومان شەڕئاومان کردو پێکەنین، ئاو روون و زوڵاڵ بوو بۆنی کوێستانی لێدەهات، پاشان راکشاین و دەستی یەکترمان گرت بێدەنگ تەماشای ئاسمان و ئەستێرەکانمان دەکرد، ئەو شەوە ئەستێرەکان لە هەمووشەوان زۆرتربوون.

[1] - کەلەپۆ: ئاسۆ

[2] -پارکە:کەرد،تەختەچێنراو، دووکان، کەردوو.

لەو شەوە مانگە شەوەدا، دەتگوت زەویش وەك ئێمە شادومانە، لەکپی و فێنکی هەوادا چێژ وەردەگری. بێدەنگی باڵی بەسەرهەموو شتەکاندا کێشابوو، چۆرە چۆڕی ئاوە زولاڵەکەی رووبارەکە دەهات، بۆنی گوڵان دەهات، هەندێ جاریش شنەبایەکی فێنکی دەهات. لەو کاتەدا گوڵەگەنمەکان هێدی هێدی رادەژان. رەنگە تەنیا جارێك شەوێکی ئاوا لە دنیادا هەبێ، نیوەشەوێ تەماشای ئاسمانێم دەکرد کاکێشانم دیت، کە بەنێو ئەستێرەکاندا دەڕۆیشت، قسەکانی سۆڤانکۆلم دەهاتەوە یاد لەبەر خۆمەوە دەمگوت: هەر بەڕاست رەنگە ئەمشەو جوتیارێکی بەهێز خێرخواز بەکۆڵێك کا وە بە ئاسماندا تێپەڕیوە، لە سەر رێگای خۆی کاودانی بڵاو کردۆتەوە، هەر ئەوکات وەبیرخۆم هێنایەوە، کاتێك کە ئاوەتەکانمان وەدی هاتن و من و سۆڤانکۆل لە دوای خەرمان هەڵگرتن بەکۆڵێ بەروبومەوەکەمان دەبەینەوە عەمبارێ، ئەوەش دەبێتە یەکەمین بەرو بوومی خۆمان، کاتێ کۆڵەکانیان دەبرد لەسەر رێگادا کایەکە دەڕژا ئەویش وەك کاکێشان کای لێدەڕژاند. ئەو شەوە ئەو ئاواتانە بە مێشکمدا رادەبردن، ئەستێرەکانیش رەنگە وەکو ئەو شەوە ئاواتێکیان هەبووبێ، منیش ئەوەندە حەزم دەکرد هەموو ئەو ئاواتانەبێنەدی. ئەوکات و لەو شەوەدا بۆ یەکەمینجار بەزمانی ئادەمیزاد قسەم لەگەڵ زەوی دەکرد، پێمدەگوت، ئەی زەوی، ئەی دایکەکەم، تۆ هەموومان لە سینەی خۆتدا بەخێودەکەی، ئەگەر خۆشبەختیمان پێنەبەخشی، چ دایکێك و چ زەویەکی؟ ئەی بۆچی دەمانخولقێنی؟ ئەی زەوی، ئەی دایکەکەم، ئێمە منداڵی تۆین، خۆشبەختیمان پێببخشە...

ئەو شەوە ئاوام قسە لەگەل زەوی دەکرد.

بەیانی کە وەخەبەر هاتم و سۆڤانکۆلم لە پەنای خۆم نەدی، نەمزانی بوو، کەی وەخەبەر هاتبوو، بێگومان زۆر زوو، کاتێك تەماشای دەورو بەری خۆم کرد

کێڵگەکە پربوو لە سواڵە و باقە گەنمی تازە درواو. زۆر نیگەران بووم کە بۆچی نەمتوانی بوو لە سیوادی بەیانیدا هاوشانی سۆڤانکۆل کاربکەم.

یەکسەر هاوارمکرد، سۆڤانکۆل ئەدی بۆچی خەبەرت نەکردوومەوە؟

کە گوێی لەدەنگم بوو ئاوڕێکی دایەوە، باش لە یادمە بەو بەیانییە زووە سۆڤانکۆل تا پشتێنی رووت بوو، شانە رەش داگەڕاوەکانی لە ئارەقەدا شەلاڵ بوون، راوەستا بوو ماوەیەك بەخۆشحاڵییەوە لیمڕاما، دەتگوت نامناسێتەوە، پاشان بە لەپی دەستی ئارەقەی ناوچاوانی سڕی و بەپێکنینەوە گوتی:

- حەزمدەکرد تێربخەوی.

پرسیم: ئەدی بۆچی خۆت باش نەخەوتی؟

وەڵامی دامەوە، ئاخر من ئێستا لە جیاتی دوو کەس کار دەکەم.

لەو قسەیەی دەتگوت نیگەرانییەك دایگرتووم و هێندەی نەما بوو بگریم، ئەگەر چی لە ناخی دڵەوە ئەوقسەیەم پێخۆش بوو.

پێمگوت: ئەی قسەکانی دوێنێ شەو چیان لێهات؟ دەتگوت لەوە بەدواوە من و تۆ یەکسانین و دوو گیانین لە جەستەیەکدا.

سۆڤانکۆل دسەکەی دانا و بە غاردان هاتە لام و باوەشی پێداکردم و بە ماچکردنەوە دەیگوت:

- لەوە بەدوا لە هەموو کارەکان بەیەکەوە دەبین، دوو گیان لە جەستەیەکدا، تۆ کڵاو کوڕە ئازیزەکەی منی.

ماوەیەك بە باوەشیەوە هەڵیگرتم و قسەی دەکرد بەناوی کڵاوکوڕە و ناوی دیکەوە بانگی دەکردم، منیش دەستیم لە گەردنی وەرێنابوو پێدەکەنیم و لاقم رادەوەشاند، دەتریقایەوە ئاخر بەمنداڵان دەڵێن کڵاو کوڕە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرم پێخۆش بوو.

خۆرهەڵات بوو لەمێژبوو لە کەلەپۆ هاتبۆ دەرێ. سۆڤانکۆل لەسەر دەستی دادەنام لەگەل خۆردا دەدوا:

- ئەی خۆری روناکی، تەماشاکە، ئەوە ژنی منە، بڕوانە چەندە باشە. لەتیشکی خۆتی پێ ببەخشە.

نازانم ئەوەی بەڕاستی دەگوت یان بەگاڵتە، لە هەر حاڵ دا لە ناکاو گریام. لە خۆشیان فرمێسکم بە چاواندا دەهاتنە خوارێ و شادی گەرووی گرتبووم..

ئێستاش کە ئەو رۆژەم دێتەوە یاد نازانم بۆ فرمێسکم دێن. بەڵام فرمێسکی ئەو رۆژە شتێکی دیکە بوون، مرۆڤ لە ژیانیدا تەنیا جارێك ئەو فرمێسکانەی دێن. ئەوکات ژیانی ئێمەش هەر وەك ئارەزوو بوو هاتەدی. من و سۆڤانکۆل ئەو ژیانەمان بەرەنجی خۆمان دروستکرد، هەردووکمان کۆششمان دەکرد، هاوین و زستان پێمەرەمان بەدەستەوە بوو، رەنجمان دەکێشا. دوای شۆڕش بوو خانوویەکمان دروستکرد، مانگاو مەڕیشمان پەیدا کردن، بەکورتی وەك مرۆڤان دەستمانکرد بەژیان. کوڕمان بوون یەك بەدوای یەکدا. بەڵام ئێستا هەندێ جار روحم ئازار دەدا کە بۆچی ئەو منداڵانەم هێنانە سەردونیا وەکو مەڕ هەر ساڵێك یان ساڵ و نیوێك یەکێك، وەکو خەڵکانی دیکەم دەکرد هەر سێ چوار ساڵان جارێك، رەنگە ئەوکاتی ئەوە رووینەدابا و رەنگە باشتر بوو بێ ئەوانە هەرگیز لە دایك نەبووبان. ئاخ منداڵەکانم، لە خەم و کەسەران ئەو قسە دەکەم و وا دەڵێم، ئاخر ئەمن دایکم، دایك.

یەکەمجار کە هاتینە ئێرە زۆر باشم لە یادە. ئەو هەمان رۆژ سۆڤانکۆل یەکەم تراکتۆری هێنایە ئێرە. تەواوی پایز و زستانێ سۆڤانکۆل دەچوو ئەو بەری رووباری وانەی فێربوونی شۆفێری دەخوێند. ئەو کاتەی ئێمە نەماندەزانی

تراکتۆر چیه و بەکەڵکی چیدیێ. کاتێك لەبەر دووری ڕێگاکە سۆڤانکۆل شەوانە درەنگ دەهاتەوە ماڵێ، دڵم پێیدەسووتا.

پێمدەگوت: ئاخر لەبەرچی خۆت توشی ئەوکارە کرد؟ کاتێك کە سەردەستە بووی چ کێشەیەکت هەبوو؟..

وەك هەمیشە بزەیەکی دەهاتێ و لەسەرخۆ دەیگوت:

تالگانای. لە خۆڕا هاوار مەکە. راوەستە بەهاردابێ، ئەوکاتە تێدەگەی، تۆزێك ئارام بگرە....

ئەو قسانەم لە رووی لاساری و بەدگومانییەوە نەدەگوت، بەڵکو لەبەر ئەوەی بوو کە بەتەنێ دەرەقەتی کاری ماڵێ و کاری کۆڵخوز نەدەهاتم و کارێکی هێندە ئاسان نەبوون. بەڵام هەر زوو لە قسەکەی خۆم ژەوان دەبوومەوە، چونکە کاتێك تەماشام دەکرد لەسەرمان هەڵدەلەرزی هێشتا نانی نەخواردووە منیش لە جیاتی ئەوەی پێیرابگەم دم بەدمەی لەگەل دەکەم، ئەو کاتە شەرمم دەکرد و دەمگوت:

- دەی، ئێستا ئیدی بەسە، وەرە لەلای ئاگرەکە دانیشە، دەمێکە چێشتەکە سارد بۆتەوە.

بێگومان باش دەمزانی سۆڤانکۆل بۆسەرگەرمی و خۆخافڵاندن ناچێتە ئەوێ، ئەو زەمانەی لە ئاوایی ئێمەدا خوێندەواری لێنەبوون، تابچێت لە دەرەوەی بخوێنێ، هەر بۆیە سۆڤانکۆل خۆبەخشانە گوتی: لە کاری سەردەستەیی دەرمبێنن و تابتوانم دەرس بخوێنم و خوێندەواربم.

راستە سۆڤانکۆل بۆ خۆی داخوازبوو بەڵام بەپێچەوانە خۆی خستە کارێکی زۆر سەخت و دژوار، ئێستا کە رابردوو دێنمەوە یاد دەزانم چەندە دەورانێکی سەخت و سەیر بوو. منداڵەکان دەرسیان بە باوکیان دەگوتەوە، ئەو سەردەم قاسم و ماسل بەلەك دەچوونە قوتابخانە، لەلایەکی ترەوە مامۆستا بوون و دەرسیان بە باوکیان

دەگوت. زۆربەی شەوان ماڵی ئێمە دەتگوت قوتابخانەیە. ئەوکات مێزو کورسیمان نەبوو. سۆڤانکۆل لەسەر سك رادەکشا پیتەکانی ئەلف و بێی دەنووسینەوە، کوڕەکانیش هەرسێکیان لەسێ لاوە دەوریان لێدەدا فێریان دەکردو دەیانگوت: قەڵەمەکە راستتر بگرە، سەرنج بدە خەتەکەت خوار کرد، دەستت دەلەرزێ، ئازا بنووسە، دەفتەرەکەت بگرە. هەر بۆیە منداڵەکان لەنێو خۆیان دەبوە مقۆمقۆیان و هەریەکەیان دەیویست نیشان بدات لەوی تر باشتر دەزانێ. ئەگەر کارێکی تر بوایە باوکیان بەسەریاندا دەیقیژاند. بەڵام بۆ خوێندن بەرێزەوە گوێی لێدەگرتن رێك وەك ئەوەی کە مامۆستان. سۆڤانکۆلی بێچارە تا وشەیەکی دەنووسی ئەزیەتی زۆری دەکێشا هەموو لەشی وەسەر ئاو دەگەڕا، دەتگوت دەرسی نا نووسێتەوە بەڵکو لەسەر دەڕاسەکە بەدەست کاردەکا. وشەکانیش دیار بوو چۆن خواروخێچ یان دەنوسی، کە تەماشام دەکرد پێکەنینم دەهات و دەمگوت:

-منداڵینە واز لە باوکتان بێنن و لێیگەڕێن. ناکا بتانەوێ بیکەنە مەلا؟ بەڵام تۆش سۆڤانکۆل دوو شوتی بەدەستێك هەڵناگیرێن، یان وە دوای مەلایەتی بکەوە یان شۆفێری تراکتۆری.

سۆڤانگۆل نێوچاوانی تێکدەنا، تەماشایەکی دەکردم و سەرێکی دەلەقاند، هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا و دەیگوت:

- ئێمە لەگەڵ منداڵەکان خەریکی کاری خۆمانین و تۆش گاڵتەمان پێدەکەی.

بەکورتی ژیان هەندێجار پێکەنین و خۆشیەو هەندێجاریش بە خەم و پەژارە تێدەپەرێ. سەرەنجام سۆڤانکۆل هەر چۆنێك بێ بە ئاواتی خۆی گەیشت.

بەهار بەڕێوە بوو، چۆلەکەکان دەتگوت زانیویانە بەهارە بە جریوە جریو لەسەر کۆتەرەکانی حەسارێ خڕ دەبوونەوە. هەر ئەوانەی کە دەتگوت دەستێکی نادیار کۆی کردوونەوە بزر ببوون. هەتاو بەرە بەرە گەرم دەبوو بەفری کێوەکانیشی

دەتواندەوە. سەرما تەشقی شکاند بوو. بەهار بە تەواوی تەڕو پاراویەکەی زستانی بەجێهێشتبوو. سەرەتای بەهار، ڕۆژێك لە پشتی ئاوایی شتێك وەکو هەورە برووسکە گرمەی دەهات. ڕەوە ئەسپەکە لەو دەنگە ترسابوون بەپرتاو بەناو کۆلانەکانی ئاواییدا غاریاندا. لە حەساریێ غارمدا دیتم تراکتۆرێك لە پشتی بێستانی دەردەکەویێ تراکتۆرێکی زەبەلاح دووکەڵی دەکرد. خێرا دەهات لە کۆلانەکە نزیك دەبۆوە و خەڵکیش لە هەر چوارلاوە غاریان دەدا لێی کۆدەبوونەوە، هەندێك بە سواری ئەسپ و هەندێکی تر پیادە و هەر هەموو هات و هاواریان بوو، پاڵیان پێکەوە دەنا و دەهاتنە پێش، منیش لەگەڵ دراوسێیەکان ڕۆیشتین. یەکەم شت کەبەر چاوم کەوت سیێ کورەکانم بوون، هەرسێکیان لەسەر تراکتۆرەکە لەلای باوکیان سوار ببوون توند یەکتریان گرتبوو. کوڕیژگەکانی تریش بەشانازی ئەوان فیتوویان لێدەداو کلاویان رادەوەشاند. بەلام ئەوان هێندە روخساریان لە خۆشیدا دە درەوشایەوە غرور و بیێ باك راوەستا بوون دەتگوت قارەمانی راستەقینە ئەوانن. تۆ بلێی ئەو منداڵە هاروهاجانەم بەیانی زوو لەماڵیێ چوونە دەریێ بۆ پێشوازی تراکتۆر و باوکیان چوو بنە سەر روباری. لەترسی ئەوەی نەوەکو من ڕێگەیان پێنەدەم، هیچیان بەمن نەگوتبوو، بەڕاستی زۆر دەترسام بەلایەکیان بەسەربیێ هەر بۆیە بەسەریاندا شیڕاندم:

-قاسم، ماسل بەلەك راوەستن با بۆتان لەنێو دوو نانی گەرمدابیێ. زوو وەرنە خواریێ، بەلام لەبەر گڕە گڕی تراکتۆرەکە بۆ خۆشم گوێم لە دەنگی خۆم نەبوو تا چ بگا بە منداڵەکان.

سۆڤانگۆل زۆر باش لە مەبەستم گەیشت. چ کەسێك باشتر لەمێرد ژنی خۆی دەناسیێ و چ کەسێکیش باشتر لە ژن مێردی خۆی دەناسیێ؟ سۆڤانکۆل لە هەمووان باشتر دەیزانی ژانێك لەدڵمدایە. سەری راوەشاند، دەتگوت دەیەویێ بلێیێ:

هێندە نیگەران مەبە، هیچ روو نادات. بۆ خۆشی لە نزیکەوە لە پشتی سووکانی دانیشتبوو وادەردەکەوت کە زۆر خۆشحاڵە و زۆریش گەنج ببۆوە. گەنجێکی سوارچاك بوو. هەر لەهەمان کاتدا وەك ئەوەی بۆ یەکەمجار ببینم منداڵەکان چەندە شێوەی باوکیان دەکەن، بەجۆرێك هەر چواریان برای یەکن بەتایبەتی دوو کوڕە گەورەکانم، قاسم و ماسل بەك زۆرتر بە باوکیان دەچوونەوە کزو باریکەڵە روومەتی تاوەسووت. بەڵام کورە بچوکەکەم جایناك زیاتر لەمن دەچوو رەنگی کراوەترو چاوی کاڵ بوون.

تراکتۆر بێ ئەوەی بوەستێ بە کۆڵانەکانی ئاواییدا تێدەپەری و ئێمەش هەموو بەدوایدا دەرۆیشتین. هەمووومان دەمانویست بزانین تراکتۆرەکە چۆن زەوی دەکێڵێ. کاتێك دیتمان گاسنێکی گەورە بە ئاسانی زەوی دێمەکارو رەقەن دەکێڵێ و کەرسەکی گەورە گەورە هەڵدەقەنێ وەکو یاڵی ئەسپ بەلایەکیدا دەخات، هەر هەمووومان هەلهەلەمان لێدەدا و هاوارمان دەکرد، ئاپۆرای خەڵکە لە حالێکدا هەموو دەیانەویست بچنەپێشەوە بەدوای تراکتۆرەکە غاریان دەدا. هیچ تێناگەم بۆچی لەو کاتەدا لە خەڵکەکە جیا بوومەوە لە هەمووان دواکەوتم و بەتەنیا مامەوە نەمدەتوانی هەنگاوێك هەڵێنمەوە. تراکتۆرەکە هەروا دوور دەکەوتەوە منیش تەنیا بەبێتاقەتی راوەستا بووم و تەماشام دەکردن. بەڵام پێموایە لەو ساتەدا هیچ لەو دنیایەدا لە من خۆشبەختر نەبوو، نەمدەزانی زیاتر لەچی خۆشحاڵتربم: لەوەی سۆڤانکۆل یەکەم تراکتۆری بۆ ئاوایی هێناوە یان لەم رۆژەدا درکم بەوەی کردبوو کە کوڕەکانم چەندە گەورە بوون و چەندە شێوەیان لە باوکیان دەچێ. لە پشتەوە تەماشام دەکردن، دەگریام و لەبەر خۆمەوە دەمگوت: ئاخ منداڵە ئازیزەکانم، ئاواتەخوازم هەمیشە ئاوا لەلای باوکتانەوە بن. ئەگەر وەکو ئەو پەروەردەبن ئەمن هیچی دیکەم ناوێ و هیچ ئاواتێکی دیکەشم نیە...

ئـەو وەختـە زێڕینتـرین دەورەی دایکایـەتیم بـوو. هـیچ کاتێـك بێکارنـەبووم و هەمیشە حەزمـدەکرد کاربکـەم. ئەگـەر بنیـادەم تەندروستی باشبێ هیچ شتێك لەکار کردن خۆشتر نییە.

کات تێدەپەڕی، کوڕەکان وەکو تـوولەنـەمام یەکساڵە باڵایـان دەکرد. هـەر یـەکێك لـەوان ڕێگـای دوارۆژی خۆیـان دیاریـدەکرد. بـەڵام قاسم وەدوای کـاری بـاوکی کەوت. لە پێشدا بووبە شۆفێری تراکتۆر و دواتریش فێری لێخوڕینی دەراسە بوو. هاوینێکی تەواو لەو بەری رووباری لە کۆڵخۆز لە ئاوایی (کائیند)کە کەوتۆتە بنـاری کێوەکـە کـاری دەڕاسـەی دەکـرد. دوای سـاڵێك وەکـو شـۆفێری دەڕاسـە گەڕایەوە ئاوایی.

لەلای دایك منداڵەکان هەموویان وەکیەکن، هەر هەموویان بە ئەندازەیـەك لـە دڵـی دایکدا جێگـای خۆیـان هەیـە، بـەڵام هەستێکی دیکـەم هەیـە بەرانبـەر بـەکوڕی دووهـەمم ماسـل بـەك و زیـاتر شـانازیم پێـوەدەکرد. ڕەنگـە لەبـەر ئـەوە بـووبێ لـە دووریانی خەمم دەخوارد. ئاخر ئەو وەکو جوجەڵەیەکی باڵەفڕە لە هەموویان زووتـر لە هێلانە فڕی، زۆر زوو لە ماڵە باوانی دوور کەوتەوە. هەر لە منداڵیدا بەباشی دەرسی دەخوێند و هـەموو چەشنەکتێبێکی دەخوێندەوە و هـەتا لـە جیـاتی نـانیش داوای کتێبی دەکرد. کاتێکیش قۆناغی سەرەتایی تەواو کرد چووە شار تا درێژە بەخوێندن بدات و ببێتە مامۆستا.

بەڵام کوڕە بچوکەکەم جایناك کوڕێکی ژیکەڵەو لە بەردڵان بوو. بەدبەختیەکە لـەوەدابوو کـەمتر دەهاتـەوە مـاڵێ، لـە کۆڵخـوز بـە بەرپرسـی یەکیـەتی لاوانـی کۆمۆنیست هەڵبژێردرا، بەردەوام یان کۆبوونەوەی هەبوو یان لە ڕێکخراو بوو. یان

خەریکی نوسینی رۆژنامەی دیواری بوو یان چووزانم چیدەکرد، کاتێك دەمدی شەو و رۆژ بەملاو بەولادا دەڕوا رقم هەڵدەستا.

چەندینجار پێمدەگوت: گوێبگرە واباشە یەکجاری ئۆکۆردیۆن و خرتو پرتەکەت کۆکەیتەوە بچیە کۆڵخۆز و لەوێ ماڵی دانێی. بۆ تۆ هیچ جیاوازی نییە لەکوێ بژی و هیچ پێویستت بەماڵ و دایك و باوکت نییە.

بەڵام سۆڤانکۆڵ بەردەوام پشتی کورەکەی دەگرت. سەرەتا بێدەنگ دەبوو تا بەسەرمدا دەینەڕاند ئەوکات ئارام لەسەرخۆ دەیگوت: تۆ دایکی نیگەران مەبە، لێگەڕێ با فێربێ، بافێربێ چۆن لەگەڵ خەڵك دەژی، ئەگەر بە خۆڕایی بەملاولا رۆیشتبا بۆ خۆم تەمبێم دەکرد.

هەر ئەوکاتە سۆڤانکۆل سەرپەرشتی دەستەی وەرگرتەوە و تراکتۆرەکەش گەنجەکان لێیاندەخوڕی.

لە هەموو گرنگتر ئەوە بوو قاسم زوو ژنی هێنا یەکەم بووك هاتەماڵمان، چۆن چۆنی بوو کە ئاگری خۆشەویستی کەوتە دڵیانەوە ئەوەم لێ نەپرسین بەڵام دەزانم هاوینێ کاتێك قاسم تراکتۆرەکەی لێدەخوری لەو بەری روبارەکە یەکتریان دیتبوو. هەر ئەوکات قاسم لە (کائیند)ەوە هێنایەوە ماڵێ. ئالیمان کچێکی جوانی کوێستانی و ڕەش ئەسمەر بوو، هەر لە یەکەم رۆژەوە خۆشحاڵ بووم کە بوکێکی جوان و چووست و چالاکمان بەنسب بووە. پاشان وردە وردە خۆشترم دەویست، رەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە من هەمیشە ئاواتی کچێکم هەبوو، بەلام نەك لەبەر ئەوەی بوو بەڵکو بۆ ئەوەی بوو ئالیمان بوکێکی داناو کارکەربوو دڵێکی هەبوو وەکو ئاوێنە.

ئەوم وەکو کچی خۆم خۆشدەویست ، زۆر جار وارێکدەکەوێ کە بوك و خەسو لەبەر یەکبن، بەڵام من لەو بارەیەوە شانسم هەبوو، کە بوکێکم هەیە بۆتە هۆی

خۆش بەختی خێزانەکەم، راستیەکەی باشە کە بڵێم کە خۆشبەختی راستەقینە نەك دروستکراو، تێبگەم لەوە کە شتێکی لە ناکاو نییە وەکو رێژنە بارانی رۆژی هاوین لە ناکاو بەسەر مرۆڤ دا بباریێ، وردە وردە مرۆڤ لێی بەهرەمەند دەبیێ، ئەوەش پەیوەستی بەوە هەیە کە مرۆڤ چۆن بڕوانێتە ژیان و لەگەڵ ئەو خەڵکەی کە لە دەورو بەریدان چۆن رەفتار بکات، خۆشبەختی وردە وردە کۆدەبێتەوە، هەر وردە وردەی یەکیتر تەواو دەکات، ئەنجامەکەشی دەبێتەوە ئەو خۆشبەختیەی کە دەمانەویێ.

لەو ساڵەی کە ئەلیمان هاتبوە ماڵی ئێمە هاوینێکی لەبیر نەکراو بوو، گەنم زوو هاتە بەرهەم رووبارەکان زوو تر لەکاتی ئاسایی خۆیان هەڵچوون، چەند رۆژێك پێش دروێنە لە خڕو دۆڵی کوێستانەکان بارانێکی زۆر باری، هەتا لە دوورەوە دەرکەوت کە لەسەر کێوەکە چۆن ئەو بە فرە وەك شەکر لە ناو ئاودا دەتوایەوە. لافاوی پڕ جۆش و خرۆش کە بە کەفێکی زەردو سپی لە کارێزەوە بە روونی دەهات و دار سنەبەرەکانی لە گەڵ خۆی لە رەگ و ریشەوە لەبن دێنا، لە رێگاوە لەت و پەتی دەکردن، بە تایبەت شەوی یەکەمی لافاوەکە زۆر ترسناك بوو، رووبارەکە تا بەرەبەیانی لە هەر هەڵدرێکەوە بەلرفەوە دەڕژایە خواریێ کاتێك بەیانی کە سەیری دەرێم کرد هیچ شوێنەوارێکی دورگە کۆنەکە نەمابوو، هەمووی بەسەر یەکدا وێرانکردبوون، بەڵام دنیاگەرم بوو. گەنم باڵای دەکرد و لاسکی گەنمەکە لای رەگی خواریێ رەنگی سەوز بوو بەڵام بەرزی لاسکەکانی زەرد ببوو، لەو هاوینەدا زەویە کشتوکاڵیەکان ئەوەندە زۆر بوون قەراغەکەشی بە دیار نەدەوکەت، تا چاو بڕی دەکرد هەر گەنم بوو با شەپۆلی دەدا، دروێنە هێشتا دەستی پێنەکردبوو، بەڵام ئێمە ماوەیەك بوو بە داس لێوارەکانی کێڵگەکەمان بۆ دەرچونی کۆمپاینەکە دروێنە کرد بوو، لە سەرکاریش من

وئالیمان لەتەنیشت یەکەوە بووین، بەشێك لە ژنەکان سەرزەنشتیان دەکردم لەوەی کە تا ئێستاش کاردەکەم، دەیانگوت:

بۆ تۆ واباشترە لەماڵەوە دانیشی و پشوو بدەی لەوەی بچیتە سەرکار و لەگەڵ بووکەکەت پێشبڕکێ بکەی، ئاخر ڕێز لە خۆت بگرە.

بەڵام من بەشێوەیەکی تر بیرم دەکردەوە، باشە لەماڵ دانیشتن چ ڕێز گرتنە، هیچ نییە.. لەلایەکی ترەوە ناتوانم بێکار لە ماڵەوە دانیشم، حەزم لە کاری دروێنەیە.

بەم شێوەیە من و ئالیمان بەیەکەوە کارمان دەکرد، ئەوکات شتێکم دیت کە هەرگیز لەبیری ناکەم، لە قەراخی دەشت. لە ناو لاسکەکانی گەنمدا گوڵە حاجیلە باڵای لاسکە گەنمەکان بەرزتربوو لە گوڵی سوورو سپی، لەگەڵ لاسکە گەنمەکان دەکەوتنە ژێر دەڕاسەکە پەرشو بڵاو دەبوونەوە، بەم شێوەیە کە سەیرم کردو دیتم ئالیمان دەستە گوڵێکی چنیبوو، وەك ئەوەی لە من دیارنەبێ، بردی بۆ شوێنێك، منیش بە هێواشی چاودێریم دەکرد، لە بیرکردنەوە دابووم ئاخۆ ئەو چەپکە گوڵەی بۆ کێ دروستکردووە؟ ئالیمان تا نزیك دەڕاسەکە ڕۆیشت، دەستە گوڵەکەی لە سەر دەڕاسەکە دانا، بێ ئەوەی هیچ بڵێ گەڕایەوە. دەڕاسەکە لە قەراخی ڕێگاکەوە ئامادە بوو، ئێمەش هەموو ڕۆژێك چاوەڕێی بەروبوومەکەی دەبووین.

هیچ کەس لەسەر دەڕاسەکە نەدەبینرا و قاسمیش دیار نەبوو بۆکوێ چووە.

من هیچ شتێکم بەدینەکرد و هیچم بەر چاو نەکەوت و هیچم نەگوت، نیگەران نەبووم چونکە ژنێکی زۆر بەشەرم و حەیا بوو، بەڵام لە دڵەوە خۆشحاڵ بووم بەخۆممگوت: ئەوە نیشانەیەکە، کە خۆشیدەوێ، چ باشتر، هەی ئافەرین، بووکەکەم، ئێستاش ئەو ڕۆژەم هەر لەیادە، ئالیمان لەچکێکی سووری لەسەربوو، کراسێکی سپی چەپکەگوڵێکی بەدەستەوەبوو، ڕەنگ و رووی لە شادی و

شـۆخی و رەنگـی ئەرخەوانیـدابوو، چاوەکانیشـی دەدرەوشـانەوە، ئـای گـەنجی، چکارێکی ناکەی، ئـای ئالیمان بووکـە دڵبەندەکـەی مـن، ئالیمان ئاشقی گوڵ بوو، سەرەتای بەهار، کاتێك کـە بـەفر نـەتوابۆوە ئـەو دەچـوو بـۆ دەشت لـە یەکـەم نۆبەرەی گوڵەکانی ژێر بەفرەوە چەپکە گـوڵێکی بـۆ ماڵـەوە دەهێنایـەوە.... ئـای ئالیمان..

رۆژی دواتـر دروێنـە دەسـتیپێکرد، رۆژی یەکـەم کۆکردنـەوەی بەرهـەم هەمیشـە جەژنە، من لەو رۆژە هیچ کەسێکی دڵتەنگ و خەمبارم نەدی، ئـەو رۆژە هیچ کەس نالێ جەژنە، بەڵکو شادی و جەژن لە رەفتار و گوفتار و چاوەکان و دڵ و گیانی خەڵکی زیندوو دیارە،..

نیشانەکانی جەژن هـەتا لـە دەنگـە دەنگـی عارەبانـەکان ڕاکـەراکی ئەسـپە تێرەکـان هەست پێدەکرا، راستیەکەی بڵێم رۆژی یەکەمی دروێنە هـیچ کـەس بـەم شـێوەیە کە دەبێ کەس دڵی بەکارێ خۆش نەبوو، چونکە یاری و جەفنگیان دەبێتە هۆی وەستانی کار، ئەو رۆژە بەیانی وەك هەمیشە دەشت و دەر پڕ لـە خـەڵك بـوو هـەر هات و هاواریان لەو سەرە و سەری دەشتەوە دەگەیشتە ئەو سەری دەشتێ دەچوو، بەڵام خۆشتر لە هەمویان دەستەکەی ئێمە بوو، دەستەی دروێنە بەداسـی دەسـتی، چونکە ژنی جوان و کیژۆڵەی زۆر مان لابوو، بەڵام لاوەکان بە گوڕو تینن، قاسم وەك ئـەوە بـە تایبـەت و بـە ئەنقەسـت لـەو بەیانییـە زووەدا، پاسـکیلەکەی کـە لـە ناوەندی ئۆتۆمبیل و تراکتۆرەکە خەڵاتی وەرگرتبوو، سواری بوو لە تەنیشتیانەوە تێدەپەری، کوڕەکان بە شاد و خۆشحالیەوە سەری رێگەکەیان گرتبوو و دەیانگوت: ئەها شۆفێری دەڕاسەکە یاللا لـە پاسـکیلەکەت وەرە خـوارەوە، بـۆچی سـڵاو لـە ژنەکان ناکەی؟ زۆر لەخۆت رازی و لە خۆ بایی بوویت، ئەها؟ دەی خێرا رێزمان بۆ بنوێنەوە، دەی لەبەر دەمی خێزانت سەری بۆ دانەوێنە.

ئەوکاتە لە هەموو لایەکەوە ڕژانە سەری ناچاریانکرد بکەوێتە ژێرپێی ژنەکەی و داوای لێبوردنی لێبکات، ئەو بۆ ئەوەی خۆی لە چەنگیان رزگار بکات تەسلیم بوو، گوتی:

بمبوورە خاتوونی میهرەبان، هەڵە بووم لە مەبەدواوە هەر لە دوورەوە سڵاوت لێدەکەم.

بەڵام قاسم هەر بەوەش لە دەستیان رزگاری نەبوو، پێیاندەگوت:

- ئیستا ئێمەش وەك کچانی شار لە پێش پاسکیلەکەت سوار بکەو دەورمان پێلێدە بەخێرایی.

ئەوکات یەکێکیان دەکەوێ لەسەر پاسکیلەکە، ئەوی تر دەیهێنێتە خوارێ و بۆ خۆی دادەنیشێ، پاسکیلەکە بەرێدەکەوێ هەموویان بەقاقا و پێکەنیەوە لەدوای رادەکەن، ئەگەر بڵێی بۆ ساتێکش دابنیشێ؟ نەخێر. هەموویانی دەخولاندەوە هاواریان لێهەدەستا.

قاسم لە پێکەنینان بە زۆر لەسەرپێوە وەستا بوو، لە بەریان دەپاڕایەوە تکای لێدەکردن.

باشە با بەس بێ، لە کۆڵم ببنەوە لاوە ئازاکان.

بەڵام کێ گوێ بە قسەکانیدەدا، هەر وەك ئەوە یەك دادەبەزێ و یەکێك سواردەبێ.

ئاخری قاسم راست و ڕەوان لە پێستی خۆی هاتە دەرو گوتی:

باشە ئێوە شێت بوونە، وازم لێبێنن. شەونمی بەیان وشك بوو ، من دەبێ دەڕاسەکە بەرم و بڕۆم و ئێوەش رێگەم نادەن، بۆ کار هاتوونەتە ئێرە یا بۆ گاڵتەو گەپ؟ دەی بڕۆن بەولاوە.

ئای ئەمڕۆ چەندە پێکەنین. لەوە گەڕێن ئەمڕۆ چۆن ئاسمانێك بوو شین شین و هەتاوێکی روون و گەرم.

ئاخیری کەوتینە سەرکار، داسەکان بریسکەیاندەدا، رۆژ گەرمتر لە جاران دەدرەو شایەوە، زیك زیکەکان لە سەرانسەری ئەو دەشتە زیکە زیکیان دەهات، هەتا لەگەڵ کاری نا ئاسایی رادێی سەختە، بەڵام تەواوی ئەو رۆژە گیانی من خۆشی لێدەباری، ئەوەی کە دەمدیت و دەمبینی هەستمدەکرد و وای بۆ دەچم بۆ خۆشی و خۆشبەختی من دروست بووە، هەموو شتێك لە خۆشی و جوانی ئاساییەوە دێ، کاتێك سەیرمدەکرد سوارێك لە ناو پۆلە گەنمەکان وون دەبوو و دەر دەکەوتەوە بۆ من شادی هێنەر بوو و لەبەر خۆمەوە دەمگوت لەوانەیە سۆڤانکۆل بێ؟ هەر وەها بیستنی زرینگەی داس و خشەخشی پۆلە گەنمەکان دەکەوتنە سەر زەوی و جەفەنگ و قاقای خەڵکی گیانمی پڕ لە خۆشی دەکرد، کاتێك کۆمپاینەکەی قاسم لە نزیك ئێمەوە تێدەپەری دەنگی ئێمەی کپ دەکرد، دڵم لە خۆشی و شادیدا توند لێیدەدا، دەراسەکە مەڵۆی گەنمەکانی کۆدەکردەوە و دەیکوتا، گەنمەکەی وەك لافاو بەلوولەکەی دەهاتە خوارێ بۆ ناو دەزگاکە، قاسم لەپشت سووکانەوە راوەستا بوو جارو بار دەستێکی لەگەنمەکە دەدا و پاشان بڵاوی دەکردەوە هەموو جارێك مشتێکی هەڵدەگرت و بۆنی پێوە دەکرد، بەڕای من وا پێدەچوو کە بۆنی گەرم و خۆشی دەنکەکانی مەستدەکرد. کاتێك دەڕاسەکە لەبەر دەمی ئێمەوەستا، وامان هەست دەکرد قاسم لەسەرکێوێك هاوار دەکات :

هۆ سوارە پەلەی بکەن. تاخیرم نەکەن

ئالیمان گۆزە دۆیەکەی داناو گوتی:

دیارە تینوویەتی، بچم بۆی ببەم.

ئەوکات لە ڕێگا تازەکە دەڕاسەکە دروێنەی کردبوو، بە لەش و لارێکی جوان، بە لەچکەیەکی سوور و شاڵێکی سپی بۆلای ئەو دەهات وەك ئەوەی کە نەگۆزەی دۆیەکە بەڵکو گۆرانی ژنێکی بۆ دەبرد کە هاوسەرەکەی خۆشدەوێ ، هەموو شتێك لە ئەودا نشیانەی عیشق بوو، من هەر لەخۆمەوە گوتم: خۆزگە سۆڤانکول لەو دۆیەی دەخواردەوە. کاتێك سەیری دەوروبەری خۆمکرد، دیتم، ئێمە لە کوێ و سۆڤانکۆڵ لەکوێ. لە یەکەم رۆژی دروێنەدا سەردەستە سەرو سۆراغی نییە. لەسەر ئەسپەکەیەتی سەر لە ئەم و ئەو دەدات و کارێکی زۆریشی هەیە.

ئێوارەیەکی درەنگ لە شوێنی حەوانەوەی کێڵگەکە نانی گەرم لەگەنمی تازە بەرهەم هاتوومان ئامادە کردبوو، ئەو نانە لەو گەنمە بوو هەفتەی پێشوو دروێنەمان کردبوو، زۆر جار لە ژیانمدا وا روویداوە کە نانی تازە دەخۆم هەر جارێ کە یەکەم پاروو دەخەمە ناو دەمم وا هەستدەکەم کە کارێکی پیرۆز ئەنجام دەدەم. ئەو نانە ئەگەرچی کەمێك بۆر و نەرم بوو هەر وەك ئەوەی لە هەویرێکی شلی هەڵنەهاتوو دروست کرابێ ، بەڵام بۆن و بەرامە شیرینیەکەی بەهیچ بەراورد ناکرێ لە دنیا: هەروەك ئەوەی کە بۆنی رۆژ و کای تازە دوکەڵی لێدێ.

کاتێك پاڵەبرسی هاتنەوە شوێنی حەوانەوەی نزیك جۆگاکە لەسەر چیمەنەکە دانیشتن، تیشکی رۆژ بەرە و کە لەپۆ دەچوو، درەوشانەوەکەی لە لەباقە گیاکانی قەراخ دەشتێ دەدا، شەو بەڵێنی دەدا لە رۆشنایی درێژبێ، ئێمە لە نزیك کەپرەکە لەسەر چیمەنەکە لە دەوری یەك کۆ ببوینەوە. دیارە سۆڤانکۆڵیش ئێستا نەهاتبوو، (جایناك) وەك هەمیشە بزربوو ، سواری پاسکیلی براکەی بوو بۆ یاریگا بچکۆلەکەی (کۆڵخۆز) رۆیشت، هەتا کاغەز لە دیوارەکان بچەسپێنێ. ئالیمان لە چکەکەی لەسەر چیمەنەکە راخست، هەندێك فەریکەسێوی لەسەر هەڵڕشتن، دواتر نانی گەرمی هێنا ماستی لە پیاڵەکان کرد، قاسم دەستی بە

ئاوی جۆگاکە شوشتن، لەسەر سفرەکە دانیشت، هێواش هێواش نانەکانی دەکردنە پاروو دواتر گوتی:

- نانەکە ئێستاش گەرمە، دایك، برا، تۆ لە پێش ئێمەوە نانی گەنمی تازەکە تام بکەی؟

نانەکە م موفەرِك کرد، کاتێك خستمە ناودەمم وتامم کرد، وەك ئەوە وابوو چێژو تام و بۆنیکی تری دەدا، حاڵی بووم کە ئەوە بۆنی دەستی قاسمە، نانی تازە و بۆنی ئاسن و نەوتی لێدەهات، لەتێکی ترم دەستدایە، راستی هەرگیز لەو شێوە نانە بەتامەم نە خواردبوو، چونکە ئەوە نانی کوڕەکەی من بوو. ئەو نانە ماڵی هەمووان بوو، بەر هەم و رەنجی کەسانێك بوو کە ئەوە یان بەرهەم هێنا بوو، کەسانێك کە لە شوێنی پشوویان لە کێڵگەی دروێنە، کە لەگەڵ کوڕەکەم دانیشتبوون، نانێکی پیرۆزبوو، بەهۆی بوونی ئەو کوڕە شایم بەخۆم بوو لەو ساتەوە بەبیرم داهات کە خۆشبەختی دایك پەیوەستە بە خۆشبەختی هەموو خەڵکی، بەم شێوەیە رەگ و ریشەیان بە یەك پەیوەستن، من هەرچی بەسەرم هاتبێ هەر چونێك بێ ژیان لەگەڵم کارێکی باشی نەکردووە، لەگەل ئەوشدا لە بڕوای خۆم پاشگەز نابمەوە، خەڵك هەر زیندوویە و من هەر زیندووم،...

ئەو شەو سۆڤانکۆڵ تا درەنگ نەهاتەوە، کاری زۆری هەبوو، دنیا تەواو تاریك ببوو، گەنجەکان لە نزیك رووبارەکە ئاگریان کردبۆوە گۆرانییان دەگوت، لە نێوان هەموو دەنگەکان ئاوازی جایناکی کورم ناسییەوە ،... ئەوە ئۆکۆردیۆن ژەن و هاندەری گەنجەکان بوو، کاتێ ئاوازی ئاشنای کورەکەم بیست لە بەر خۆمەوە دەمگوت،: بڵێ رۆلەگیان هەتالاوی گۆرانی بچڕە، گۆرانی گیانی مرۆڤەکان پاکدەکاتەوە و خەڵك لە یەکتر نزیك دەکات، دواتر کاتێك گوێم لەو گۆرانییە دەبێتەوە ، دێتەوە بیری ئەو کەسانەی لەو شەوە هاوینیە گۆرانیەکەیان لەگەڵ

دەگوتیەوە، دیسان خەیاڵم ڕۆیشتەوە لای منداڵەکانم دیارە ئەوە سروشتی هەموو دایکێکە، بیرم دەکردەوە سوپاس خوایە کە قاسم بۆتە پیاوێکی سەربەخۆ و دەتوانێ لەسەر پێیی خۆی ڕاوەستێ، بریارِ بوو بەهاری داهاتوو لەگەڵ ئالیمان بە جیا بەیەکەوە بژین، چونکە دەیانویست خانوو دروستبکەن، کەلو پەلی ناو ماڵیان ئامادە دەکرد، بێشك لەو ماڵەدا نەوەکانمان لەدایکدەبن، لەمەودوا هیچ نیگەرانیم نەما لە قاسم، لەبارەی کارکردنیشەوە چۆتەوە سەرباوکی، ماندوو نەناس بوو کۆڵی نەدەدا، دنیا تاریك بوو کەچی ئەو ئێستا هەر لە پشتی سووکانی دەراسەکە بوو، چونکە چەند پارچە زەویەکی تر مابوونەوە کە ئێستا نە دروابوونەوە، تراکتۆرو کۆمپاینەکەش لە ژێر ڕۆشنایی گڵۆپەکەوە کاریاندەکرد، ئالیمانیش لەگەل قاسم بوو، لە ڕۆژەکانی چاندن و دروێنەدا ئەگەر یەك چرکەش لەگەل یەك بوون ئەوەش نرخی خۆی هەیە.

لەو کاتەدا کەوتمە بیری ماسلبەکی کورم، خەم دایگرتبووم، هەفتەی رابردوو نامەی ناردبوو، کە دەتوانێ لە پشووی هاویندا بگەڕێتەوە، چونکە ئەویشیان لەگەڵ کورەکانی تری هاورێی بۆگەشتێك (پیشاهنگان) لە قەراخ دەریاچەی ئیسك کول بۆ کار و فێربوون ناردبوو.

باشە، چیم لەدەستدێ، ئێستا چ کارێکی بۆ خۆی هەڵبژاردبێ، حەزیشی لێدەکات، باشە، هیوادارم لە هەر شوێنێك بێت سەلامەت بێ، سەلامەتی ئەو لە هەموو شتێك گرنترە بۆمن.

سۆڤانکۆڵ درەنگ لەسەر کار گەرایەوە. بەپەلە نانەکەی خوارد و لەگەڵیدا گەرامەوە ماڵێ، دەمانویست بەیانی بگەڕێینەوە بۆ تەواوکردنی بەشێك لەکارەکان، داوام لە ئایشێی دراوسێمان کردبوو کە ئێوارێ سەرێك لە مانگا و مەرەکانمان بدات، ئەو بەدبەختەش هەمیشە نەخۆشبوو، ڕۆژێك لە کۆڵخۆز

کاریدەکرد دوو رۆژیش لەماڵەوە دەکەوت، کەلەکەی ئازاری هەبوو، تەنها کوڕێکیشی هەبوو بەناوی بەکتاش.

کاتێك بەرێگاوە بووین بەرەو ماڵ شەو درەنگی کردبوو، بایەکی دەهات، مانگ لەسەرووی باقە گەنمەکانەوە شەپۆلی دەدا، ئاوزینگی ئەسپەکە لە پوش و گوڵەکانی دەشتیَ دەخشا، لە تاریکیدا بۆنی گەرمی گوڵەکان هەستی پێدەکراو بۆنی گوڵ و هەنگوین لە هەموو شوێنێك بڵاو ببۆوە، شتێکی زۆر ئاشنا هەبوو دڵم پێی تەنگ دەبوو، من لە سەر زینی ئەسپەکەی سۆڤانکۆڵ بووم، ئەویش هەمیشە بەمنی دەگوت : لە پێش ئەسپەکە سواربووم، بەڵام من هەمیشە حەزم دەکرد لەپشتەوە سواربووم و کەمەری بگرم، هەر چەندە ئەو زۆر ماندووبوو و هیچی پێنەگوتم، ئاخر ئەو بەدرێژایی رۆژ ئەو سەرەو سەری دەخولایەوە ئەگەر چی وەنەوز دەیبردەوە، هەندێکجار لە خەو رادەپەڕی ئاوزینگی لە ئەسپەکە دەدا، لەگەڵ هەموو ئەمانەش بۆ من گرنگ و بەنرخ بوو، سەیری پشتە چەماوەکەی ئەوم دەکرد سەرم داخست، لە خەیاڵان راچووم بەداخەوە لەبەر خۆمەوە دەمگوت: ئای سۆڤانکۆل وردە وردە پیر دەبین، باشە چیمان لەدەستدیَ؟ تەمەن دەڕوات، بەڵام باشیەکەی ئەوەیە تەمەنمان بێهودە ناڕوات، ئەوە گرنگە کە ئێمە پێشتر گەنج بووین، راستیەکەی ئەوەیە تەمەن چۆن وا خێرا دەڕوات، وەك رووناکی، لەگەڵ ئەوەی ئەو ژیانە جوان و باشە، نا، ئێستا زوویە ئێمە خۆمان بەدەستەوە بدەین بۆ مردن، ئێستا کاری زۆرترمان لەپێشە دەمەویَ زۆرترین ساڵ لەگەڵ تۆ بژیم...

ئەوکاتە خۆم قیت کردەوە و سەرم هەڵبڕی، سەیرێکی ئاسمانم کرد دڵم تێکرابوو، لە سەرانسەری ئاسماندا لە نێوان ئەستێرە درەوشاوەکان، وەك ئەو شەوە هەرگیز لەبیر ناکریَ، کاکێشانە زیوینەکە پانکرا بۆوە، هەر وەها بەڕای من وەك ئەوەی

وابوو کەسێك هەر ئێستا بە کۆڵەکایەکی تازەوە بەوێدا ڕۆیشتوە ڕێگاکەی کارێژ کردووە، لەو سەرەوە کایەکی زێڕی و گیا دەجولایەوە، هەتا لەنێوان کایەکەو زبڵ و زاڵ، دەنکەکان دەبینران، لە خۆمەوە کەوتمە یادی یەکەمین شەوی عیشق و جوانی ئەو وەرزێرە ئازایە کە ئاواتم بۆیدەخواست، بەسەر سوڕمانەوە لەبەر خۆمەوە دەمگوت: پەروەردگار ئەوەی ئارەزووم دەکرد پێیگەیشتم، بەڵێ، ئاو و زەوی مان هەبوو، ئێمە بۆ خۆمان دەیکێڵین و ڕەنێوی دێنین، دروێنە دەکەین و خەرمانی خۆمان گێرە دەکەین، کەواتە لەو شەوەدا یەکەم شت ئارەزووم دەکرد پێیگەیشتم. دیارە ئەوکات نەماندەزانی کە زەمانی نوێ و ژیانی نوێ بەو زووانە دەگەن، بەڵام دواتر دیتم کە خواستەکانی خەڵکی سادە بۆ زەوی و خواستی زەمانە و کرداری چاك و دادپەروەری تەواو هاوئاهەنگە. لەو کاتەدا کە لە خەیاڵاندا ڕۆچوو بووم، بێ جووڵە دانیشتبووم هیچم نەدەگوت. سۆڤانکۆڵ ئاوڕێکی دایەوە گوتی : تالگانای، نوستووی؟ یان ماندوو بووی. ئێستا دەگەینەوە ماڵێ. منیش خەریکە بێ تاقەت دەبم، دوای ماوەیەك بێدەنگی دووبارە پرسیەوە. باشتر نییە لەکۆڵانە تازەکەوە تێپەرین؟

- بۆچی، بابرۆین.

کۆڵانە نوێیەکە لە چۆڵەوانیەکی قەراخ گوندەکە دروستدەکرا، هێشتا نەببوو بەکۆڵان، پارچە زەویەك بوو کە بۆ تازە بوك و زاواکان جیا کرابۆوە بەش بەش کرابوو، لە هەندێ شوێن دیوار هەڵچنرابوون، پارچەیەك زەوییان لە کۆڵانەکە بۆ قاسم و ئالیمان دیاریکردبوو، ئێمەش دەمانویست سەرێکی لێدەین و ببینین کار گەیشتۆتە کوێ. ئاخر کاتێك خەریکی کۆکردنەوەی بەرهەمی ڕۆژانەین یەك خولەکیشمان کات نییە تا بتوانین کارێکی بۆ بکەین، قاسم ئالیمان و جایناك لە بەهاردا خشتیان دروستکردبوون، دیتم خشتەکان وشکبوونەوە هەموویان لەسەر یەك

هەڵچنیبوون، ئامادەکرابوون بۆوەستا، هەفتەی پێشوو لە رووبارەکە بەردیان بۆ بناغەی دیوارەکە هێنابوون، باشبوو کە توانیان پێش زۆربوونی ئاوەکە بەردەکان بێنن، بەردەکان لە حەوشەکە لەسەریەك دانرابوون، سۆڤانکۆڵ لەکاری گەنجەکان لە دروستکردنی خانوەکە زۆر رازی بوو دەیگوت:

- باشە، بۆ دەستپێکی کارەکە هەمووشتێکی ئامادەکردبوو، بەردی تەواومان هەیە لەوانەیە زیادیشبێ، بەروبوومان کۆ کردەوە، دیوارمان هەڵچنی سەرمان داپۆشی، وردە ئیشەکانیش لێدەگەرین بۆ بەهارێ تەواویان دەکەین، بەهەر شێوەیەك بێ تا زستانێ ناتوانین تەواوی بکەین. بەڕای تۆ بەچی دەگات، تالگانای، راستدەڵیم؟

ولآمم دایەوە: دیارە کە راستدەکەی یەکەمجار دەبێ دیواری ژێر میچکە بەرز بکەینەوە باقیەکەی بەئاسانی تەواو دەبێ، ئەوکات جایناکم کەوتەوە یاد و پێکەنینم هات، جایناکی ئێمە قەرارو ئارامی نییە ، بەردەوام دەیگو: کە لە کۆبوونەوەی بڕیارنامەدا نوسیوومە کە دەبێ ناوی ئەو کۆڵانە (کمسومولسکایا) بێ ئالیماش بێگوێی دەکرد لەگەڵی و دەیگوت: جایناك تۆ وەك مەلای مەنشوورەی، ئێستا منداڵەکە لە دایك نەبووە ناوی لێدەنێی، تۆ یەکەمجار بڕۆ ژن بێنە ماڵ پێکەوەنێ کۆڵان درووستبکە ئەوکات بیر لەناوەکەی بکەوە، جایناکیش یەك و دووی لەگەڵ دەکرد دەیگوت: تۆ هیچ لەو کارانە تێناگەی.

ئەوکات سۆڤانکۆڵ سەری بۆ دەلەقاند زەردەخەیەکی بۆ دەکرد و دەیگوت: راستە، جایناکی ئێمە هەروا بێ سەبرو حەوسەلە لە دایك بوە، بەلآم لەبارەی ناوی کۆڵانەکە هەق بەوە، چونکە ئەو هەموو خانووە تازانە مولکی گەنجەکانن، ئاخر ئەوانە گەشەدەکەن و ژمارەی دانیشتوانی ئاوایی ساڵ بە ساڵ زیاد دەبێ، لێرە جێگا تەنگ دەبێ و پێویستە گەڕەکی تازە درووستبکەین، ئەوەش کارێکی باشە، بەلآم کاتێك کۆڵان درووست بوو دەبینی کە کوڕەکەم راست دەکات.

لەو ساتەدا، کاتێك سەرگەرمی ئەو گفتوگۆیە بووین هیچ گومانمان بۆ نەدەبرد کە ئەو شەوە نەفرەتترین شەودەبێ...

## ٣

- سەرت هەڵبڕە، تالگانای، ئارامبە.

- چاو، دەبێ لەوە زیاتر چیبکەین، بڵێ تا ئەنجامی بدەم، وڵاتی خۆشەوسیتم، تۆ ئەو رۆژانەت لەبیرە؟

- لە بیرمە... من هیچ شتێك لەبیرناکەم، تالگانای، لەو کاتەدا کە دنیا هەیە شوێنی هەموو چەرخ و سەدەکانی پێوەیە لێم پاك نابێتەوە، هەموو مێژووش لە ناو کتێبەکان و بیرەوەری خەڵکیدا نییە، بەڵکو لە ناو بوونی مندایە، (وجود) ژیانی تۆش هەوەها، تالگانای، لە من و لە دڵی مندایە، گوێم لە ئەزموونەکانی تالگانا یە، قسەبکات ئەمڕۆ رۆژی تاقیکردنەوەیە.

## ٤

سەرلەبەیانی دوای رۆژهەڵات، نزیك چێشتەنگاو هێشتا هەتاو گەرمی نەکرد بوو، کە ئێمە دەستبەکار بووین، ئەو رۆژە دەمانویست بەشێك لەو گەنمە بدروینەوە کە لە سەرەوەی رووبارەکە بوو، زەویەکە جێگایەکی نالەبار و دژواری هەبوو دەراسەکە نەیدەتوانی بە دەوریدا بخولێتەوە، لاسکەگەنمەکان ماوەیەك بوو وشکببوو ئامادەبوو بۆ درویّنە، ئاخر گەنم لە کەنار دەشتەوە زووتر پێدەگات، بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئێمە دەستبەکاربووین دوو خەرمانمان تەواو کرد لە ناکاو لەو بەری رووبارەکە سوارێك دەرکەوت، سوارەکە لە پشت ماڵەکانی لای رووبارەکە هاتەدەرێ، لەکاتێکدا تەپو تۆزێکی زۆر لە دواوە بوو. رێك لە نێو قامیشەڵانەکە دەهاتە پێش، دیار بوو کەسێکی بەدواوەیە، ئەسپەکەی لە لێواری رووبارەکە سەری دەرهێنا، سوارەکەش لە ناو بەردەڵانی رووبارەکە غاریدەدا، ئێمەش خۆمان قیت کردبۆوە، بەسەرسورمانەوە بە خۆمان دەگوت: ئەوە چ شتێك وای لەو پیاوە کردووە خۆی لەسەر ئەو بەردانە تەخت بکات، خۆ پردی رووبارەکە  دوو کیلۆمەتری لە خوار ئێمەوە بوو؟ دەرکەوت کە سوارەکە گەنجێکی رووسیە. کە گەیشتە رووبارەکە هەی های لە ئەسپەکەی دەکرد تا لە ناو ئاوەکە دەربکات، ئێمەش لە ترسان لە جێی خۆمان وشك هەڵتبوین لە خۆمان دەپرسی: ئایا ئەو گەنجە شێت بووە یان دەیەوێت خوی بکوژێ؟ ئاخر لەو وەرزەدا ناکرێ گاڵتە بە رووبار بکرێ، ئێستا کاتی هەستانی ئاوە، ئەسپەکە هیچ، ئاوی رووبارەکە وشتریش لەگەڵ خۆی دەبا و ئێسکەکانیشی نابینێتەوە، ئەوکات هەموو هاوارمانکرد: ئەهای، خۆت لە ئاوەکە نەدەی، راوەستە، راوەستە. سوارەکە هەرچەندی هاواری دەکردو دەستی هەڵدێنا

بەڵام لەبەر خوڕەی ئاوەکە نەیدەهێشت ئێمە لەهیچ حاڵی بین، تەنیا دەنگی هات و هاتوو هاواری مان دەهاتەبەرگوێ.

ئا، ئا. ئا،ئا

ئێمە هیچی تێنەدەگەیشتین ئەو کاتە ئەسپ سوارەکە بەتوڕەیی قامچیەکەی لە ئاوەکەدەدا، لە ناکاو ئاوەکە ئەسپ و سوارەکەی لەگەڵ خۆی ڕادا، لە ناو شەپۆل و کەفی ئاوەکەدا سەری ئەسپەکە لەگەڵ گوێیەکانی و لمبۆزی کراوەی دیار بوو، سوارەکە بە هەردوو دەستی یاڵی ئەسپەکەی گرتبوو، کولاوەکەی لەسەری کەتبوە ناو رووبارەکە و لەناو شەپۆلەکان هەڵدەسوورا، ئێمەش هەموومان سەرگەردان بەملاو ئەولادا دەڕۆیشتین، ئاوەکە بەخێرایی سوارەکەی دەبرد، بەڵام ئەو لەگەل رووداوەکە دانایانە بۆ قەراخ دەچوو دوور لە ئێمە لە خواروتری ئاشەکە گەیشتە کەنار، هەموومان ئاهێکمان وەبەردا هاتەوە، هەندێکیان باسی ئازایەتی و توانای سوارەکەیان دەکرد، ئافەرینیان پێدەگوت. کەسێك گوتی: ئەوە کارێکی سادەو سانا نییە بابزانین ئەو سوارە کێیە؟ یەکێك بێگوێدانە هەمووشتێك وولامی دایەوە.

تەنیا گەمژەیەکی سەرخۆشە، کە لە شێتی خۆی هاویشتۆتە ناو ئاوەکە، ئێستاش دەتانەوێ بکەونە دوای.

ئەو قسەیە هەمووانی ئاسودەکرد، لە لایەکی ترەوە دەمانەوێ کاری رۆژانەی خۆمان تەواو بکەین، من بەخۆم دەگوت: راست دەکات پیاوی ئاقڵ ئاوا خۆی ناخاتە مەترسیەوە، کاتێك دەراسەکەی قاسم ئەو رۆژە زەویەکی نزیك (ئاسیا) مان دروێنە دەکرد لەناکاو دەنگی نەما و راوەستا، من هیچ گرنگیم پێنەدا، لەبەر خۆمەوە دەمگوت: لەوانەیە شتێکی شکابێ یا زنجیری ماشێنەکەی دەرچوو بێ

و لەکار کەوتبێ، زۆرم سەر لەو شتانە دەرناچێ، ئالیما کە زۆر لە من دوور نەبوو سەرقاڵی کاربوو لە ناکاو بەدەنگێکی ترسناك و دڵتەزێن هاواری کرد.

دایکە.

غارمدا بۆلای سەیرمکرد رەنگی پێوە نەمابوو داسەکەی لەدەست کەوتبوە خوارێ.

چیبووە؟ چی روویداوە؟ مار پێیوەداوی؟

ئالیمان بێ دەنگ بوو، کاتێك سەیری چاوە ترسناکەکانی ئەومدەکرد وشکبووم حەپەسام، لە نزیك دەراسەکەوە هەندێك هاواریان لێهەستا، خەڵك بەسوار و بەپیادە لە هەموو لایەکەوە لەسەر لاسکە گەنمەکان دەرۆیشتن و هەندێکیشان لەسە عارەبانەکەوە راوەستا بوون ئەسپەکەیان لێ دەخوڕی.

ئالیمان گوتی: دایکە دیارە شتێك روویداوە، بەرەو خەڵکەکە و ئاسیا دەرۆیشت، دواتر دەنگێکی ناخ هەژێنمان گوێ لێبوو.

- دیارە بەدبەختێك چۆتە ناو دەراسەکە یان لوولەی کاکوتەکە، بابرۆین.

ئەوکات پاڵەکان هەموویان کەوتنە دوای ئالیمان،.

منیش رۆیشتم دەستم بۆ ئاسمان بەرز کردەوە دەمگوت: خودایە بەزەیت پێماندا بێتەوە، خودایە بەزەیت پێماندا بێتەوە، بەرێگاوە دەرۆیشتم کەوتم، هەستامەوە دووبارە کەوتمەوەرێ، ئای ئەو رۆژە چەند بەناو گەنمیدا رۆیشتم، دەمویست هاوار بکەم و منیش بگەمەوێ، بەڵام نەمدەتوانی دەنگم نوسابوو.

ئاخیرەکەی گەیشتم سەیرم کرد ئاپۆرای خەڵکەکە دەوری دەراسەکەیان دا بوو، دەنگە دەنگیان بوو، هیچم گوێ لێنەبوو، هیچ تێنە گەیشتم، لەناو ئاپۆراکەوە خۆم خزاندە پێشەوە و گوتم: رێگامبەدەن.

خەڵکەکە دەکشانەوە ڕێگایاندام، کاتێك لە دەراسەکە نزیك بوومەوە تالیمان و قاسم لە پەنای یەکتر بوون، وەکو کوێر بەدەستە لەرزۆکەکانم، بەرەو کوڕەکەم چووم دەستم گرت، وەك ئەوە وابوو کە دەنگی لە دوورەوە ببیستم، کە دەیگوت:

-جەنگە، دایکە.

بەسەر سوڕمانەوە سەیرمدەکردو وەك ئەوەی تێنەگەم هەستم نەدەکرد ئەو وشەیە یانی چی.

-جەنگ؟- دووبارە پرسیمەوە. گوتت جەنگ؟

وڵامی دامەوە: بەڵێ دایکە، جەنگ دەستی پێکرد.

بەڵام من هیچ سەرم لەو وشەیە دەرنەدەکرد، کە چ شتێك خۆی لە پشتی ئەو وشەیە حەشارداوە.

جەنگی چۆن؟ بۆچی جەنگ؟ گوتت جەنگ؟ منیش ئەو وشەیە سەیرو سەمەرە و ئەو وشە ترسناکەم دووبارە دەکردەوە.

دواتر لە پڕدا ترس سەرتاپای گیانی داگرتم لە بیستنی ئەو هەواڵە خێرایە کەوتمە گریان.

فرمێسك بە ڕووخسارمدا هاتە خوارێ، ژنەکانیش کە چاویان بەمن کەوت هەموویان بەقیژە قیژکەوتنە گریان.

دواتر دەنگی پیاوێك هات: ئەوە چ خەبەرە، ئارامبن، بێدەنگ بن.

هەموویان بێدەنگ بوون، وەك ئەوەی هەموو چاوەڕێی بوون ببینن ئەو کابرایە دەڵێ چی، دەیویست بڵێ ئەو خەبەرە درۆیە، بەڵام ئەو هیچی نەگوت. کەسیش چی نەدەگوت، هەموویان بێ دەنگ و ئارام بوون، کە خوڕەی ئاوی ڕووبارەکە بە باشی دەگەیشتە گوێمان.

یەکێك هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و جولا، هەموو گوێیان قولاغ کردبوون بەلام دیسان هیچ کەس نەقەیەکیان لێوە نەهات، دووبارە ئەو بێدەنگیە باڵی بەسەر ئەو دەشتەدا کێشابوو، کە تەنیا لەو گەرمایە هەر مێشوولە دەنگی دەهات، ئەوکات قاسم چاوێکی لە خەڵکەکە کرد کە لە دەورو بەری کۆ ببوونەوە، بەهێواشی گوتی:

- ئێستا دەبێ بەزووترین کات خەرمانەکە کۆبکەینەوە ئەگەر نا دەکەوێتە ژێر بەفر.

قاسم ماوەیەك بێدەنگ بوو، دواتر سەری باداو بە شاگردەکەی گوت،: بۆچی راوەستاوی؟ دەڕاسەکە پێبکە ئێوەش ئاوا مات و مەلوول مەوەستن. دەنا نا توانین خەرمان کۆکەینەوە، هەموویان تووشی نارەحەتی دەبین، یالا خەریك بن بچنەوە سەر کاری خۆتان، خەڵکەکە دەستیان بە جووڵە کرد، ئەوکاتە چاوم بەو کوڕە رووسیە کەوت کە لە پشت رووبارەکەوە هاتبوو. کە جلەکانی سەرتاپا تەڕ ببوون، بۆخۆی راوەستابوو ریشمەی ئەسپێکی بۆرەی لەدەستی دابوو.

کاتێك خەڵکەکە پەرتوبلاودەبون، گەنجە پەیام هێنەرەکە دەتگوت هاتۆتەوە هۆش خۆی پرچە قاوەییەکەی هەڵێنا دەستی کرد بە توونـدکردنی تەنگەی ئەسپەکەی. من لەو ساتەوە سەیرمکرد کە ئەو کوڕێکی جوان و هاوتەمەنی جایناکی من بێ، ئەو بالای بەرز ترو شانی پانتربوو، پرچەکە تەڕەکانی کەوتبووە سەر کاکۆڵی ناو چاوانی پێیەوە نوسابوو، لەسەر روخساری چەند رووشاویەکی پێوە دیار بوو، ئێستاش لە چاوەکانی مندالانەکەیدا لەو ساتەداهەستم بەرەنج و ماندووبون دەکرد. کە هەمان رۆژ و بەیانی، ساتی لاوی بەجێهێشتووە بووە بەپیاو، لاوەکە ئاهێکی قووڵی هەڵکێشاو لەکاتێکدا کەسواری ئەسپەکە دەبوو، بە یەکێك لە کوڕەکانی گوندەکەی ئێمەی گوت:

گوێبگرە کاکە هەر ئێستا بە ئەسپەکەتببەو برۆ، بەڕێوەبەری کۆڵخوز و سەرۆکی گروپ بدۆزەوە کە پێیان بڵێ کە بەخێرایی کۆمیتەی حزب ئاگادار بکەن، من بە پەلەم دەبێ دوو کۆڵخوزی تر ئاگادار بکەمەوە، دواتر خۆی هەڵدایە سەر زینەکە، لغاوی ئەسپەکەی راکێشا.

ئەو لاوەی کە قسەی لەگەڵ دەکرد پێشی بە ئەسپەکەی گرت و گوتی:

- راوەستە ئەو کلاوەی من بگرە و بیخەسەرت، چونکە کلاوەکەی تۆ ئاو بردی و تیشکی رۆژەکە سەرت دەسوتێنێ، ئێمە ماوەیەك راوەستاین چاومان لە پەیامهێنەرە لاوەکە دەکرد، دەمانبیست کە رێگا وشکەکە چۆن لەژێر سمی ئەسپە بۆرەدا، کە وەك مریشك هەڵدەبەزیەوە سوارەکە بەخێرایی لەناو تەپ و تۆزەکەدا بزربوو، بەڵام ئێمە هەر لە نزیك رێگاوە راوەستا بووین، لە وانەیە هەر کەسەو لە خەمی کاروباری داهاتووی خۆی بێ، بەڵام کاتێك دەنگی دەڕاسە و تراکتۆرەکە بەرز بۆوە خەڵکەکە لە ناکاو جولان و سەیرێکی یەکتریان کرد.

لەو کاتەوە ژیانێکی نوێ دەستیپێکرد، ژیانی شەڕ.... دەنگی شەڕ ناگاتە گویی ئێمە، بەڵام لێدانی ترپەی دڵ و سەرو سەدای خەڵکیمان دەبیست، لە تەمەنی خۆمدا گەرمای ئاوا تاقەت پڕوکێنم نەدیت بوو، ئاو و رۆنت لەسەر بەردێك رۆکردبا دەیکولاند، گەنم لە خۆیەوە لە سێ بۆ چوار رۆژ پێگەیشت، لاسکەگەنمەکان وشك و زەرد ببوون لەو دەشتە بەرینەوە چاوەروانی دروێنە بوون، نیعمەتیکی زۆر باشبوو، جەرگم دێشا بۆ ئەو نیعمەتەی کە لەو دەشتە بە هەدەر دەڕۆیشت، بەشێکی زۆر دەکەوتە ژێر پێیان لە رێگادا پەرشوبڵاودەبوون. ئێمەش ئەوەندە بەپەلە پەل کارمان دەکرد کاتی ئەوەمان نەبوو خەرمانی دروێنە کە دەستە دەستە بپێچینەوە، تەنیا دەمانتوانی بەشەنە هەڵیدەینە ناو عارەبانەکەو بەخێرایی دەمان خستە ماشێنی کۆمپاینەکە ، یان دەمانبردە سەر خەرمان، ئاخمان

هەڵدەکێشا کە چەند گەنممان لە ڕێگاکە لێ ڕژاوەو بەهەدەر چووە، باشە ئەوە هەر هیچ نییە لە چاو ئەوەی خراپتر ئەوەیە هەر ڕۆژەی بەشێکیان بۆ جەنگ دەڕۆیشتن و ئەوانەی دەمانەوە کاریاندەکرد، ئەو کاتەی لە قرچەی گەرمای ڕۆژو شەوانی کپ و بێدەنگ لەکاری دروێنە و کۆمپاینەکە و عارەبانە، هەموویان بێئەوەی خەو و خۆراکیان لەبیربێ، ئەوەندە کاریاندەکرد تا لەپەل و پۆ دەکەوتن، کارەکەش ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبوو، چونکە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی پیاوەکان لەکەمی دەدا، قاسم، کوڕە بێبەختەکەم بیری لەوە دەکردەوە دەبێ بتوانێ بەتەنیا هەمووکارەکانی رایی بکات: دروێنە و کۆمپاینەکە بزانێ کارەکە چۆن دەبێ، درێژەی دەکێشێ و قاسمیش لەگەڵ دەراسەکەی هەمیشە لەو دەشتەی دەبێ. دەڕاسەکە شەو و ڕۆژ دەنگی دەهات، پارچە پارچە گەنمی دەپێچایەوە و لە تەپ و تۆزی گەرمادا لە شوێنیکی زەویوە بۆ شوێنێکی تری زەویەکەی دەبرد، بە درێژایی ئەو ڕۆژانە قاسم لە دەراسەکە نەهاتە خوارێ و لە پشتی سووکانەکە دوور نەکەوتەوە، بەدرێژایی ڕۆژ لەسەر کوشنی دەراسەکە بوو، وەك هەڵۆ تەماشای ئەو هەوا گەرمەی دەورووپشتی دەکرد کە ئێستا نەدرابوو، هەر کاتێك سەیری دەم و چاوە سووتاوەکەو کوڵمە دا چۆڕاوە پڕ لە مووەکانیم دەکرد کزەم لە جەرگی دەهات، دڵم ژانی دەکرد بۆی، هەمیشە بیرم لێدەکردەوە: وای کورەکەم لەژێر ئەو گەرما تاقەت پڕوکێنە ناکەوێ لە ئیش، لە بەینچوو، بەڵام جورئەتی ئەوەم نەدەکرد ئەوە بەکوڕەکەم بڵێم، لە چاوەکانی را دیار بوو کە پاشەکشە ناکات و دەست لە کارەکەی هەڵناگرێ تا دوا ساتی دروێنەکە بەردەوام دەبێ .

ئاخیرەکەی گەیشتینە کۆتایی، ڕۆژێکیان ئالیمان چوو بۆ لای و لەگەڵی دانیشت و دواتر گەڕایەوە، بەهێواشی پێیگوتم:

ئاگادارییەکیان بۆ ناردووە.

پرسیم: کەی؟

- هەر ئێستا، پۆستەچی کۆڵخوز ئاگادارکردنەوەی داوە دەستی.

دەمزانی زوو یا درەنگ نۆرەی قاسمیش هەردێ، وەك ئەوانیتر بەرگی سەربازی بپۆشێ، لەگەڵ ئەوەی کاتێك ئەو هەواڵەم بیست قاچەکانم کەوتنە لەرزە و سست بووم، دەستە زەحمەتکێشەکانم هەمان دەردیگرت داسەکەم دانا لەسەر زەویەکە دانیشتم.

دوای ماوەیەك کە زۆر بە زەحمەت هاتمەوە سەرخۆ لێوەکانم هەر دەلەرزین گوتم: باشە قاسم ئیتر چی دەکەی لێرە، پێویستە خۆت ئامادە بکەی بۆ رۆشیتن.

- گوتی لای ئێواری دێم ، باشە دایکە، من دەرۆم، تۆ بە باوکم بڵێ. کە ئەمرۆ جایناك هیچ سەرو سۆراغی نییە، لە کوێیە؟

پێمگوت: برۆ ئالیمان، برۆ، هەویرەکە بشێلە، منیش ئێستا دێم. بەڵام من ماوەیەکی زۆر بوو لەسەر زەویەکە دانیشتبووم. توانای ئەوەم نەبوو لەچکەکەم هەڵگرمەوە کە لێم کەوتبوە خوارێ، ئەوکاتە چاوم بە ریزەوی مێروەکان کەوت، کە بەدوای یەکەوە بەریز دەرۆیشتن، ئەوانە هەموو هەوڵیان دەدا، کە کاو دانەکە بۆ لانەکەیان دەکێشایەوە، بێئاگا لەوەی کە لە تەنیشت ئەوانەوە کەسێکی دڵ بەخەم، کەسێکی زەحمەت کێش، کە زەحمەتەکەی ئەویش لە هی ئەوان کەمتر نییە هەتا لەو کاتەدا ئیرەیی بە مێروەکانیش دەبرد، بەوەی کە ئەوانە بەئارامی و دڵێکی ئاسودەوەبە دوای کاری خۆیانەوە بوون، ئەگەر جەنگ نەبووایە من ئیرەیی چیم بە ژیانی مێروەکان دەبرد؟ مایەی شەرمە.

هەمان کات جایناك بەسواری گالیسکەکەی گەیشت، ئەو لەو رۆژانەدا بەگالیسکەکە گەنمەکەی بۆ وێستگەی شەمەندەفەر دەبرد، دیاربوو،

ئاگاردارنەوەکەی براکەی زانیبوو، بەدوای مندا هاتبوو، جایناك لە گالیسکەکە خۆی فڕێدا خوارێ و لەچکەکەی بۆ هەڵگرتمەوە و خستیەوە سەرم، دواتر باسکی گرتم هاوکاری کردم تا راستم کاتەوە، گوتی:

دایکە بابڕۆینەوە ماڵێ.

بەبێ ئەوەی قسەبکەین وەرێکەوتین، لەو ماوەیەدا جایناك بەتەواوی گۆڕا، روخساری دڵتەنگی پێوە دیار بوو، کاتێك سەیرم دەکرد ئەو لاوە روسیەم بیردەکەوتەوە کە پەیامەکەی هێنابوو، وەکو ئەو جوانکیلەبوو. هەمان حاڵەتی جدی و دانایی لە چاوەکانی ئەوم بەدی دەکرد، لەو رۆژانەدا ئەویش ماڵئاوایی لە هەرزەکاری کردبوو، زۆرێك لە لاوەکان لەو ساتانەوە دەستیان لە لاویەتی هەڵگرتبوو، بەهەمان شێوە لە خەیاڵی جایناك دا بووم، بیرم کەوتەوە کە ماوەیەکە هیچ خەبەرێك لە ماسل بەك نییە، بە خۆم دەگوت: چی بەسەر هاتووە؟ لەوانەیە ئەویشان بۆ سەربازی رەوانەکردبێ، بۆچی نامەیەك نانێرێ، ئایا ناتوانێ دوو وشەش لە سەر سەلامەتی خۆی بنێرێ؟ دەبێ دەستی لە ماڵ و حاڵی خۆی هەڵگرتبێ، دایك و باوکی لەبیرکردووە، سۆزی دایکی لەیاد کردووە، باشە ئەوە ئێستا چ خوێندنێکە؟ باشترە بگەڕێتەوە ماڵێ، ئێستا لەوێ ماوەتەوە چیبکات.

بۆیە لە جایناکم پرسی:

- جایناك تۆ کە چویتە وێستگەی شەمەندەفەر لەوێ گوێبیستی چی دەبی؟ ئایا خەبەر نییە کە بەمزوانە جەنگ تەواو بێ؟

جایناك وەڵامی دایەوە، نەخێر، دایکە، بەو زووانە نا ، حاڵ و باڵی خۆمان زۆر باش نییە، ئەڵمانیەکان هەر دێنە پێش، ئەگەر سووپای ئێمە لە شوێنك خۆی بگرێت و گورزێکی کەمەر شکێنیان لێدا ئەوکات نۆرەی پێشڕەوی بۆ ئێمەیە، پێموایە بەمزوانە ئەوە روودەدات، ماوەیەك بێدەنگ بوو، ئەسپەکانی دەنگدا، دواتر

چاوێکی لێکردم و گوتی: دایکە دەترسی؟ زۆر دەترسی، ها؟ بیری لێ مەکەوە، پێویست ناکات خۆتی پێوە سەرقاڵ بکەی،  خۆتی پێوە نارەحەت مەکە، هەموو شتێك باش دەبێ، خۆت دەیبینی.

ئای رۆڵە سادەکەی من، دڵی بە من دەسووتێ، ئەو قسانەی دەکرد تا خەیاڵی من ئاسودەکات. ئاخر دەکرێ بیری لێنەکەینەوە،  گوێچکەکانم و چاوەکانم ببستن و ببینن ناتوانم بێ خەیاڵ بم.

کاتێك گەیشتمەوە ماڵێ دیتم ئالیمان دانیشتووە دەگری، هەویرەکەشی نەشێلاوە، رقم لێیهەستا دەمویست ئابرووی بەرم و پێیبلێم: چیتە؟ مەگەر تۆ چیت لەوانیتر باشترە، هەموویان بۆ بەرەی شەڕ دەچن، خۆ تەنیا هەر مێردی تۆ نییە. ئەوە یانی چی. کە وەك بێوەژن دانیشتووی و دەگری، ئاوا نابێ، ئەی لە مەو بەدوا چۆن بژین، بەڵام ددانم بەخۆمدا گرت و هیچم پێنەگوت، دڵم بەجوانیەکەی سوتا، لەوانەیە هەر لەخۆیەوە، لە وانەیە باشتربا هەر لە یەکەم رۆژەوە بەتووندی رەفتارم کردبا، بۆ ئەو شەوەی لەدوایدا بۆ ئەو ئاسانتربا، نەمزانی لەبەرچی بەڵام ئەو رۆژە هیچم پێنەگوت.

قاسم ئێوارەیەکی درەنگ کە خەریکبوو تاریك دادەهات گەیشتەوە ماڵێ، لە ناو دەرگا پەیدا بوو ئالیمان کە دەیویست چراکە داگیرسانێ، بەگریانەوە بەرەو رووی چوو دەستی لە ملی کردو گوتی :

- ناتوانم لیرەبم بێتۆ ناتوانم بمێنمەوە لێرە، لە خەفەتان دەمرم.

قاسم کە لەلای دەڕاسەکەوە هاتبۆوە ماڵێ هەمووگیانی پڕ تەپ و تۆز و رۆنە رەشە بوو، دەستی ژنەکەی لەسەر شانی داگرت و گوتی:

پەلەمەکە، ئالیمان من زۆر پیسم، سابوون و خاولیم بۆ بێنە، بڕۆمە رووبارەکە خۆم بشۆمەوە.

ئالیمان گەڕایەوە چاوێکی لێکردم، لێی حاڵی بووم دەڵێ چی، ستڵە بەتاڵە کەم دایە دەست ئالیمان گوتم:

تۆش برۆ ستڵە ئاوێك لە رووبارەکە بێنە.

شەو بەدرەنگەوە لە رووبارەکەوە هاتنەوە، مانگیش خەرمانەی دابوو. منیش ئیش وکاری ماڵەوەم دەکرد و جایناکیش هاوکارم بوو، نزیکی نیوە شەو بوو، سۆڤانکۆڵ پەیدا بوو، من هەرچاوەڕێ بووم بیرم لەوە دەکردەوە لەکوێ ونبووە. نەڵێی ئەسپەیاڵ رەشەکە بە رۆژ چۆتە کێو گوڵمیخی هەڵهکێشاوە و مێگەلی هێناوەتەوە، کاتێك ئەو ئەسپەمان بۆ قاسم کڕی، کە تازە بەکارمان دێنا لەگەل تراکتۆرەکە کار بکات، کە کڕیمان وێرغەیەکی باشبوو، توندڕۆ بەسمە پتەوەکانی و لاقە سپیەکان ، ئەو وێرغەیە لە تەواوی گوندی دەنگی دابۆوە، کچەکان گۆرانیان بۆ دەگوت:

دەنگی چوارناڵی وێرغە ببیستین

بۆسەیر کردنی دێن و دەوەستین..........

دوو رۆژ پێش رۆیشتنی کوڕەکەی سواری ئەسپی وێرغەکەی بێ و ماڵائاوایی لێبکات.

بەیانی زوو ئێمە هەمووماں لە گوندەوە بەرەو سەربازگەکە بەڕێکەوتین، من و ئالیمان بە گالیسکەکەی جایناك و قاسم و باوکیشی سواری ئەسپەکانی خۆیان بوون، ئەو رۆژە رۆژی خۆبەخشەکانبوو، خەڵکێکی زۆر دیار دەکەوتن، رێگای چەورێژ لە بەر زۆری خەڵك کە سەرێکی لە دۆڵی گەورە بوو سەرەکەی تریشی دیار نەبوو، هەمووی هەر رەشایی بوو، خەڵك لە هەموو گوندەکانەوە بەئەسپ و مانگاوە دەهاتن، جێگەیەکی چۆڵت بەدی نەدەکرد لە ناوەندی ناحیەوە لەبەر زۆری خەڵك و گالیسکە، ژن و منداڵ گەورە و بچووك هاتبوون، هەموویان

دەوریـان لـە خزمـەکانی خۆیـان دەوریـان دابـوو یـەکێك دەگریـا، ئـەویتر مەسـت و سـەرخۆش بـوو، لـە خـۆوە نـەیان گوتـوە: گـەل دەریایـە هـەم کـەناری هەیـە هـەم قوڵایی، لاوەکان و سوارەکان بەوپەڕی ئازایەتی و دلێری دەبینران، کە بە ورەیەکی پۆلاینەوە ئامادەی جەنگبوون، بەگفتوگۆی شیرین و خۆشییەوە خەڵکەکەیان سەر گەرم و خۆشحاڵ دەکرد، گۆرانیان دەگوت بە ئاوازی ئۆکۆردیون سەمایان دەکرد، گۆرانییــە قیــر قیــزی و رووســی نــۆرە بــەنۆرە دەگــوتران، بــەڵام گــۆرانی (کاتیۆشـا )هەرهەموویان دەیـان گووتـەوە، ئـەوکات بـوو کـە ئـەو گۆرانییـەم گـوێ لێبوو.

خۆبەخشـەکان هێنـدە زۆر بـوون کـە لـەناو حەوشـەی گـەورەی (سـەربازگە)جێگان نەدەبۆوە، بەم شێوەیە ئەوانەیان لە شەقامە گەورەکەی گوند ریز کردبوون، کاتێك دەستکرا بە ناو خوێندنەوە، هەرکەسە بەناوی خۆی و ناوی بنەماڵەکەی بانگیان دەکردن، هیچ کەس دەنگی لێوە نەدەهات، هەناسەیان تەنگ ببوو، کاتێك سەیری ریزی خۆبەخشەکانم دەکرد، کۆڵەگریم لە ئەوکێ مابوو، هەموو ئەو لاو و سوارانە هەڵبژرادە بوون، ئەوانە دەیانویست بە درێژایی ساڵ کار بکەن، هـەر جارەی کـە ناوی یەکێك دەخوێنرایەوە وەڵامی دەدایەوە(ئامادە) چاوێکی لەلای ئیمە دەکرد، کاتێـك بیسـتم : قاسـم کـوڕی سـۆڤانکۆڵ لـە خۆمـەوە کەوتمـە لـەرزە و ئـەوکم گیرابـوو، خـەریك دەبـوو بخنکێم، قاسـم وەڵامـی دایـەوە (ئامـادە) ئالیمـان توونـد دەستی گرتم، بە هێواشی گـوتی: دایکـە، ئێمـە دەتـوانین چیبکـەین، دیـارە حاڵی بـووم، دابڕانـی هاوسـەرەکەی لـە ئالیمـان زۆر گـران و ترسـناکە، بـەڵام لـەو رۆژە بەدبەختانەی ئێمەی تێکەوتوین مەگەر دەکرێ لەو رووداوانەی هەنە خۆمان لە خەڵکی جیا بکەینەوە، ئەلیمانیش لەوە حاڵی بوو کە ئەوە پێویستی جەنگە بۆ

رزگار کردنی وڵات پێویستە، ئای ئالیمان، ئالیمانەکەم، لە هەموو ژیانم هیچ ژنێکم نەدی بەئەندازەی ئەو، هاوسەرەکەی خۆشبوێ.

ئێمەش هەمان رۆژ گەڕاینەوە گوندی، زانیمان کە ناوەندێکی شەوانە رۆژی بۆ سەربازەکان بۆ شوێنی کارەکەیان ناردووە. قاسم ئێمەی رازیکرد کە بگەرینەوە ماڵێ، چ پێویست دەکات لێرە خۆتان ماندوو دەکەن، بگەڕێنەوە، کاتێك بەرێدەکەوتم لەسەر رێگاکە سەرێکی لێدەدەین و ماڵئاوایی لێدەکەین. باشە کە کۆڵخۆزی ئێمە لەسەر رێگای خۆمانە، ئەسپەکەی سۆڤانکۆڵمان بۆ ئالیمان هێنا، هەندێکی تریشمان بەگالیسکە گەڕاینەوە، جایناك هەر لەوێ مایەوە پێویست بوو بەگالیسکەکەی خۆی بەشێك لەسەربازەکان بگەێنێتە وێستگەی شەمەندەفەرەکە.

کاتێك گەڕاینەوە ماڵێکی چۆڵ و هۆڵ، ئیتر هیچ شتێکم لە دەست نەما فرمێسکەکانم هاتنە خوارێ، سۆڤانکۆڵ چایەکەی دەمکرد، چایەکی پڕ رەنگی بۆ تێکردم، دواتر لە تەنیشتم دانیشت.

گوێبگرە، تالگانای، بۆ لەبیرت چۆتەوە، چەندە دەست کورت و هەژار بووین، ئێمەش لەگەڵ ئەو خەڵکە گەیشتینە ئیرە. کەواتە بائێستاش خۆشی و ناخۆشیەکانمان لەگەڵ ئەو خەڵکە بەشبکەین. کاتێك کە وەزع باش بوو هەموومان رازی بووین، بەڵام ئێستا ئەگەر کەسێك بیەوێ تەنیا بیر لە خۆی بکاتەوە و تەنیا بۆ چارەرەشی و بەدبەختی خۆی بگری ئەوە کاری مرۆڤی راست نییە. تا بەیانی خۆت راگرە، ئەگەر ئالیمان گریەو زاری بکات شتێکی ترە، ئاخر ئەوەی من و تۆ لە ژیان دیتوومانە ئەو نەیبینیوە، لەوەگەڕێ تۆ دایکی، ئەوەت لەبیر نەچێ، ئەوەش بزانە ئەگەر ئەو جەنگە درێژە بکێشێ منیش بڕۆم بۆ شەڕ، ماسلبەکیش بۆتە گەنجێکی تەواو لە وانەشە ئەویش رەوانە بکەن، ئەگەر پێویست

بکات هەمووومان دەچین. کەواتە تالگانای بۆ هەمووشێك ئامادەبە. لەگەل هەمووشتێك رابێ...

دوا نیوەڕۆی رۆژی دواتر رەوانەکردنی سەربازەکان دەستیپێکرد. قاسم و ئالیمان سواری ئەسپ بوون لە ریزەکەوە بوون، رێگەیان بەقاسم دابوو بۆ ماڵئاوایی بێتەوە ماڵێ، چاوەکانی ئالیمان ئاوسابوون، دیار بوو کە بەدرێژایی رێگاکە هەر گریابوو، قاسم دەیویست بەسەر خۆیدا زاڵبێ، بەهێزبێ بەڵام بۆی ئاسان نەبوو، ئەو رۆژە نەمزانی بۆچی قاسم هاتەوە ماڵێ لە ئەسپەکە هاتە خوارێ، پێیگوتین: کە پێویست ناکا تا لای وێستگەی شەمەندەفەرەکە لەگەڵی بن ، دەیگوت پێوستە بگەڕێنەوە ماڵێ و خەریکی کاروباری خۆتان بن، چونکە بڕیار درا بوو کە شۆفیری دەڕاسەو تراکتۆرەکان بانگ نەکرێن تادوای دروێنە و کۆکردنەوەی خەرمانەکان، ئەگەر فەرمانەکە هەر ئەمرۆ بگات ئەوان لە وێستگەی شەمەندەفەرەکە بگەڕێنەوە. ئەم رۆژە نەمدەزانی قاسم ئەوەی بۆ دڵخۆشی ئالیمان دەیگوت یان بەراستی بوو، کە ئەوەیان پێگوتوونە، ئێستا تێگەیشتم کە ئەوەی بۆ دڵسۆزی بە حاڵی ئالیمان و ئێمەی دەگوت، چونکە رۆژەرێیەك بوو بەسواری تا وێستگە . لە گەڕانەوەدا پێش جیا بوونەوە مان لە قاسم بەردەوام ئالیمان بەدرێژای رێگاکە فرمێسکی هەڵڕشت، منیش لەگەڵ گریانی ئەودا دەگریام، ئەو رۆژە بڕوام بەقسەکەی قاسم کرد، کە دەیگوت: تا کاتی مردن هیوا لە مرۆڤدا هەیە، بەڵام کاتێك لەماڵ هاتینە دەرێ لەگەڵ قاسم تاسەری رێگاکە لەگەڵی بووین تا بەڕێی کەین، لە سەرێگاکە ئەوانەی خەریکی کاری کشتوکاڵ بوون ماڵئاواییان لە قاسم دەکرد، پاڵەکان گالیسکە لێخورەکان کاکوتە کان و هەموویان لە دەوری قاسم بوون، دەڕاسەکەش لەو نزیکانە بوو، هاوکارانی قاسم دەراسەکەیان جێهێشت هاتنە لای قاسم تا ماڵئاوایی لێبکەن .

دەیانگوت: ئاسنگەر کاتێك بۆ شەر دەچێ ماڵئاوایی لە چەکوچ وسندانەکەی دەکات، قاسم خۆی هەم وەستا و هەم ئاسنگەری خۆی بوو، کاتێك دەڕاسەکە وەستا قاسم کە سەرقاڵی قسەکردن بوو لە گەڵ گوند نیشنەکان چاوێکی لە ڕێگاکە کرد، لەو ساتەدا بەریزی بەرگری میلییەکان لەژێر ئاڵای سوردا، بەگالیسکەو ئەسپەکان لە سەر جادەکە دەبینران، ئێستاکاتی بوو.

قاسم جڵەوی ئەسپە وێرغەکەی دایە دەستی باوکی، خۆشی بۆ لای گالیسکەکە رایکرد، لە دەوری هەڵسوڕاو تەماشای هەموولایەکی کرد، دواتر لەناکاو خۆی خستەسەر کوشنەکەی گوتی: ئاشنکول. یاڵلا لێخورە.

دەڕاسەکە تا ئەوکاتەی کاری دەکرد، دەنگی بەزەحمەت دەبیسترا بەگڕگڕکەوتبوو نە دەنگ و هەرا. گالیسکەکە دەناڵێنێ زنجیرەکانی بە پێشدا خزابوون، لە لوولەی کاکوتەکە تۆفانی کا دەهاتە دەرێ، لەوێدا گالیسکە کە بەسەر لاسکە گەنمەکان کەوت، قاسم دەم وچاوی لەلای با گەرمەکە کرد، پێدەکەنی شانەکانی بۆ دواوە دەبرد، واپێدەچوو هەمووشتێکی لەبیر چووبێتەوە، ئەوکاتە قاسم و تراکتۆرەکەی وەك ئەوەی دەربارەی شتێکەوە بەدەنگێکی بەرز قسەبکەن، سەری دەلەقاند، دواتر لەکۆتایی گوڵەگەنمەکاندا دووبارە کەوتەرێ، گالیسکە کە وەك باڵندەیەکی دەشتی لە گوڵەگەنمدا دەفری، هەموومان بۆساتێ جەنگمان لەبیر کردبوو، لە حاڵەت و روخسار و چاوەکانی خەڵکەکدا خۆشی بە دیدەکرا، ئالیمان لە هەموویان خۆشحاڵتر دەکەوتە بەرچاو، بە هێواشی بەرەو دەڕاسەکە دەڕۆیشت و بە هیواشی پێدەکەنی، دەڕاسەکە راوەستا و ئێمەش سەر لەنوێ خەمبار بووینەوە، بەکتاشی کوڕی ئایشێی دراوسێمان، کە کوڕێکی مێرمنداڵ بوو، ئەوکات لە گرووپی کۆکردنەوەی کا کاری دەکرد، خۆی گەیاندە قاسم و ماچیکرد ، فرمێسکی دەڕشت، منیش لێوەکانم دەکرۆشت، دەمویست لە

دڵەوە هاواربکەم بەڵام قسەکەی سۆڤانکۆڵم کەوتەوە یاد، بەئاستەم توانیم ددان بەخۆمدا بگرم، قاسم بەکتاشی بە دەستەکانی بەرزی کردەوە و ماچیکرد، دواتر ئەوی خستە پشتی سووکانەوە و خۆشی بە هێواشی لە قادرمەکانی هاتەخوارێ، ئێمەش دەورمانلێدا، ماڵئاوایی لە هاوکاران و یاریدەدەرکانی خۆیکرد. ئیتر پێویست بوو پەلە بکات، چونکە ریزی سەربازەکان لە جادەی گەورە گەیشتبوونە لای ئێمە.

بەمشێوەیە ئێمەش قاسممان بەرێکرد، کاتێك قاسم دەیوست سواربێ ئالیمانی بەستەزمان بێبەخت گەڕایەوە بەبێ ئەوەی گوێ بداتە گەورە و گچکە هاواری لێهەستاو دەستی لە ملی هاوسەرەکەی کرد، ئیتر بێ ئەوەی بزانێ ڕەنگی روخساریەوە نەمابوو، تەنیا چاوەکانی دەدراوشانەوە، ئێمە بەزۆر توانیمان لە یەکیان جیابکەینەوە، بەڵام ئەویان لە چەنگی ئێمە دەرباز دەکرد و بۆلای هاوسەرەکەی دەگەڕایەوە، هەموو جارێك وەك منداڵێکی بچوك دەستی قاسمی رادەکێشاو نەیدەهێشت سەرکەوێ، هەموان لێیدەپارانەوە:

راوەستە، یەك دەقیقە، یەك دەقیقەی تر راوەستە.

قاسم ماچی کرد و دڵنەوایی دەدایەوە.

ئالیمان، وامەگری، من بەیانی لە وێستگەوە دەگەڕێمەوە..

دەگەڕێمەوە باوەڕم پێبکە.

ئەوکات سۆڤانکۆڵ بە بووکەکەی گوت:

- ئالیمان تۆش بڕۆ لەگەڵی تا کەناری رێگاکە . ئێمە لێرەوە ماڵئاوایت لێدەکەین، ئیتر پێویست ناکات لەوە زیاتر تاخیر بێ، سۆڤانکۆڵ دەستی کوڕەکەی گرت و پێیگوت: سەیری چاوەکانم بکە.

باوك و کوڕ ماوەیەك چاویان لەیەکتر بڕی.

باوك پرسی: لە مەبەستی من تێگەیشتی؟

کوڕەکە وەڵامی دایەوە: بەڵێ باوکە تێگەیشتم.

- باشە بەڕێبکەوە، بە ئومێدی خوا.

ئەو وەخت سۆڤانکۆڵ سواربوو، بەبێ ئەوەی ئاوڕ لە پشت خۆی بداتەوە دوورکەوتەوە.

قاسم کاتی مالئاوایی پێیگوتم:

- ئەگەر نامە لە ماسلبەکەوە هات ناونیشانەکەی بۆ من بنێرن ، ئالیمان و قاسم کە جڵەوی ئەسپەکەیان بەدەستەوەبوو، بەرەو جادەکە رۆیشتن، من چاوم لەسەر هەڵنەگرتن، ڕیزی سەربازەکان، خەریك بوو دوور دەکەوتنەوە، ئەوکاتە ئالیمان ئاوزنگی ئەسپەکەی بۆگرت قاسم ئیترسوار بوو، خۆی کورکردەوە بۆ دواینجار ماچیکرد، کەوتە ڕێ، ئالیمانیش بە دوای تەپو تۆزی پێی ئەسپەکە رایدەکرد بەدویدا، ئەوە بوو من چوومە پێشی و هێنامەوە ماڵێ.

رۆژێ دواتر دەمەو عەسر جایناك لە وێستگەی شەمەندەفەرەکەوە ، گەڕایەوە ئەسپی قاسمی بەبێ زین لە پشتی گالیسکەکە بەستبوو.

## ٥

شەڕەکە لە ئێمە دووربوو، خوێنیش دەڕژا، ململانێی ئێمەش کارو زەحمەت بوو، قاسم پێشبینیەکەی ڕاستبوو، هەر چەندە ئێمە کۆششمان دەکرد هەوڵماندا، بەڵام بەشێکی گەنمە نەدرواوەکە و درواوەکە لەسەر جێخون و کاکوتەکەدا کەوتنە ژێربەفر، هەندێك لە پەتاتەکان کەوتنە ژێربەفر چونکە کاتی ئەوەمان نەبوو لەژێر زەوی دەریان بێنین، هەموو رۆژێکیش پیاوەکان یەك لە دوای یەك دەچوونە بەرەی شەڕ، ئێمەش لە بەیانی تا شەوێ لەکۆڵخۆز گفتوگۆمان هەمووی دەربارەی جەنگ بوو. کەچی بوو چی تازە روویداوە، کەسێك کە رۆژانە لە هەمووماڵەکاندا پێڵاوی لەسەر چاوان بوو کابرای پۆستە چی بوو.

دوای هەفتەیەك لە ڕۆیشتنی قاسم نامەیەك لە ماسلبەکەوە گەیشت، لە نامەی یەکەمی خۆیدا نووسی بووی کە خۆی و هاوپۆلەکانی بۆ سەربازی ئاگادار کرابوو نەوە، بەڵام بەشێوەیەکی کاتی شوێنی راگرتنیان لە هەمان شار بوو، نووسیبووی لەوەی کە نەمتوانی یەکتر ببینین و ماڵئاوایی تان لێبکەم، خۆتان نارەحەت نەکەن دڵتەنگ نەبن، کێدەتوانێ پێشبینی ئەوە بکات کە چی روودەدات پێویست ناکات خەمی من بخۆن. گرنگ ئەوەیە بەسەرکەوتوویی لە جەنگ بگەڕینەوە، نامەی دووەمی لە شاری نووسیببیرك ناردبوو، نوسیبووی کە لە ناوەندی فەرماندەیی سوپادا دەخوێنێ، وێنەشی ناردبوو، ئەو وێنەیە لە قاپێکی شوشەدا لێکدرابوو رەنگ و رووی لەسەر نەماوە، وێنیەکی جوان بوو، جل و بەرگی سەربازی زۆرلێیجوان بوو، پرچەکەشی بۆ پشتەوە شانە کردبوو، چاوەکانیشی لە حاڵەتی بیرکردنەوە دابوون، قەت بەم شێوەیە لە خەویشدا نەمدیتبوو، ئالیمان تەنیا جارێك بینیبووی کە هاتبوو بۆ ئاهەنگی هاوسەری

براکەی، ئالیمان کاتێك وینەکەی بینی گوتی: سەیری بکە دایکە چەند کوڕێکی جوانە، ئەو رۆژەی کە هاتبوو من لە پشتی پەردەوە جوان نەمدیت، چونکە جوان نەبوو کچێکی تازە بووك لە پشت پەردەوە چاو لە کەسێك بکات، شەرمم دەکرد، چەند خۆشدەبوو کە دەگەرایەوە کچێکی جوانی وەك خۆی خاوەن بروانامەی پەیدادەکرد، بەڕاستی باش دەبوو، وانییە دایکە؟،

منیش قسەکانی ئەوم پەسند دەکرد و خۆشم ئارەزووی هەمان رۆژم دەکرد.

تا نیوەی زستان کەم تا زۆر ئاسودە بووم، نیگەرانیم نەبوو، نامەی کوڕەکانم دەهات منیش لێان رازی بووم، دواتر نامەیەك لەقاسمەوە گەیشت، نوسیبووی کە دەبێ بڕوات بۆ بەرەی جەنگ. ئیتر ترس دایگرتم زۆر نیگەران و نارەحەت بووم، ئەو کاتە سۆڤانکۆڵ یان هەمیشە بۆ ئاگادارنەوە لە سەربازگەکە دانا بوو، جارێك فلانە کۆمسیۆن، جارێکی تر بۆ گەیاندنی حیساب، جارێك بۆ حیسابی دووبارە، راستی لەو هاتوو چوونەی بۆ سەربازگەکە کاری سەردەستەیی لە کۆڵخۆز لەپەل و پۆ کەتبوو تاقەتی پێ نەدەشکا، بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەو یان بۆچی بۆ سەربازی نەبردووە، باشە بۆچی کۆلخۆزی بێ سەردەستەی بێ دەستەلات یانی چی، لەگەڵ ئەوەی کە هەموویانی ئاگادار کردبوونەوە، من ئەوکات لەسەرخەمانی کاکوتەکە بووم، کاتێك هەندێك گەنمم لەژێر بەفرەکە هێنا بۆ دەرێ ، وە ئاگا هاتمەوە، وەك ئەوەی هەواڵم پێگەیشت شەنەکەم لە ناو کا دا چەقاندو چەناگەم خستە سەر دەسکە ساردەکەی ماوەیەك نەمدەتوانی وە سەر خۆم بێمەوە، چیبکەم، دوای ئەوە چۆن بژیم، دوو کوڕم لە جەنگ و ئێستاش مێردەکەم بروات بۆ هەمان شوێن...

ئەوکات سۆڤانکۆڵ بەسواری ئەسپەکەوە گەیشت دابەزی هاتە پێشەوە گوتی: بڕۆینەوە ماڵێ، دەبێ ئامادەبم بۆ رۆیشتن.

سواری ئەسپەکەبووم ئەویش بە پیادە رۆیشتن قسەکردن ئاسانترو خۆشترە، بەڵام ئێمە قسەمان نەکرد، گفتوگۆشمان نەکرد، زیاتر بێ دەنگ بوین، لەبەر ئەوەی نەبوو هیچ قسەم نەبێ بەڵکو بۆمان زۆر سەخت بوو. قسە لە گەروومان قەتیس مابوو، فشارمان دەخستە سەر دڵمان، هەمان شێوە من سوار و ئەویش پیادە، رێگامان دەبڕی، گەواڵە هەورە خۆڵەمێشیەکان ئاسمانیان داپۆشیبوو، لە دۆڵە زەردیش بایەکی ساردی دەهات، با پزووی بە بەفرەکە دەکرد، گژو گیایش بە بایەکە کەوتبوونە سەما سەیری دەور و بەرمدەکرد دەمدیت دەشتێکی چۆڵ و هیچ کەس نەدەبینرا، بێدەنگ، بێجوڵە، سارد و سەرما.

سۆڤانکۆڵ بە رێگاوە جگەرە لەسەر جگەرەی دادەگیرساند، دوایی دەستی گرتم و لێی پرسیم: رەق نەبوویەوە؟

وەڵامم نەدایەوە، هەر دەیویست شتێك بڵێ بەڵام بەخۆڕایی بوو، لەوانەیە بیهەوێ بۆچونی خۆی لەگەڵ من باسبکات بڵێ: باشە من بەدوای کوڕەکانم دا دەچم بزانم لەوێ چ خەبەرە، ئایا چارەنووسی چییە دێمەوە یان نا،... لەوانەیە ئەوەدوا دیدارو مالئاواییمان بێ، ئەگەر بەم شێوەیە پێویستە بڵێ ئێمە ساڵانێکە ژیانێکی خۆشمان بەیەکەوە بەرێکردووە، ئەگەر رۆژێك لە رۆژان دڵم رەنجاندبێ ئێستا داوای لێبوردنت لێدەکەم. دیار نییە مرۆڤ چی بەسەردێ.. ئەرێ بەراست دەیەوێ لەوشتانە بەمن بڵێ یا نا، نازانم، ئەو تەنیا بەبێ دەنگی راوەستا بوو، سەیری منیدەکرد لێوەکانی خۆی دەگەستن، لەو کاتە دابوو کەسەیری سمێڵە ڕەشەکانی سۆڤانکۆڵ م دەکرد مووی سپی سەری وە دەرنابوون، من تا ئێستا سەرنجم لێنەدابوو.

لەو وەختە بەبیرم دا هاتەوە کە من سۆڤانکۆڵ لە تافی لاویمان لەو دەشتەدا یەکترمان ناسی، بیست و دوو ساڵ بەیەکەوە کارمانکرد، ئارەقمان رشت، سێ

منداڵمان گەورە کرد، بارەگەنممان هێنان ، تەواوی ژیانمان لەیەك ساتە وەختدا هاتەوە بەرچاو، هەرگیز گومانم لەوە نەدەکرد کە رۆژێك بێ ئێمە لەیەك جیاببینەوە، یا لەوانەیە بۆ هەمیشە بێت، وەبیرم هاتەوە، لە سەرەتای هاویندا لەسەرەتاکانی درونەدا، لەشەودا سواری ئەسپ بووم لەو رێگیەدادەڕۆیشتم، لەو ساتەدا دیتم لە کۆڵانە تازە تەواو نەکراوەکە لە قەراخ گوندی چاوم بەپارچە زەویەکەی ئالیمان و قاسم کەوت، بەرد و خشتەکانی مابوونەوە، لەسەر پشتی ئەسپەکە خەم دایگرتم، لە خۆمەوە کەوتمەگریان، ماوەیەك گریام. سۆڤانکۆڵ ماوەیەك دانی بەخۆیدا گرت و دواتر گوتی: تالگانای، لێرە هیچ کەسی لێنیە، هەرچەندەی دڵت دەیهەوێ بگری و فرمێسك هەڵڕێژە دڵت بەتاڵ بکەوە، بەڵام نابێ لەمەو دوا هیچ کەسێك فرمێسك بە چاوانتەوە ببینێ، چونکە تۆ لەمەودوا نەك هەر کابانی ماڵێی بەڵکو سەرپەرشتی ئالیمان و جایناك لە ئەستۆی تۆ دایە، جگە لە وانەش دەبێ ئەرکی سەردەستەش لە ئەستۆ بگری، جگە لە تۆ هیچ کەسی تر نییە.

زیاتر بەگورتر دەگریام فرمیسکم دەهاتنە خوارێ، بەگریانەوە دەمگوت:

- ئەو سەردەستەیەم بەزیاد نەکرد، بەکەڵکی چی مندێت، چۆن دەتوانی لە کاتێکی ئاوادا بەم شێوەیە قسە لەگەڵ من بکەی؟ من هیچم ناوێ، نامەوێ گوێشم لەو قسانە بێ.

بەڵام ئێوارەیەکی درەنگ لە نوسینگەی کۆڵخۆز بەدوامدا هاتن، کاتێك کە چووم، بە بەڕێوبەرە تازەکە کۆڵخوزکەوت لەشەڕدا بریندار ببوو ناوی حسێنبای بوو. لەگەڵ سۆڤانکۆڵ و چەند کەسێکی تر لەپیاو ماقوڵ و ریش سپی گوندی کۆببوونەوە، حسێنبای بێ چەند و چۆن پێیگوتم:

- پورە تالگانای هەستە بڕۆ لە سبەینێوە خۆت بپێچەوە و سواری ئەسپ بە و ببە سەردەستە، زەوی و ئاو خەڵك و گەرما و هیچ لە تۆ باشتر ناناسن، ئێمە بڕوامان بە تۆیە، بەروو بوومی ئێمەش لەو بارەیەوە چەند بەرابەردەبێ، باشترین سەردەستەی ئێمە، کە بەداخ و پەژارەیەکی زۆرە دەینێرینە بەرەی جەنگ، باوەڕی تەواوی بەتۆ هەیە، هیچ ڕێگە چارەیەکی ترمان نییە، باشە، پورە تالگانای لەسبەینێوە دەست بەکاردەبێ.

لەو کاتەشدا، ریشسپییەکان هەوڵیان دەدا تامن رازی بکەن، هەر چۆنێك بێ منیان رازی کرد، منیش ئامادەبووم سەردەستەیی وەستۆی خۆم بگرم. باشە چۆن دەبێ رازی نەبم ، زۆرباشی لێحاڵیبووم. کە لەو قۆناغە دژوارەی ژیاندا بەسەر بەرم. کارێکی باشم کرد کە رازی بووم، لەوانە بگوزەرێ، چونکە ئەوە بڕیاری سۆڤانکۆڵ بوو، ئەو تا بەیانی خەو نەچۆ چاوانی، هەموو شتە پێویستەکانی پێراگەیاندم تا بۆ بەهار خۆمی بۆ ئامادەبکەم، لەوەگەڕێ، ماڵات ئێکسمەکانی باری باش بلەوەرێن و بخەون و پشووبدەن، گاسن و نیرو ئاموورەکان توندو تۆل بکەنەوە عارەبانەکانیش چاك بکەنەوە، چاوێکت لەو ماڵانەبێ کە منداڵی سەرو پێچکەیان زۆرە، ئاگاشت لە پیاوە بەساڵاچووەکان بێ... ئەوە بکە کەپیتدەڵێم، ئەوکارە بکە... ئای پیاوەکەم، هاوسەری خۆشەویستی من، هاوڕێ ممتانە پێکراوەکەم، پیاوێکی نارەحەت بوو.

کرێوەی دەکرد، هەتا بەیانی نەیکردەوە، دووکەڵەکەشی بەلوولە سۆپاکەدا دەژوورێ دەئاخنیەوە. ئێمەش لەگەڵ سۆڤانکۆل تا جادەگەورەکە رۆیشتین و بەڕێمان کرد. ئەویش لەگەل کۆمەڵێك لە هاوتەمەنەکانی بە ئەسپ و گالیسکەکەی جایناك دانیشتن، جایناك لە ناو باو بۆرانی بەفردا ڕێگەی دەبڕی، بەفریش روخساری هەموانی داپۆشیبوو، ئەرۆژە رۆژێکی زۆر ساردبوو، بایەکە دەمووچاوی

دەتەزاندی، منیش بە هێواشی بەدوایاندا دەڕۆیشتم، سەیرم نەدەکردن و فرمێسکم دەهاتنە خوارێ.

ئەو رۆژە خۆم توندو تۆڵکردەوە، چونکە حسێنبای بەڕێوەبەری کۆڵخۆز گوتبووی ئامادەبم منیش سواری ئەسپ بووم ئەرکی سەردەستەییم وەستۆی خۆمگرت، ئەوە کارە، ئێستا جەنگێك لەگۆڕێدا نییە، کارێکی زۆر دژوارە، کاری هەموو کەس نییە تا وەستۆی بگرێ، جا چ بگا بەوەی کە هەموویان ماندوو مجرۆ بوون، ئیتر کەسی ساغی لە کۆڵخۆز دانەمابوو، تەنیا نەخۆش و کەم ئەندام نەبێ، ئەوانەی کە کاریان دەکرد ژن و کچ و منداڵ پیری بەساڵاچوو بوون، بەرهەمی کارمان پێش هەمووشتێك بۆ جەنگ بوو، لەگەڵ ئەوە زۆربەی ئامیرەکان لەکار کەوتبوون. عارەبانەکان بێ تایە بوون، ئەسپەکانیش بێ زین و گوریس کەژوەکان لەت لەت ببون، قەڵادەکانیش شکابوون، ئاسنگەرەکانیش خەڵوزیان نەبوو، ئێمە بۆساتێکیش لەکارکردن خافڵ نەبووین، کوورەی ئاسنگەرەکەمان بە دارو تەپاڵە دادەگیرساند نەمان دەهێشت بکوژێتەوە. هەرچەندە خواردن کەمبوو خراپی برسیەتیش لەماڵەکان بەدی دەکرا، ئێمەش بەردەوام بووین لەکارو کۆششی خۆمان، ئەو هێزەی هەمانبوو بەکارمان دێنا، تا رێرەوی ئابووری کۆڵخۆز نەکەوێ، ئێستا کە ئەو رۆژانەم بیردێتەوە دەبینم کە بۆ پێشکەوتنی کارەکەمان لەگەڵ یەکێك بەزمانی شیرین و لەگەڵ یەکێکی تر سەرکۆنەکردن و دەرکرن لەکار، زۆر جار کاردەگەیشتە ئەوەی دەست دەپرچی یەکتر نێن و بکەوینە گیانی یەکتری، ئای، ئەو شتانەکە بەرگەم نەگرتن. لەگەڵ هەموو ئەوانە ئەمرۆ لە بەرانبەر ئەو خەڵکەیدا کە یەکیانگرتوو پاراستنی ئابڕووی خەڵکی خۆمان کە لە دەستمان نەدا سەری رێزم دادەنەوێنم، ژنەکانی ئەوکاتە ئێستا پیر بوون و منداڵەکانیش زەمانێکە بونەتە دایك و باوك، ماڵ و حاڵی

خۆیان پێکەوە ناوە، لە وانەشە منداڵەکانی ئەوکات هەموو ئەو رۆژنەیان لەبیر نەمابێ، بەڵام من هەرکاتێك ئەوانە دەبینمەوە رۆژانی برسیەتی و رووتو رەجاڵیم دێنەوە یاد، چ رۆژگاریکی سەختمان هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا چەندە بەباشی بۆ کۆڵخۆز کارماندەکرد، هەموو رۆژێك چاوەڕێی سەرکەوتنمان دەکرد، هەندێ جار شین و شەپۆرمان بوو، هەندێ جاریش ئازایانە کارمان بەرەو پێش دەبرد، خۆشیان نەیاندەزانی کە چ کارێکی گەورەو بێوینە یان ئەنجام داوە. هیواردارم هەر گیز ئەو رۆژانە نەبینینەوە، بەڵام هەرچەندە لەو رۆژانەدا پشتی من زیاتر لەژێر ئەوکارەدژوارەدا چەما بۆوە، بە هۆی ئەوەی کاری سەردەستەییم لە ئەستۆدابوو، هیچ کاتێکیش پەشیمان نەبووم لێی، لەگەڵ کازیوە بەیاندا لەحەوشەی کۆڵخۆزدا بەپێوە دەوەستام، دواتر بەدرێژایي رۆژ لەسەر پشتی ئەسپ رۆژەکەم بەرێدەکرد. هەندێجار لێرەو لەوێ، هەندێ جاریش لەو دەشت و لەو کێوانە دەبووم، ئەوکاتانەی لە ئێوارەوە تا نیوە شەو لە نوسینگەی کۆڵخۆز دەبوم، بێئاگا لەوەی کە ئەو رۆژانە چۆن وا بەخێرایی دێن و دەڕۆن، لەوانەشە ئەوە هۆکاری رزگار کردنی منبێ، ئەگەرچی هەندێ جاریش خەڵکەکە زۆر بەتوندی لەگەڵ ئەو هەموو نارەحەتیە شەڕیان پێدەفرۆشتم، قورگیان دەگرتم، دەستیان لەکارێ هەڵدەگرت، من لەهیچ کەسێك نەڕەنجام، لەو بارەیەوە من زیاتر سەرم دەخستە سەر سەری جایناك و ئالیمان، کارم لە ئەوان دەویست، شەو و رۆژ هەراسانم کردبوون، هیچیش لەوە پەشیمان نیم، زیاتر لەگەڵ ئەواندا توندتربوومە، ئەگەر شەو و رۆژ سەرقاڵی کار نەدەبووم، بیرو هۆشمان و ترس تەنگی پێهەڵدەچنین، چونکە سەد پیاوی بنەماڵەکانی ئێمە لە جەنگدابوون، مەگەر دەکرێ لەبیریان کەین، دوومانگ بوو قاسم هیچ سەرو سۆراغێکی نەبوو، من و ئالیمان چاومان تێك دەبڕی، تا لەو

بەدبەختیە ترسناکەی باسی قاسم نەکەین، قسەکانی ئێمە تەنیا دەربارەی کاری کۆڵخۆز کاری ماڵەوە بوو، هەوڵمان دەدا لەبیریان بکەین.

سپێدەی یەکێك لە رۆژەکانی زستان بۆ هاوکاری بۆلای ئاسنگەرەکە چووین، خەریك بووین ئەسپەکانمان ناڵ دەکردن، کاتێك سەیرم کرد حسێنبای بەڕێوەری کۆڵخۆز بەخۆی و ئەسپەکەیەوە بۆلای ئێمە دەهات و کاغەزێکی پڕ بەلەپی لەدەستی دابوو کاتێك نزیك بۆوە، گوتی: پەیامێکی بەپەلەتان بۆ هاتووە، دڵم خورپەیکرد، هەناسە سواربووم، تەنیا دەنگی چەکوش دەهاتە بەرگوێم، کەلەسندانەکەیدەدا، وەك ئەوەی لەسینگی منی بدات، رەنگ و رووم پێوە نەما بوو، بەڕێوەبەر هاواریدەکرد، پوورە تالگانای بۆچی راوەستاوی؟ پەیامێکتان لە ماسلبە کی کوڕ تانەوە لە شاری نووسیبیرسك بۆ هاتووە، وەرە وەریبگرە مەترسێ، لەسەر ئەسپەکە خۆی شۆڕ کردەوە کاغەزەکەی دایەدەستم گوتی:

- پێویستە بە زوویی خۆت بگەێنیتە وێستگەی شەمەندەفەر، کوڕەکەتان لەوێوە تێدەپەرێ دەیەوێ چاوی پێتبکەوێ، گوتم: باگالیسکەکە بۆ تۆ ببەستن، ئالیکیش بۆ ئەسپەکان دانێن، لێرە مەوەستن، بڕۆن خۆتان ئامادە بکەن بۆ رۆیشتن.

هێندە خۆشحاڵ بووم، ئەو سەرەو سەری ئاسنگەریەکە دەگەڕام نەمدەزانی چی بیکەم، ئاسنگەرەکە گوتی:

- ئێمە خۆمان کارەکان دەکەین تا درەنگ نەبووە خێرا برۆ بۆ وێستگە.

بەرەو ماڵێ غارمدا، نەمدەزانی کوێ کوێیە. تەنیا شتێك مێشکی ئالۆز کردبووم، لەوەی کە بۆچی ماسل بە لەك داوای کردووە من بچمە وێستگە، ماسل بەك دەیەوێ من ببینێ، کۆڵان ، هەوایەوای ساردبوو منیش گەرمام بوو ئارەقەم کردبوو، رامدەکرد، هەر وەك شێتان لەخۆمەوە قسەم لەگەڵ خۆم دەکرد:

وەی دایە، وەی دایە، لەو سەرگەردانییە دا هیچ بیرم لەوە نەدەکردەوە کوڕەکە بۆ کوێ دەچێ، بەرەو کام لا دەڕوا.؟

کە گەیشتمەوە ماڵێ بەپەلە خواردنم ئامادەکرد، گۆشت و بریانیم بۆ لێنا، باشە خۆ لەوانەشە ماسلبەك بەتەنیا نەبێ، کێ دەڵێ هاوڕێشی لەگەڵدا نینە، با هەموویان بانگهێشتی ماڵێ بکات، خواردنەکانم خستنە ناو خورجێنەکە هەر ئەو رۆژە لەگەڵ ئالیمان بەرەو وێستگە بەرێ کەوتین، سەرەتا دەمویست لەگەڵ جایناك بڕۆم بەڵام ئەو حەزی نەکرد بێت گوتی:

نا، دایکە باشترە لەگەڵ ئالیمان برۆیت من لەماڵێ دەمێنمەوە بۆکاری ماڵێ، ئاوا باشترە.

دواتر تێیگەیشتم کەقسەکانی کوڕە چکۆلەکەم راست بوون، ئەگەرچی هێشتا هەر مێرمنداڵ بوو بەڵام گێژو گەمژە نەبوو، چەندە هەوڵ و کۆششی دەدا، جایناکیش خۆی گەیاندە کادێنەکە، کە ئالیمان لەوێ کاری دەکرد، لەوێ بانگی براژنی دەکرد، ماوەیەك بوو بووکەکەم ئاوا بەخۆشحاڵی نەدیتبوو، وەك گوڵ گەشابۆوە، زیاتر پەلەی دەکرد دەست و بردی زۆر تربوو زۆر بە پەلە بوو:

دایکە، خێرا، خێرا با برۆین، پاڵتۆیەکەت لەبەرکە، لەچکەکەت بپۆشە، جلەکانت لەبەربکە، یاڵلا با بەرێبکەوین، لە هەموو رێگاش زیاتر پەلەی دەکرد، بە شۆفیری گالیسکەکەی دەگوت: خێرا، دەنگیدە، خێراتر.

ئەوکاتەی رێشمەی ئەسپەکەی لەدەستی دابوو، قامچی لێدەدا.

گالیسکەکە خێرا لە جادە تەختەکەوە لەسەر بەفرەکەوە تەی دەکرد، ئەسپەکە چووست وچالاك دەڕۆیشت، چەرخی گالیسکەکە دەنگی دەدایەوە، بەدرێژایی رێگاکە بەفردەباری، کرێوەی دەکرد، هێندە سەرما نەبوو، سەرتاپای ئالیمان بەفر داپۆشیبوو، ئەو نەیدەزانی کە چەندەی ئەو بەرگە سپییەی لێجوان بوو، بەفر

لەسەر شان و مل و زولفانی کە لە لە چکەکەوە هات بوونە دەریّ و کەوتبووە سەر یەخەکەشی، رەنگی رەش ئەسمەری و گۆنا ئەرخەوانی و چاوە رەشە درەوشاوەکانی و ددانە سپیەکانی جوانتر لەجاران دەردەکەوتن، بنیادەمی گەنج هەمووشتێکی لێ جوانە، هەتا بەفریش، ئالیمان بەدرێژای ڕێگا قسەی لێ نەبڕا، هەندێجار بەمنی دەگوت، کاتێك ماسلبەك لە شەمەندەر دابەزی پێی نەڵێم کە من ئالیمانم، تابزانین ماسل بەك من دەناسێتەوە یا نا، یان دەیگوت: یا لە پشتەوە چاوەکانی بە هەردوو دەستم بگرم، لەوانەشە بترسێ بڵێ ئەوەکێیە ئەو گاڵتەگێلانەم لەگەڵ دەکات؟ هەر خۆی بەو بیرکردنەوانەی خۆی پێدەکەنی و قاقای لێدەدا، ئای ئالیمان، بووکە دڵسۆزەکەم، لەوانەیە ئەو هیچ گومانی بۆ ئەوە نەدەبردبێ کەمن دەمزانی بۆچی لەو ڕۆژەدا هێندە خۆشحاڵە؟ بەلام ئەو لەزاری دەرپەڕی، بۆیە لە ناکاو بێدەنگ بوو، لە کەنوو کەوت بەهێواشی گوتی:

ماسل بەلەك شێوەی زۆر لەقاسم دەچێ، وەك دوو برای دوانە وانە، وانییە؟

خۆم وا دەرخست کە هیچم نەبیستووە، ئالیمان دووبارە بێدەنگ بوو، بیری لەشتێك دەکردەوە، دووبارە ڕیشمەی ئەسپەکەی گرت و هەی های لێدەکرد.

دوانیوەڕۆ یەکی درەنگ بوو کە گەیشتینە وێستگە، هەر کە گالیسکە وەستا من و ئالیمان لە سەر راستەڕێیەکە رامان دەکرد، وەك ئەوەی کە ماسلبەکیش لە هەمان کات بگات، ئەوێ هیچ کەسی لێ نەبوو، دەوروبەری خۆمان تەماشا دەکرد خەم دایدەگرتین، هەر وەك هەتیوی باب مردوو وەستا بوین نەمان دەزانی بۆکوێ بڕۆین و چیبکەین، ئەو بەفرەش هەموو ولاتی داپۆشیبوو ، فارگۆنەکانیش بە بەفر داپۆشرابوون، هەمووی کردبوە بەستەڵەك، بایەکەش گڤە گڤی بەتێلی کارەباکان خستبوو.

ئێمە تا ئێستا بۆ پێشوازیمان لە هیچ کەسێك نەکردبوو، لە وێستگەی شەمەندەفەر، بیرمان لەوەنەکرد بۆوە لە کەسێك بپرسین، کەی شەمەندەفەر دەگاتە وێستگەکە، لەوکاتەدا کەلە دوورە وە دەنگی (لکوموتیو) سکە کەوە دەگەیشتە گوێمان شەمەندەفەر گەیشت.

ئالیمان گوتی: دایکە، خەریکە دێت.

ئەژنوکانم دەلەرزین دڵم خورپەی دەکرد، شەمەندەفەرەکە نزیك بوو، سکەی شەمەندەفەرەکە، بەفرەکەی پێش خۆی راماڵی شەمەندەفەرەکە وەستا، ئێمەش لە تەنیشت یەوە راوەستاین، هەموو فارگۆنەکان پڕبوون لە خەلك و جمەی دەهات، ژن و پیاو، بەشێکی زۆری سەربازیش. کێ دەزانێ ئەوانە بۆ کوێ دەڕۆن، ئێمەش لە تەنیشت هەموو فارگۆنەکان دە وەستاین و دەمان پرسی: سۆڤانکۆف ماسلبەك لێرەیە؟ تکایە پێمان بڵێن، سۆڤانکۆلف ماسلبەك لەو شەمەندەفەرەدایە؟

یەکێك دەیگوت: نازانم. یەکێك وەڵامی نەدەدایەوە، هەندێکیان پێدەکەنین، ئێمە هەر خەریکی پرسیار کردن بەردەوام بووین، شەمەندەفەرەکە کەوتە جوڵەو بەرێکەوت، بۆمان دەرکەوت کە شەمەندەفەر تەنیا سێ خولەك دەوەستێ، ئێمەش وەك ئەو کەسەی کە باڵندەیەکی گرانبەهای لەدەستی بفرێ، مات و مەلوول و بێچارە ماینەوە، ئەوکاتە پیاوێکی بەتەمەنی رووسی کە کارمەندی رێگای ئاسنیی ئەوێ بوو، پاڵتۆیەکی پێستی کورت و چەکمەیەکی لبادی گرانبەهای لەپێ دابوو، لێمان نزیك بۆوە، کاتێك شەمەندەفەرەکە هات من ئەوم دیت لە ژوورێکەوە هاتەدەرێ بۆلای شەمەندەفەرەکە هات، لە ئێمەی پرسی کە چاوەڕێی کێدەکەن، ئێمەش بۆمان باس کرد، تلگرامەکەی ماسلبەك مان دایەدەستی، کابراش چاویلکەکەی لە چاوی کرد، ماوەیەك لێوەکانی دەکرۆشت دواییگوتی:

کوڕەکەی ئێوە بەشەمەندەفەری سەربازی دێت، بەڵام روون نییە بەکام شەمەندەفەرو لە چ سەعاتێك دەگاتە وێستگە، ئەگەر درەنگ نەبێ دەبێ ئەم شەو یان سبەی لێرە بمێنەوە، لە وانەشە شەمەندەفەرەکە لێرەوە تێپەری بێ، ئاخر رۆژانە چەندین کاروان لێرەوە گوزەردەکەن. هەتا هەندێکیان هەر ناوەستن یەکسەر دەڕۆن.

ئێمەش لەخەم و خەفەتی خۆمانەوە کەوتبوینە بیرکردنەویەکی قوڵەوە، کارەمەندەکە ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی: ئاخ لەو جەنگەماڵوێرانکەرە هەمووشتێکی تێکداوە، باشە، ئەوە بۆ ئاوا لەناو ئەو بەفرەدا وەستاون؟ بڕۆنە ژووری وێستگە. لەوێ ژوورێکی بۆ گەشتاران لێیە. لەوێ دانیشن، هەرکاتێ شەمەندەرەکە هات وەرنە دەرێ و بپرسن، هیچ چارەیەکی تر نییە.

لە ژوری چاوەڕێدا نزیکەی دە کەسی لێبوون کە لەسەر فەرشێك راکشابوون، ژیانی دژوار ئەوانەی هینابوو بۆ ژووری چاوەڕێکردن لە رێگاکان و لە وێستگەکاندا هەبوو، هەندێك لەگەڵی راهاتبوون، وایاندەزانی ماڵی خۆیانە، هەندێکیان زۆر بەئاسودەیی لێی خەوتبوون، هەندێکیش خەریکی قسەکردن بوون، جگەرەیان دەکێشا، دووکەسیان لە قوژبنی ژوورەوە بەقاپی مس ئاوی گەرمیان دەخواردەوە، دەستیان دەسوتا ئەوانیش فوویان لێدەکرد، یەکێکیش گیتاری دەژنی گۆرانی دەگوت. لامپایەکی بچووکی شووشەشکاو پیس بە رۆشنایەکی کەمەوە دووکەڵیشی دەکرد، من و ئالیمان چاومان بە ژوورەکەدا دەگێراو لەلایەکی فەرشەکەوە جێگای خۆمان کردەوە، کەمێك دانیشتین دەنگی شەمەندەفەرە کەمان هاتە بەر گوێ ، خێرا غارماندەدایە دەرێ ، بایەکی توونديش دەيوسيت جلەکانمان لەسەردا دەماڵێ، تەواوی فارگۆنەکان بارهەڵگر بوون و فارگۆنی سەربازی نەدەبینران، لەگەڵ ئەوشدا بەدرێژای شەمەندەفەرەکە هاوارمان دەکردوڕامان دەکرد:

- سۆڤانکۆل ماسل بەك لێرەیە؟

- سۆڤانکۆل ماسلبەك لێرەنییە؟

هیچ وەڵامێك نەدەبیسترا، چونکە هیچ کەسێك لە فارگۆنەکاندا نەبوو، کاتێ گەڕاینەوە ژوورەکە هەموویان خەوتبوون.

ئالیمان گوتی: دایکە، سەرە خەوێك بشکێنە، پشوویەك بدە، ئاگام لە شەمەندەفەرەکە دەبێ.

سەرم خستە سەرشانی بووکەکەم بۆئەوەی سەرخەوێك بشکێنم ، بەڵام خەوی چی، چۆن دەتوانم خەوم لێبکەوێ؟ کاتێك بەدڵ و بەگوێ لە چاوەڕێی هاتنی شەمەندەفەردا بم ، گوێم لە هەموو هەست وخووستێکی دەگرت ، هەرچییەك خشەی هاتبا دەر دەپەڕیم ، هەر بۆیە چۆن دەتوانم خەوم لێبکەوێ؟

لە هەر لایەکەوە دەنگی شەمەندەفەر دەهات دەر دەپەڕین و خورجێنەکەمان تاو دەدایە دەچووینە دەرێ.

شەمەندەفەرە سەربازیەکان تێدەپەڕین بەڵام هیچ سۆراخێکی ماسل بەلەکی ئێمە نەبوو. نیوەشەوێ دووبارە زەوی لەبەر پێمانە لەرزیەوە، لەجێی خۆمانەوە دەپەرین، رامانکردە دەرێ، لە هەردوولاوە دەنگی سکەی شەمەندەفەرەکەوە دەهات، لە هەر دولاوە شەمەندەفەر دەهاتن، ئێمە لەیەك دابراین هێندەی ئەوسەرەو سەربکەین.

شەمەندەفەرەکان بەدەنگێکی ناخۆش لەتەنیشت یەکەوە دەڕۆیشتن بێراوەستان سات بۆسات توندتر لە وێستگەکەوە دوور دەکەوتنەوە، چەرخەکانیان دەنگێکی زۆریان دەهات، بایەکی ساردیشی دەهات، بەفردەباری چاو چاوی نەدەدی، زۆری نەما بوو بکەوینە ژێرفارگۆنەکە.

ئالیمان هاواریکرد: دایکە، ئەو وەختە منی توند گرتبوو بەستوونی گلۆپەکەی چەسپاندم، توند قۆلی گرتم، نەیهێشت لەجیی خۆم بجوڵیم. من لەپەنجەرەی

فارگۆنەکانەوە وەك کارەبا لەبەرچاوم دەرۆیشت چاوم تێ بریبوون، بەخۆم دەگوت: لەوانەیە ماسلبەك ببینم، لەوانەیە کوڕەکەم لەیەکێك لەو فارگۆنانەدابێ و من ئاگام لێنەبێ؟ سکەکان لەژێر چەرخەکانی شەمەندەفەرەکەوە، وەکو من نیگەرانن، ناڵەیان دەهات، شەمەندەفەرەکان لەتەنیشت ئێمەوە تێدەپەڕین، بەفرەکەیان بەدوای خۆیاندا دەتواندەوە، ئێمە ماوەیەکی زۆرە لێرە وەستاوین، بە ستوونی کارەباکەوە چەسپابوین.

تاسپێدەی بەیان من و ئالیمان بۆساتێکیش بەئاسوودەیی دانەنیشین، بەردەوام راکە راکمان بوو بەدوای شەمەندەفەرەکەدا، پێش ئەوە رۆژبێتەوە بەفرەکەش ئارام بۆوە، لەلای رۆژئاوا شەمەندەفەرێك گەیشتە وێستگە، فارگۆنەکانی نیوەیان سووتا بوون، میچەکەشی کون کون ببوو دەرگاکانیشان کەوتبوون، لەو شەمەندەفەرەدا تاقە نەفەرێکشی تێدنەبوو، فارگۆنەکان وەك گۆڕستان بەتاڵ بوون، بێ هەست و خوست، لە شەمەندەفەرەکە بۆنی دووکەڵی ئاسنی سوورکراوە و رەنگی تەختەی لێدەهات.

کارمەندەکەی کە دوێنێ دیتمان بە چرایەکەوە لە شەمەندەفەرەکە نزیك بۆوە، لە ئالیمان لیی پرسی:

- ئەوە چ شەمەندەفەرێك بووە؟

کارمەندەکە وڵامی دایەوە: بۆمباران کراوە،

- ئەی ئەو فارگۆنانە بۆ کوێ دەبەن؟

- دەیبەن چاکی دەکەنەوە.

گوێم گرتبوو لەم گفتوگۆیە، بیرم لەو کەسانەدەکردەوە کە لەناو ئەو فارگۆنانەدا بوونە. کەسانێك کە لەناو دووکەڵ و گری ئاگردا گیانیان لەدەستداوە، کەسانێك کەدەست و پێیان لێبۆتەوە، کەسانێك کە بۆ هەمیشە سووتان

، ئەگەر ئەو بۆمبانە تەنیا پەرچەکرداری جەنگبن ئەی خودی جەنگ چیە؟ شەمەندەفەرە تێکشاوەکە ماوەیەکی زۆر لە وێسگەکە مایەوە، دواتر بەهێواشی کەوتەڕێ، من بە دڵێکی پڕلە خەمەوە سەیرم دەکرد و بەخۆمدەگوت: کە ماسلبەك بۆ هەمان شوێن دەروات، کە ئەو شەمەندەفەرەی لێوەهاتوە. قاسم چی بەسەر هاتوە. سۆڤانکۆل لە کوێیە؟ ئەو وای نووسیبوو کە لە نزیك شاری ریازانن، هەرچەندە ئەو شارەش زۆر لەشەڕ دوورنییە...

بۆ بەیانیەکەی پێویست بوو بگەرینەوە چونکە ئالیکی ئەسپەکان روو لەکەم بوون بوو، بەڵام کە ئێمە بڕۆین و ماسلبەك بگات ئەوکات چۆن دەبێ، دوای ئەو هەموو چاوەڕوانییە لە سەردلم دەبێتەگرێ، ماوەیەك لەگەڵ ئالیمان بیرمان لێدەکردەوە، بڕیاربدەین، بەڵام جورئەتی ئەوەمان نەدەکرد، بکەوینە رێ و بەرە و ماڵ بگیرێنەوە. هەوا وەك دوێنێ هەرساردبوو و بای دەهات، لە خۆوە نەبووە کە ناوی وێستگەکە یان ناوە کونەبا(دۆڵی کاروان سەرا)، لە ناکاو با هەورەکانی پەرتەوازە کردن و رۆژ سەری وەدەرنا، گوتم: خۆزگە کوڕەکەی منیش وەك ئەمرۆژە جارێکی دەردەکەوت.. لەو کاتەدا لە دوورە وە دەنگی شەمەندەفەرێك دهات، شەمەندەفەرەکە لە رۆژهەڵاتی ناوینەوە دەهات، دەنگی دوو هۆڕنی تووندی شەمەندەفەرەکە دۆڵەکەی پڕکرد. کە لە سکەکانەوە دەنگ دەهات بن پێیان دەلەرزاند، دووکەڵێش و گڵوپی سوورو لەنێو دووکەڵ و هەڵمدا نزیك دەبوونەوە، دوا بە دوای ئەوانیش تانك و تۆپ بە بارانگیر داپۆشرابوون، لە تەنیشتیانەوە پاسەوانەکان بەجلی بارانگیر و تفەنگ بەدەست کێشکیان دەگرت. لە دەرگا نیوە کراوەکانی فارگۆنەکان سەرباز دەبینران، فارگۆن دوای فارگۆن دەڕۆیشتن، روخساری سەربازەکانیش بە چاکەتێکەوە دەبینران، دەنگی چەندکەسێك و گۆرانی (باڵاڵایکاش) دەبیسترا، ئێمەش چاومان لەسەر فارگۆنەکان

هەڵنەدەگرت، لەو ساتەوەختەدا پیاوێك کە دوو بەیداغی بچوکی زەرد و سوری لە دەستیدا بوو، لە نزیك ئێمەوە دەڕۆیشت گوتی: شەمەدەفەر ناوەستێ، کاتی وەستانی نییە، بڕۆنە دواوە، لەسەر هێڵەکە دووربکەونەوە،.

ئەوکاتە ئێمەی لەسەر هێڵەکە دوور خستەوە.

لەو وەختەشدا دەنگێك دەهاتە بەرگوێم .

- دایکە. ئالیما- ئا- ئا- ئان.

هەی دادو بێداد، ماسلبەك، ئای خوایە، خوایە، کوڕەکەم لە تەنیشت ئێمەوە تێدەپەڕێ کە خۆی شۆڕ کردۆتەوە لە فارگۆنەکە، بەدەستێك فارگۆنەکەی گرتوەو بەدەستێکیش کڵاوەکەی رادەوەشێنێ و ماڵئاوایی لێدەکردین، چاکم لەبیرە کە تەنیا هاوارمدەکرد: ماسل بەك. لەو ساتەوەختە کورتە زۆر بەباشیم دیت: بایەکە پرچی ئالۆز کردبوو، خوارووی چاکەتەکەشی وەك پەڕوباڵی باڵندەی لێهاتبوو، لە روخساری دەم وچاویشی خۆشحاڵی و ماتەمی ماڵئاوایی بەدی دەکرا، منیش چاوم لەسەر هەڵنەدەگرت و بەدوایدا رامدەکرد، دوا فارگۆن لە تەنیشتمەوە تێپەڕی، من بەردەوام بووم لە راکردن، دواتر کەوتمە سەر زەوی ئای کەچۆن هاوار وناڵەم دەکرد، کوڕەکەم بەرەو مەیدانی شەڕ رۆیشت لەجێی ماڵئاوایی باوەشم لە ئاسنی ساردی سکەکە دابوو، دەنگی چەرخەکانی شەمەندەفەرەکە دوورتر و دوورتر دەکەوتنەوە، تا بە تەواوی نەما.

ئێستاش ئەوساتەم دێتەوە بیر واهەستدەکەم، کە ئەو شەمەندەفەرە لەسەر سەرم دەڕوات چەرخەکانیشی ماوەیەك لە ناو گوێم دەزرینگانەوە.

ئالیمانیش بەگریانەوە هاتە لام، لە تەنیشتمەوە دانیشت، دەیویست بەرزم بکاتەوە بەڵام هێزی نەبوو، کۆڵەگرویی لە ئەوکێدامابوو، دەستی دەلەرزین، ژنە رووسەکە چاودێری رێگاوبانی وێستگەکە بوو، گەیشتەلامان، ئەویش دەيگوت: دایکە

دایکە، دایکە، باوەشی پێدا کردم و دەگریا، دواتر دوو کەسی تر ئێمەیان هێنایە قەراخ و کاتێك بۆ لای تەلاری وێستگە دەڕۆیشتین، ئالیمان کڵاوێکی سەربازی دایە دەستم و گوتی:

-دایکە، لێم وەربگرە، ئەوە ماسلبەك بۆی فڕێدام.

دیاربوو کاتێك من بەدوای فارگۆنەکاندا رامدەکرد ئەویش کڵاوەکەی بۆ فرێداوم.

کاتێك بەگالیسکەوە بەرەو ماڵ دەگەڕاینەوە، کڵاوەکەم بە سینگمەوە دەگوشی.

کڵاوێکی خۆڵە مێشی ئاسایی سەربازی بوو ئەستێرەی سوری تێدابوو، ئێستاش ئەو کڵاوەم بەدیوارەکەوە هەڵواسیوە. زۆر جار لەباوەشی دەگرم و بۆنی کوڕەکەمی لێدەکەم.

## ٦

- دەبڵێ دەی، خاکی شیرینم، لە چ کات و زەمانێکدا. دایکێکی هێندە بێ بەخت و هێندە دڵ بە خەم رەنجی کێشابێ، لە چ زەمانێك دا دایك توانیویەتی تەنها یەکجار لە چاوتروکانێکدا منداڵەکانی ببینێ؟

- نازانم تالگانای، چ جەنگێکی تر لە زەمانی تۆ روویدابێ کە تا ئێستا جیهان بە خۆیەوە نەیبینیبێ.

- خۆزگە من ئاخرین دایك دەبم کە هێندە چاوەڕێی رۆڵەکەم دەکەم، خۆزگە ئەوە بۆ هیچ دایکێکی تر روو نەداتەوە، کە سکەی ئاسن لە باوەشی بگرێ وسەربخاتە ئاسنەکانی.

- ئەو رۆژەی تۆ دەگەڕایتەوە ماڵێ لە دوورەوە دیاربوو، کە نەتتوانیوە کوڕەکەت ببینی، رەنگت زەردهەڵگەڕابوو، چاوەکانت بەقوڵادا کەوتوبوون، وەك ئەوەی دەتگوت ماوەیەکی زۆرە نەخۆش بووی.

- باشتربوو کەمن یەك مانگ بۆی لەجێدا بکەوم،

- ئەی تالگانای بێچارە، لە هەمان ساڵدا نیشانەی پیریت لێدەرکەوتن و مووەسپییەکان سەریان وە دەرنابوو، پێشتر زوڵفەکانی تۆ قورس و پڕ بوون، لەو کاتەوە دڵتەنگ وکپ بووی، بێدەنگ و لەسەرخۆ دەهاتی، لێرەوە دەڕۆیشتی، ددانەکانت چیردەکردنەوە، هەموو جارێ لە چاوەکانتدا تێدەگەیشتم، کە خەمێکی قوڵت لەدڵدایە.

- بەڵێ، خاکی شیرین، بنیادەم بەبێ خواستی خۆی دەکەوێتە ئەو حاڵەتانەوە. بۆ مەگەر تەنیا هەر من خەم و ناڕەحەتیم هەیە، بۆچی بنەماڵەی تر و بنیادەمی تر نەماون کە ئەو جەنگە چنگی لە قورگی ئەوانیش گیرنەکردبێ، کاتێك نامەی

ڕەشپۆشی ئازیزان کە دەگەیشتەوە ئاوایی، لە ڕۆژێکدا لە دوو سێ بنەماڵە دەنگی گریان و شین و شەپۆڕ دەهات، هاواری نەفرەتیش لەجەنگ بەرزدەبۆوە. لەوکاتەدا خوێن قوڵپی دەدا، تۆڵەسەندنەوەش لەچاوەکان بەدیدەکرا خۆشی دەخستە دڵانەوە. شانازی بەوەدەکەم بەتایبەت لەو ڕۆژانەی سەردەستەبووم، خەمی خۆم و ئەوانی تریشم دەخوارد، هاوبەشی ڕەنج و سەرماو برسیەتی هەموو خەڵکی بووم. بۆ خۆم و ئەوانی تریش لەسەر پێ وەستابووم، ئەوەم نەکردبا لەپەل وپۆ دەکەوتم، جەنگیش لە ناو خشت وخۆڵدا رایدەماڵیم، ئەو کاتە درکم بەوەکرد کە جەنگ تەنها یەك ڕێگە چارەی هەیە: بەردەوام بوون تاسەرکەوتن، ئەگەر ئەوەنەکەین مەرگ لە بۆسەدایە، ولاتە شیرینەکەم، بێشك بەمشێوەیەبوو، کە هەر کاتێك بەسواری لێرەوە دەهاتی نارەحەت و نیگەرانت نەدەکردم، بەبێدەنگی دەهاتم و بەبێ دەنگیش دەگەڕامەوە.

٧

سەرەنجام رۆژێك نامەیەك لە قاسمەوە گەیشت، لێی سواری ئەسپەکەبووم و بێ ئەوەی بزانم رێگاکە بۆکوێ دەڕوا بەسەر گردو تەپۆلکاندا دەڕۆیشتم رکێفم لێدەدا، نامەکەشم لەدەستدابوو. ئالیمان و جایناك خەریکی بڵاو کردنەوەی پەینەکە بوون، هاوارمکرد:

-سویونچو، سویونچو، هەواڵێکی خۆش، موژدانەم دەوێ،.

چۆن دەکرێ ئەوانە خۆشحاڵ نەکەم، ئاخرئەوە دوو مانگ بوو قاسم هیچ سەروسۆراخێکی نەبوو، نەمدەزانی کوڕەکەم چی بەسەرهاتوە. نووسیبووی دووجار بەشداری کردووە لە پارێزگاریکردنی مۆسکۆدا، هەر دووجارەکەی بەساغ سەلامەتی لە شەرەکەدا گەراوەتەوە، دواتر نووسیبووی، لوتی ئەڵمانەکانمان شکاندووە، پاشەکشەمان پێکردوونە، لەشکرەکەمان ئێستا لە پشوودایە.

ئالیمان چەندە خۆشحاڵ بوو، لە گالیسکەکە خۆی فرێدایە خوارێ لەگەڵ جایناك بەغاردان هاتنەلام.

- دایکە، وەرە زمانت ماچ کەم، کە ئەو هەواڵە خۆشەت بۆهێناوم.

بەدەستە لە رزۆکەکانی نامەکەی لێوەرگرتم، لە خۆشیان نەیدەزانی چیبکات، نەیدەتوانی نامەکە بخوێنێتەوە، تەنیا هەر ئەوەی دەگوت: ساغ و سەلامەتە.

ژنەکان دەوریان لێدابوو و دەیانگوت:

- بیخوێنەوە بزانین هاوسەرەکەت چی نوسیوە؟ لەوانەیە ئاگای لە کەس وکاری ئێمەش هەبێ؟

ئەویش تەنیا دەیگوت:

- ئێستا، بەقوربانتانبم ، ئێستا، بەڵام نەی دەتوانی تەنها یەك دێڕیش بخوێنێتەوە.

جایناك خۆی پێنەگیرا گوتی:

- وەرە ئەو خەڵکە چاوەڕێیی تۆنە.

نامەکەی لێوەرگرت و بە دەنگی بەرز بۆی خوێندنەوە.

ئالیمان هەڵترووشکا لەجیی خۆی، هێواش هێواش بەفرەکەی بە ناوچاوانیدا دەخشاند، جایناك نامەکەی بەتەواوی خوێندەوە، ئالیمان هەستایەوە، تەنانەت لەبیریشی کردبوو دەموچاوی وشك بکاتەوە، ئەو بەفرەی کەوتبوە سەردەم وچاوی گەرمی و دەتوایەوە و دەڕژایە خوارێ.

- باشە، ئێستا بابڕۆینەوە سەکار.

ئالیمان ئەوەیگوت و بە ئارامی کەوتەڕێ.

هێواش هێواش دەڕۆیشت سەیری دەورو بەری خۆیدەکرد. کێ دەیزانی ئەو لەچ خەیاڵێکدا بوو، لەوانەیە ئەوەی هاتبێتەوە یاد کەلە هاویندا لێرەوە دەڕۆیشت و بەگۆزەکەوە دۆی بۆ هاوسەرەکەی دەبرد، وەیان بیری لە وە دەکردەوە، کە قاسم لەهەمان شوێن ماڵئاوایی لە دەڕاسەکەی دەکرد. وای بۆ دەچووم کە تەواوی رابردوو بۆ ئالیمان ئەزیزبوو بیرەوەریەکانیشی بەزیندووی ماوەنەتەوە. چاوەکانی هەندێجار پێدەکەنین و هەندێ جاریش خەمناك دەبوون ماوەیەك لە جادە گەورەکەی دەروانی، ئەوەی دەهاتەوە بەرچاو کە چۆن لێرەوە قاسم سواری ئەسپەکەیبوو، کەوتەڕێ، کە چۆن زەوی لەژێرسمی ئەسپەکە دەنگی دەهات و ئالیمانیش بەدوایدا غاریدەدا.

جایناك کە لە تەنیشتیەوە دەڕۆیشت کردی بەگاڵتەوگەپ و گوتی:

- بەسە چاوەکانت بکەوە وەرەوە سەرخۆت، دەزانی؟

ئێستا هەموو خەڵکی گوندی بەتۆ پێدەکەنن، کەنەتتوانی یەك نامەش بخوێنیتەوە، من بۆ قاسمم نوسیوە کە ژنەکەت دووبارە دەنێرمەوە بۆ قوتابخانەی سەرەتایی، بۆ ئەوەی فێری (ئەلف و بێ) ببێ .

ئالیمانیش بەگاڵتەوە لێیدەدا، دوای هەردووکیان بەرەو گالیسکەکە رۆیشتن پێشبڕکێیانبوو تا وەپێش یەکتر بکەونەوە.

منیش دەڕۆیشتم و بیرم دەکردەوە کە: هەڵبەتە ئەگەر شۆڕە سواری وەکو کوڕەکانی من پارێزگاری لەو گەلە نەکەن، ئەی کێ دەبێ بیکات. ئارەزووم ئەوەیە بەسەرکەوتوویی و زیندوویی بگەڕێنەوە، ئەوەی تر هیچ نییە تێی دەپەرێنین، دانبەخۆماندا دەگرین، تەنیا ئێسك و پێستمان بمێنێتەوە، تا بەسەرکەوتوویی بژین، خۆزگە زووتر، هەرچی زووترە دەگەیشتینەرۆژی سەرکەوتن، ئەوە تەنیا ئارەزووی من نەبوو، بەڵکو خواست و ئامانجی هەموو گەل بوو کە بۆ گەیشتن بەو رۆژە ئامادەی هەموو قوربانیەکین.

تا کارگەیشتە ئەوەی کوڕە بچووکەکەشم جایناك، کە تائێستا نەببوو بە هەژدەساڵ، رەوانەی جەنگیان کردبوو، من تەنیا ددانم بەجەرگی خۆمدا دەگرت.

لەیەکێك لە دوا رۆژەکانی زستان، ئەویان زیاتر بۆ فەرماندەیی سەربازی بانگهێشت دەکرد، تەنیا هەر ئەو نەبوو بەڵکو زۆرلە مێرمنداڵەکانیان داواکردبوو. راهێنانی کاری سەربازیان فێردەکردن، ئەوەش کارێکی سادەبوو، لەوە نیگەران نەدەبووم، جاری وابوو دە رۆژیان دەهێشتنەوە، دواتر دەیان ناردەوە ماڵێ، جارێکیان جایناك زۆر زوو هاتەوە، کە رۆژی دووەم بوو هاتەوە ماڵێ.

سەرم سورما و پرسیم: ئەو جارە بۆچی وا زوو هاتیەوە؟ یان بەیەکجاری هاتوویەوە.؟

جایناك وەڵامی دایەوە: نا دایکە، بەیانی دەبێ بڕۆمەوە، مۆڵەتیان داین بۆ رۆژێك بێینەوە ماڵێ، لەوانەیە ئەمجارە زیاتر بمانهێڵنەوە و تۆش نیگەران نەبی، منیش بڕوام بەقسەکانیکرد. بەڵام دواتر دیتم کە لە و رۆژەدا کارەکانی نائاسی بوون و وەك ئەوەی خۆی بۆ رێگایەکی دوور درێژ ئامادەبکات، لە بەیانییەوە چەکوچ و بزماری بەدەستەوە بوو ئەو سەرەو سەری دەکرد ئەوەی پێویست بوو چاکیدەکردنەوە. ماوەیەك داری بۆسووتاند دەشکاندن و لەسەر یەکی دادەنان، بۆسووتانی تەندوور و سۆپاکە، ئەو گیایەی کە لەسەربانەکە بوو وشکی دەکردەوە، دەمەو ئێوارە بووکە گەڕامەوە ماڵێ سەیرمکرد حەوشەکەی خاوێن کردبۆوە ئاخوڕی ئەسپەکانیشی چاکدەکردنەوە ، ئاخورەکان ئەوکاتە پێویستیان بە چاککردنەوە بوو کە هاوسەرەکەم لەماڵێ بوو حەزی دەکرد خۆی لەتەنیشت خۆیەوە ئاگاداری ئەسپەکانی بێ.

پێمگوت: رۆڵەگیان چ پێوست بەوە دەکات تۆ خۆت ماندوو بکەی بەو کارە، لە هاویندا ئەو کارە ئەنجام دەدەین.

وەڵامی دایەوە ئەوەندەی کاتمان هەیە دەبێ کارەکان ئەنجام بدەین، ئەگەرنا لەوانەیە ئەو کاتەمان نەبێ، تا ئەوکاتیش لە مەبەستی حاڵی نەبووم، گوومانم بۆهیچ شتێك نەدەبرد. چونکە ئەو لەسەر داوای خۆی بەرەو پیری بانگەوازەکەی رێکخراوی لاوانی کۆمۆنیستی چووبوو. کاتێك کە جایناك لەرێگادا تێگەیشتم، کە لە وێستگەوە نامەیەکی بەهۆی هاورێیەك یەوە ناردبوو، بڵێ ئاخر رۆڵەگیان نامەت نارد کارێکی باشتکرد، بەڵام بۆچی بێ ماڵئاوایی رۆیشتی؟ مەگەر ئاوا دەبێ؟ نەدەبوو لەپێشدا هەموو شتێکت بەمن گوتبا و ئاگادارتکردبام؟ دەبوو ئەو خەبەرەت پێدابام هەتا گەر شێتیش بم، داوای لێبوردنت لە من و ئالیمان کردبا کە ئاوا بێ خەربەر رۆیشت بووی، نوسیبووت ئاوا ئاسانترو باشتربووە، بۆ ئەو جۆرە

کارانە لە ناکاو و یەکجاری بێ، نوسیبووی کە دەیەوێ من کەمتر خەم بخۆم. وا باشترە لەناکاو لەبڕیاری من بەئاگابێی، لەوانە بوو تۆ ڕێگریت لێکردبام ، دیارە ئەوە زۆر ئەستەمبوو رووبەروو پێم بڵێی، یان لەوە دەترسای بگریم و بپاڕێمەوە لە بڕیارەکەم پاشگەزی بکەمەوە.

ئێستا کە ئەوم لەدەستداوە سالآنێکی زۆریش بەسەر مەرگی ئەودا دەگوزەرێ، من بەهەمان شێوە لەگەل خاکی شیرینم گفتوگۆدەکەم، هەندێجار لەگەڵ ئەویش دەدوێم:

جایناك گوێبگرە، نەبادا ویژدانت ئازارت بدات، هیچ دڵم لێت نەڕەنجاوە ، جایناك کوڕە بچکۆلەکەم، کوڕە جوان و شادەکەم کورە من هەر ئەو کاتەلێت خۆشبووم، واتدەزانی من تێنەگەیشتم تۆ بەبێ ماڵئاوایی رۆیشتی، بۆ بە تەنیا منت جێهێشت، بۆچی دەستت لە لاوی و ژیانی خۆت هەڵگرت؟ تۆ کوڕێکی جوان و هاروهاج و پرلە جووڵەبووی، کەم کەس دەیزانی تۆ چەندە مرۆڤدۆست بووی، تۆنەتدەتوانی بە دڵێکی ئاسوودەوە تەماشاچی خەم و ئازارەکانی ئێمەبی، بۆیە چوویتە بەرەی جەنگ، تۆ دەتویست مرۆڤەکان مرۆڤ بن، شەڕیش نەبوایە تاناخی مرۆڤەکان ژەهراوی نەکا و نەیانکاتە دیوەزمە. چاکە کاری و هاودەردی لە دڵی مرۆڤەکان ریشەکێش نەکات، تۆ بۆ ئەو خواست و ئارەزوانەت هەرچی توانیت دریغیت نەکرد، لە دنیادا تەنیا کردەوەی چاك دەمێنێتەوە، ئەوانی تر هەموویان لە ناودەچن، کردەوە جوانەکانی تۆ هەر دەمێننەوە، سالآنێکی دوورو درێژە تۆ بێ خەبەری ون و گۆر غەریبی، نوسیبووت کەبوویتە(کۆماندۆ)، سێ جاریش چوویتە پێشی بەرەی دوژمنەوە، لەیەکێك لە شەوە تاریکەکانی ١٩٤٤تۆ لەگەڵ گرووپێك لەگەڵ هاوڕێکانت لە فڕۆکە بە پەڕەشوت هاتوونەخوارێ. بۆ ئەوەی هاوکاری پارتیزانەکان بکەن و لە هەمان شوێن

کوژرابی، ئایا لەشەڕەدا کوژرابێ یا گوللەی وێڵت پێکەوتوە یا بەدیل گیراوی یا لە زەلێکدا خنکاوی، ئەگەر تۆ زیندوو بای بەدرێژایی ئەو ساڵانە یەقین خەبەرێکت بۆ دەناردین. ئای جایناك، تۆ ئاوا لەدەستم فڕی و لەدەست چووی.
کاتێك کە لاوێکی هەژەساڵە بووی، ئەوە لەیادی خەڵکدا هەرماوە، من زۆرباشم لە بیرە هەمیشە دەیهێنمەوەیادم کە بەبێ خەبەری من چوویتە مەیدانی شەڕ چونکە منت خۆشدەویست دڵت بە حاڵی من دەسووتا. لە بیرمە کە رۆژێکیان لە وێستگە کوڵە باڵەکەت کردە دیاری بۆ هاوڕێیەکت. لە وێستگە دایکێك و چوار منداڵی لە شارەکانی نزیك مەیدانی شەڕ دەگوازرانەوە بۆ شارێکی تر پاڵتۆیەکەتدایە کوڕە گەورەکە کە رووت و رەجاڵ بوو. بۆ خۆشت بەکراسێکی نیو قۆڵەوە گەڕایتەوە ماڵێ و لە سەرمان هەڵدەلەرزی، لە وانەیە ئەو منداڵە ئێستا پیاوێکی گەورەبێ، لە وانەیە تۆی بکەوێتەوە یاد. چون ئێستا چەند ساڵێك لە ئەو بچوکتری و ئەو زۆرگەورەترە. بەڵام تۆ مامۆستای ئەو بووی، دەزانی بۆ؟ چونکە کارو کردەوەی چاك لە رێگاوە نەڕژاوە لەخۆڕا پەیدانابن. کردەوەی چاك مرۆڤ لە مرۆڤێکی ترەوە فێریدەبێ.
چیبلێم ئەو شتانە بەقسە ناتوانم دەرببڕم. خەڵێکی زۆر لەو جەنگەدا لە ناو چوون. ئەگەر شەڕ نەبوایە جایناکی منیش پیاوێکی جوان و دڵگەورە دەبوو ئێستا لە ژیاندا دەبوو.
رۆڵەکەم، نارەحەتی من لەوەیە کە تۆ لە دوانزە گوڵی ژیاندا تەنیا گوڵێکیشت نەچنی. تۆ تازە سەرەتای ژیانت بوو، نەمدەزانی کام کیژۆڵەت خۆش دەویست....

ئاخر مۆمی تەمەنم دەسووتێ و بەزوویی دەکوژێتەوە. بەڵام من هەموو شتێکم هەر لەیادە، هەتا ئەو رۆژە شوومەشم لە یادە کە پیاوە پیرەکە کاتێك بۆ کێڵان

بەدوامدا هاتبوو باشم لەبیرە، سەرەتای بەهارێ بوو، گوڵەکان لە ژێر بەفردا بوون، کێڵانـیش تازەدەسـتی پێکرابـوو، لـە دۆڵـە زەردەوە بایـەکی گـەرمی دەهـات ، زەویەکانی دەشتێی وشك کردبوونەوە گیاش لەژێر هەتاوەکە سەوز دەچوو.

ئێمـەش لـەو رۆژانـەدا دەستمان بـەکێڵان کردبـوو، مـن بەسواری کەوتبوومـە دوای تراکتۆرەکە، بۆنی خۆشی زەویە کێڵدراوەکە مێشکی پڕکردبووم، لـە خۆمـەوە بیرم دەکردەوە کە ماوەیەکی زۆرە سۆڤانکۆڵ و قاسم هیچ خەبەرێکیان نییە.

لەو وەختەدا یەکێك لە پیرەمێردەکان هاتە لامان وا خۆی نیشاندا کە هیچ کارێکی وا گرنگ و بە پەلەشی نییە.

پێمگوت: ها پیاوماقوڵەکەی ئێمە، ئەوە چۆنە بەبێ ئاگاداری هاتووی، هـاتووی تا پیرۆزبایی دەست پێکردنی زەوی کێڵانمان لێبکەی؟

ئەو، بەسواری ئەسپەکە، دەستی بە ریشی دادێنا، بەهێواشی گوتی:

- هیـوادارم کـە کـابرای پاڵـە، پشـت و پـەناو یـاوەری جوتیـاران بـێ، هیـوادارم کـە بەرهەمـەکەتان وەك لافاوی رووبارەکە زیادو بێ ئەندازەبێ.

ئەوکاتـە پێگـوتم: تالگانـای، بـۆچی بەڕێوەبـەری ناحیـە داوای کـردووی، داوای لێکردووی بچیتە نوسینگەی کۆڵخۆز، بۆیە بەدوات دا هاتووم.

وڵامم دایەوە: زۆر باشە، ئێستا دەڕۆین.

دوایی لە نزیکی جوتێرەکـان نزیـك بوومـەوە پێمگـوتن لای ئێـوارێ دەگـەڕێمـەوە و بەسەرکارەکاندا دێینەوە، بەرەو ئـاوایی وەڕێکـەوتین. لەگـەڵ ئـەوە کـە بەڕێوەبـەری ناحیـە داوای کردبـووم هـیچ سـەیرنەبوو زۆر ئاسـایی بـوو، بەتایبـەت لـە کـاتی دەستپێکردنی زەوی کێڵان کاری بەهاری زوو زوو دەهاتە ئاوایی. ئێمـەش هێـواش هێواش بەرەو ئاوای دەڕۆیشتین، لە هـەموو بوارێکـەوە قسـەمان دەکـرد، لـە بـارەی ژیان و گوزەرانەوە دەدواین، لەوکاتەدا پیرەمێرد لە نێو قسەکانیدا بەپارێزەوە گوتی:

- تالگانـای، ئێمـە هـەموو مـەمنوون و سوپاسـگوزاری تـۆین، لـەو چەنـد سـاڵە ناخۆشـەدا قۆڵـت لێهـەڵماڵیوە، وەك خاتونێـك بەسـواری ئەسـپەوە خزمـەتت بـەو خەڵکەدەکـەی، ئەگـەر ژنـی بـەڵام لەسـەرووی ئێمـەی، لەسـەر کـاری خۆتبـە، تالگانای توندو تۆڵتربە لەسەرکارەکەت بەردەوامبە، ئەگەر هەر شتێك روبدات یان کارێك بێتە پێشەوە هەمووومان هاوکاری تۆ دەبین، تۆ هاوکارو یاریدەدەری ئێمەی. دیـارە ئێمـە هـەموومان دەزانـین ئـەوە بـۆ تـۆ کـارێکی ئاسـان نییـە. چارەنووسی مـرۆڤ پڕیـەتی لـە هـەوراز و نشـێو، هەنـدێجار نشـێوە و هەنـدێجاریش هـەورازە. لەوانەشە کەسانی یەکتەن دەڕۆستی دژواریەکانی ژیان نەیەن بەڵام کاتێك ئێمە هەموو لە پشتی بین کارەکەی ئاسانتر دەبێ...

ئێمە گەیشتینە ئاوایی سـەیرمکرد لـە نزیـك مـاڵی ئێمـە خـەڵێکی زۆر ئاپۆرایـان کردبوو. من لە دوورە سەریانم دەدیتن لە پشتی دیوارەوە دیاربوو. بەڵام نەمدەزانی لام گرنگ نەبوو، ئەوکات پیرەمێرد جڵەوی ئەسپەکەی گرتم بێ ئەوەی سەیرم بکات گوتی:

- تالگانای، دابەزە.

بەسـەر سـوڕمانەوە سـەیرمدەکرد، ئـەویش لەسـپەکەی دابـەزی و قـۆڵی گـرتم و دووبارە گوتی:

- تالگانای، پێویستە لە ئەسپەکەت دابەزی.

بەبێ ئەوەی سەرەدەری لێ دەرکەم، کە چی روویـداوە، بـە هەسـتێکی ترسـناك و نیوە مردوو لە ئەسپەکە دابەزیم دیتم کە ئالیمـان لەگـەڵ سێ ژنیتـر بـەرەو مـاڵێ دەڕۆیشـتن. ئـەو رۆژانـە خـەریکی جۆمـاڵکردن بـوون. هێشـتا بێڵەکـەی لەسـەر شانیبوو. یەکێك لە ژنەکان لەسەر شانی هێنایە خوارێ. ئیتر هەموو شتێکم بۆ ئاشکرابوو لە ناکاو هاوارم بەسەر ئەو خەڵکەدا کردکە لە کۆڵانەکەدا بوون:

- ئەوە چ خەبەرە؟ دەتانەوێ چیبکەن؟

لەو کاتەی هاوارمدەکرد لە حەوشە ئایشێی هاوسێ‌مان و ژنەکان بەخێرایی بەرەو رووم هاتن و دەستیان گرتم و گوتیان:

- تالگانای، سەبرت هەبێ ددان بە خۆت دابگرە، هەڵۆکانمان لە دەستچوون، سۆڤانکۆل و قاسم لە جەنگدا کوژراون.

لەو ساتەدا بیستم ئالیمان و ئەوانیتر هاواریکرد:

- بەداخەوە، براکانمان، خۆشەویستانمان.

هیچیترم نەبیست، لە ناکاو کەڕبووم. وای بۆ دەچووم کە هەموو کۆڵانەکان دەجوڵێن، درەختەکان دەکەوتن، خانوەکان دادەڕمان، دواتر لە بێدەنگیەکی ترسناکدا هەورێك بەری چاومی تاریك دەکرد، هەندێ جاریش قیافەی ترسناك دەهاتنە بەرچاوم. هەوڵمدەدا دەستم لە دەستی کەسێك راکێشم کە گرتبوومی.

نازانم کێ بوو منی توند گرتبوو ئاگای لێمبوو، باشە ئەو خەڵکە لە کوێیە من تەنیا ئالیمانم لەبەر چاو ون نەدەبوو. هەر ئەوم دەهاتە بەرچاو بەروون و ئاشکرایی بێرەحمانە دەمدیت. ترسناك بوو: دەموچاوی قڵشاو و پڕ خوێن و پرچی ئاڵۆزو کراسەکەشی هەڵدڕهەڵدڕبوو. ژنەکان دەستیان گرتبوو ئاگایان لێبوو، بەڵام ئەو دەیوست خۆی لە دەستیان رزگار بکات بەرەورووم بێت و هاوایدەکرد بەڵام من هیچ تێنەدەگەیشتم، منیش بەرەورووی چووم. دەمویست هەر چۆنێك بێ بگەمە لای و هاوکاری بکەم. ماوەیەك تێپەڕی تاسەرەنجام گەیشتمە لای. کاتێك ئالیمان دەستی لە ملی کردم دەنگی نووساویم بیست:

- دایکە، من و تۆ بێوە ژن بووین، بێوەژنی بێچارە. رۆژی ئێمە ئاوابوو. رۆژی رەشی ئێمە هات، دایکە، رۆژی رەشمان گەیشت.

بەڵێ ئێمە بێ پیاومایـنەوە. لە یەککاتدا بێوەژن بووین، بوك و خەسوو هەردووك یەکتریان لەباوەش گرت فرمێسکیان بۆ چارەنوسی خۆیان هەڵدەڕشت.

بەڵام من و ئالیمان نەمانتوانی لە ماڵێ دانیشین و بۆ لە دەستدانی خۆشەویستان شین بگێڕین وفرمێسك بڕێژین. دوای هەفتەیەك کۆڵخۆز یەکان بۆ سەرەخۆشی بەجێهێنای ڕێوڕەسمی هەفتەی کوژراوەکان هەموویان بۆ ماڵی ئێمە هاتبوون گوتیان:

- دیارە ئەگەر ساڵێکیش شینیان بۆ گێڕین هەرکەمە. ئەوانە هەمیشە لە یادی ئێمەدابە زیندوویی دەمێنەوە، بەڵام بنیادەمی زیندوو دەبێ ژیان بکات و بژی. لێگەڕێ با ئەو خاکە هەموو تەمەنی ماسل لەك و جایناك بێ، ئەوکات هەموو هەفتیەك نامەمان بۆدەهات لە جایناکە وە، هیوادارم بەسەرکوتوویی بگەڕێنەوە. پێویستە کۆتایی پێ بێنین، ڕێگەتان پێدەدەین کە لە سبەینێوە بچنەوە سەرکاری خۆتان. کاتی جووتکردن و کێڵانە، زەویش چاوەڕێ دەکات بە ئارامی و خۆڕاگریەوە بچینەوەسەرکار و لێگەڕێن با کاری ئێمە تۆڵە کردنەوە بێ لە دووژمنان.

من و ئالیمان دوای راگۆرینەوە رازیبووین.

بەیانییەکەی لەسەر کارکۆبوینەوە حسێنبای بەڕیوەبەری کۆڵخۆز بەخۆی دوو کاغەزەوە هاتەلامان و گوتی:

ئەوانە ئاگاداری نامەی بەخاك سپاردنی هاوسەرەکانی ئێوەنە، ئەوانە با لای خۆتانبن. دیاربوو کە هەواڵی کوژرانی قاسم پانزە رۆژبوو گەیشتبووە کۆڵخۆز. کە لە هێرشی سەر مۆسکۆ لە ئاوایی (ئارخۆفکا) کوژرابوو. تا ئەو وەختەی ویستبوویان خەبەرمان دەنێ هەواڵی کوژرانی سۆڤانکۆلیش گەیشت بوو. ئەو لە هێرشێکی گەورەی نزیك شاری (ئالتس)کوژرابوو. ئەوە بوو خەڵکی ئاوایی وایان

بەباش نەزانی بوو لێمان بشارنەوە راستیەکەیان پێگوتین. وایان پێ باش بوو کە کوڕانی هەردووکیان بە یەکجار پێمان بڵێن. باشترە لەو بارەیەوە چیتر نەڵێن، دووبارە قۆڵم لێ هەڵماڵیەوە سەر لەنوێ دەستم کردوە بەکاری سەردەستەیی.

باشە ئەگەر دەستەو ئەژنۆ دانیشتبام هەر خەریکی خەم خواردن و گریان بام هەر نەفرەتم کردبا، ئەوکاتە ئالیمان چی بەسەردەهات؟ ئەویش هەر خەریکی خۆ خواردنەوەی خۆی دەبوو ئەوەش زۆر ترسناکە خەمی منیش لە هی ئەو کەمتر نەبوو، من بە یەکجار مێرد و کوڕم لە دەستداوە. دەردو ناڵەی من دوو لایەنە بوو، من بارودۆخێکی ترم هەبوو. کەم یا زۆر، تەمەنێکم لەگەڵ سۆڤانگۆل بەڕێ کردبوو. زۆرم تاڵی و سوێری و خۆشی چەشت بوو، هەندێ جار ژیانێکی دژوارمان هەبوو هەندێ جاریش خۆشبەختی رووی تێدەکردین. سێ منداڵمان پەروەردە کردن، خێزانێکمان پێکەوەنابوو بەیەکەوە کارمان دەکرد رەنجمان دەکێشا.

ئەگەر جەنگ نە بووایە تائاخر رۆژەکانی تەمەن بەیەکەوە دەبووین. بەڵام ئالیمان و قاسم سەرەتای دەستپێکی ژیانیان بوون. ئێستا تامی ژیانیان نەکردبوو. هەموو ئاوات و ئارەزوویان بۆ ئایندە بوو. لە بەهاری لاویەتیان جەنگ یەخەی پێگرتن و تەمەنیان بە تەورێك لەتکرا. لەوانەیە کرابا بەپێی تێپەڕبوونی کات زامی روحی ئالیمان سارێژ کرابا، ئەو کات ژیانێکی نوێ دەستپێبکاتەوە. ژنی سەربازەکانی تریش بەهەمان شێوە رەفتاریاندەکرد. شوویان کردەووە هەریەکە و هاوسەرێکی باشیان بەقیسمەتدەبوو، بەشی هەرە زۆریان. بە هەر شێوەیەك ئەوانە بەتەنیا نەماوە لەوانەیە ئێستا هەر یەك لەوانە ژنی خاوەن هاوسەرو دایکن. زۆر بەیان گەیشتنە خۆشبەخی خۆیان. بەڵام هەموو مرۆڤەکان وەك یەك بیرناکەنەوە. هەندێکیان بە زوویی خەم و خەفەتی دنیا بە با دەکەن رێگای تازە دەگرنەبەر، هەندێکشان نا ئومێدی لە گەلیاندایەو ناتوانن بەسەر تەنگ و چەڵەمەکانی ژیاندا زاڵبن. بۆ

بێبەختی و چارەڕەشی ئالیمان یەکێك بوو لەو ژنانە، نەیتوانی رابردووی خۆی لەبیر بکات ئاگرێك بە رابردووی وەنێ. هەڵبەتە لەو کارەدا لەوانەیە کەمتەرخەم بووبم. دەرکەوت کە کەسێکی لاوازم نەمتوانی دڵسۆزی خۆی نیشاندەم.

دەستەی ئێمە بەهارێ سەرقاڵی جۆماڵ و پاکردنەوەی جۆگای ئاودێریە گەورەکە بووین. منیش لەگەڵ یانبووم. پێش رۆژئاوا کارەکەمان تەواوکرد و کۆڵخۆزەکان پەرت و بڵاوبوون، بەرەو ماڵێ رێگایان گرتەبەر. پێویست بوو سەرێك لە جوتێرەکان هەڵێنم، بە ئالیمانم گوت چاوەڕێی من مەکە. کەپری جوتێرەکان زۆردوور نەبوو. ئەوانیش خەریکی نانخواردنی ئێوارە بوون، منیش باسی کارەکەم بۆ دەکردن. کاتێك لە کەپرەکە دەرکەوتم دەمویست سواری ئەسپەکە بم چاوم لە ئالیمان هەڵەنگوت. دیار بوو کە نەڕۆیشت بوو. لەهەمان شوێن بەتەنیا خەریکی چنینی گوڵە مێلاقەبوو. چونکە ئەو گوڵی زۆرخۆش دەویستن. ئای ئالیمان، بووکە بێبەختەکەم، چەپکە گوڵێکی مێلاقەی لەدەستی دا بوون، کردبوونی بە چەپکە گوڵ بۆ ئەوەی بیان باتەوە ماڵێ. کە ئەو گوڵانەم بەدەستەوە دیت ناوچاوانم ئارەقەی کرد. کەوتەوە یادم ئەو کاتەش رۆژێکیان لە لێواری کێڵگە چەپکە گوڵێکی کێوی لە دەستدا بوو بەهەمان شێوە راوەستا بوو. تەنیا ئەو رۆژە لەچکێکی سورو گوڵی سپی تێدابوون. بەڵام ئێستا لەچکێکی رەش و گوڵەکانی سوورن. جیاوازیەکەی ئەوە بوو ئەوەیان ئازار بەخشبوو. ئالیمان سەری هەڵێنا، چاوێکی بە دەورو بەری خۆیدا گێرا، دوای مات بوون سەیرێکی گوڵەکانیکرد لە بیرکردنەوە دا بوو: کە دەبێ ئەو گوڵانە بداتە دەستی کێ؟.. لە ناکاو کەوتە جووڵە، سەری خۆی شۆڕکردەوە گوڵەکانی پەرش و بڵاو دەکردنەوە، دوای ماوەیەك ئارام بۆوە، دەم و چاوی بە هەردوو دەستی گرتبوو، ماوەیەکی زۆر شانەکانی دەجولان. لەپشی کەپرەکەوە خۆم لێ حەشاردا بوو کارم بەکاری ئەو

نەبوو، دەمگوت لێی گەڕێم با بگریت، گریان خەمەکان سووك دەکات. دوای ماوەیەك بە قاچە ماندووەکانیەوە بەرەو جادە گەورەکە وەڕێکەوت. نیگەران بووم و سواری ئەسپەکەم بووم کەوتمە دوای. زۆر خێرا، بە لەچکە رەشەکەیەوە لەو دەشتە رەنگ سوورەوە رایدەکرد کە زۆر ترسناك بوو.

هاوارمدەکرد: ئالیمان، راوەستە ئەوە چیتە؟ راوەستە، ئالیمان، بەڵام ئەو هەر دەڕۆیشت.

تا ئەو جادەی کە قاسم بە ئەسپە وێرغەکەی چوو بۆ وێستگە رایکرد، منیش لە هەمان شوێن پێیگەیشتم.

- دایکە، هیچم پێمەڵێ، پێویست ناکات هیچ بڵێی، دایکە.

جڵەوی ئەسپەکەم توندکرد، ئالیمان لە نزیك منەوە رایکرد، ملی ئەسپکەی گرت سینگیشی لە لاقم توندکرد، دەگریا، بێدەنگ بووم. دەمتوانی چیبڵێم؟ دواتر سەری بەرز کردەوە، روخساری ئێستاش پر لەگوڵ و فرمێسك بوو، بەگریانەوە گوتی:

- سەیرکە دایکە چۆن تیشکی رۆژ دەدرەوشێتەوە، سەیرکە ئەو ئاسمان و ئەو دەشتە پڕ لە گوڵ و گیایە، ئیتر قاسم ناگەرێتەوە، ئەو دەشت و دەرە نابینێتەوە؟ بۆ هەمیشە ناگەڕێتەوە؟ بەڵێ؟

وڵامم دایەوە: بەڵێ ئیتر ناگەڕێتەوە.

ئالیمان ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا.

دواتر بە هێواشی گوتی: دایکە بمبوورە. ئاواتم بوو بچمەوە لای و لەگەڵیدا بمرم.

هیچم بۆ نەگوترا، خۆم ڕانەگرت هیچم نەگوت و دەستمکرد بەگریان. ئەگەر عەقڵ و هەستم هەبا، دایکێکی دوور بینبام، دەبوو راست و رەوان پێمگوتبا: ئەوە چییە منداڵ بوویەوە، خۆ تۆ بە تەنیانی، ئەو هەموو ژنانەش وەکو تۆ

هاوسەرەکانیان لە دەستداون کە لە ژمارنایەن. ددان بەخۆتدابگرە هەرچەندە ئەو قسانە لەدڵتگرانە بەڵام قاسم لەبیربکە. ناتوانی رابردوو بگێریتەوە، رۆژێك دێ پیاوێکی هاوشانی خۆت پەیدادەبێ. ئەگەر زاڵ نەبی خراپتردەبی، خۆت مەکوژە، تۆ ئێستا گەنجی و دەبێ بژی بۆ ژیان، ئێستا پەشیمانم لەوەی کە جورئەتی ئەوەم نەبوو ئەو راستیە تاڵەی پێبڵێم. دوای ئەوە چەند هەلێکی گونجاو هاتنە پێش ئەو قسانەم هەر لە سەرزمان بوون دووبارە جورئەتی ئەوەم نەبوو کە پێبڵێم. هێزی دەربرینی زمانی ئەوەم نەبوو کە بیبیستێ. لە لایەکی ترەوە ئالیمان بۆ خۆشی ئەوەی نەدەویست ئەو قسانە ببیستێ. کاتەکەش ئەو دەمەیە کە وەك ئاسنی سووربوە گەرم و داغانە، ئەگەر کاتەکە تێپەڕی قسەکە ساردەبێتەوە، دەیبەستێ و وەك گرێیەگی گەورە لەسەر دڵی بنیادەم دەمێنێتەوە بە ئاسانی ناتوانی لێی دەربازبی، دیارە ئەوە سالآنێکە تێپەڕیوە تێگەیشتوم و دەیڵێم، بەڵام ئەوکاتانە، لەو ژیانە بێسەرەو بەرو دژوارەی رۆژانەی کوڵخۆز فرسەتی ئەوەمنەبوو کە بیری لێبکەیتەوە سەرەدەری خۆی لێدەربکەی لە کوێ بۆ کوێیە. تەواوی بیرو هۆش و خەیاڵمان تەنیا لای شتێك بوو، خۆزگە زووتر سەرکەوتنمان بەدەستدێنا، خۆزگە هەرچی زووە کۆتایی بەجەنگ دەهات، بیرمان دەکردەوە کە شەڕ کۆتایی بێ هەموو کارەکانمان رایی دەبوون، بەڵام دەرکەوت کەوا نەبوو...

## ٨

- خاکی شیرینم، کاتێك پیاوانی وەك سۆڤانکۆل و قاسم دەکوژران بۆچی کێوەکان سەرەوژێر نەدەبوون و دەریاکانیش هەڵنەدەچوون؟ ئەو دووانە، باوك و کوڕ، دوو جوتیاری گەورە بوون.

دنیا هەمیشە لە پشت و پەنای ئەوانەیە باوەڕیان بەخۆیانە، ئەوانە نان و ئاوی دەدەن لەکاتی جەنگدا پارێزگاری لێدەکەن، ئەوانە یەکەم سەربازن. ئەگەر جەنگ نەبوایە سۆڤانکۆل و قاسم دەیانتوانی کاری زۆر باشتر بکەن، دەیان کەس دەیانتوانی سوودمەندبن لەو بەرو بوومەی ئەوان بەرهەمیان دێنا، دەیانتوانی چەندین زەوی تازەی تر بۆ کاری کشتوکاڵ گەنمی زیاتر بەرهەم بێنن، ئەوانە بۆ خۆیان سەدبارتەقای خەڵکی تر سوود بەخش دەبوون، سوودیان لەرەنجی خەڵکی تر وەردەگرت و چەندیان چێژ بە ژیان دەبەخشی. نیشتیمانی بەرێز، بڵێ تا ببینیم، راستی بڵێ: ئایا مرۆڤەکان بەبێ جەنگ بژین؟

- پرسیارێکی سەختت هێناوەتە پێشم، تالگانای، نەتەوەیەك هەبوون لە ئەنجامی جەنگدا ناویان لە (کولەکەی تەرِیشدا نەما) لەسەر روو پەڕی رۆژگاریشدا بوونیان نەما، شارێکیان هەبوو لە ئەنجامی شەڕداسووتا و لەگەڵ خاك تەختبوو، زەمانێك دادێ کە ئارەزووم دەکرد کە خەبەرو باسێك لە مرۆڤ ببینم و ببیستم. هەر کاتێك بینادەمەکان شەڕیان هەڵایساند من پێم گوتوونە : بەسە، لەوە زیاتر خوێنی یەکتر مەڕێژن، ئێستاش هەر دەیڵێم: ئەی مرۆڤەکان کەلە جیهاندا دەژین چیتان پێویستە؟ زەوی؟ من زەویم. من هەمووتان بەیەك چاو تەماشا دەکەم و هەمووتان لای من یەکسانن. من پێویستیم بەشەر و هەرای ئێوە نییە، من پێویستم بە کارو دۆستایەتی ئێوە هەیە. ئێوە یەکدەنك لەسەر سینگم بدەن، من

سەدانەتان دەدەمێ. نەمامێك بخەنە سەر سینەم، من چنارێك دەڕوێنم ، باخ و بێستانێك بەرهەم بێنن، هەزار جۆرە گوڵ و میوەتان بۆ بەرهەم دێنم. مێگەلە مەڕی تێکەن، من ئالیکیان پێدەدەم، خانوو دروستبکەن، من دەبمە دیوارەکەی، وەچەی زۆر بخەنەوە، بۆ هەموویان ماڵێکی جوانیان بۆ دروستدەکەم، بەردەوام و بێوچان بێ سنوور دەبم بۆتان، تالگانای، دەپرسێ ئایا مرۆڤەکان دەتوانن بەبێ جەنگ بژین؟ من وەڵام دەدەمەوە، پەیوەندی بە ئیرادەوە و مرۆڤ دۆستی تۆ وە هەیە نەك من.

- وڵاتی من، تۆ دەزانی کە جەنگ باشترین زەحمەتکێش و باشترین وەستا کارەکارەکانی لەناو بردن، هەرگیز لەگەڵ ئەوەدانیم و هاوڕاش نیم. مرۆڤەکان دەتوانن، مرۆڤەکان ڕێگای جەنگیش ببینن.

- تالگانای، تۆ پێتوایە کە من لە جەنگدا زەرەر مەندنابم؟ زۆرترین زیان بەرمن دەکەوێ. کاتێك دەستی جوتیارو پاڵەکان لە من دوورن مات و مەلول دەبم ڕەنج دەدەم، من هەمیشە فرمێسك دەڕێژم بۆ منداڵەکانم، بۆ جوتیارەکان، بۆ سۆڤانکۆل، قاسم و جایناك و هەموو سەربازانی کوژراو. من کاتێك وێراندەبم دێمەکار و بێ بەرهەم دەمێنمەوە، کاتێك بەرهەمی دروێنەم نییە لەگەڵ ئەوانە هاواردەکەم: لەکوێنە جوتێرەکانی من، لە کوێنە گەنم چێنەکانی من؟ هەستنە سەرپێ، رۆڵەکانم، جوتیارەکانی من وەرن، هاوکاریم بکەن، ئەگەرنا دەخنکێم، دەمرم، ئەوکات چەند باشدەبێ ئەگەر سۆڤانکۆل بە خۆی و پێمەڕەکەیەوە و قاسمیش بە دەڕاسەکەیەوە و جایناکیش بە گالیسکەیەوە بەهاواری منەوە بێن ، بەڵام هاوارم ناگاتە گوێیان..

- خاکی شیرینم سوپاسگوزاری تۆمە، تۆش وەکو من دڵت تەنگە بۆ ئەوانە، تۆش وەکو من فرمێسکیان بۆ دەڕێژێ، سوپاسگوزاری تۆمە، ئەی وەڵاتی خۆشەویست.

## ٩

ساڵی سێەم و چوارەمی جەنگ ئێمەی خۆشحاڵ دەکرد و هەم خەم و مەینەتی پێدەداین: دوژمن هەنگاو بەهەنگاو پاشەکشە پێدەکرا، گیانێکی نوێی وەبەردەنایەنەوە، بەڵام لە لایەکی ترەوە ژیان رۆژ بە رۆژ سەختتردەبوو. پایزمان بەشێوەیەك بەڕێکرد، باقەگەنمەکانمان کۆدەکردەوە پەتاتەکەشمان هەڵدەکەندن، بەڵام لە نیوەی زستانێ برسیەتی دەستی پێدەکرد، زۆر سەختمان دەگوزەراند بەتایبەت لە بەهارێ و بەشێك لە هاوینیش. هەندێکیان زۆر بە ئەستەم خۆیان بە هەڵکەندنی رەگی گیا و ئاوێك کە وەك چۆڕە شیرێك بوو خۆیان تێر دەکرد. من و ئالیمان هەردووکمان کارماندەرکرد و منداڵیشمان نەبوو تا داوێنمان بگرێت بۆنان. بەڵام خۆزگەم دەخواست داوێنی گرتباین. بەڵام کاتێك دەماندیت خێزانی پڕ لە منداڵی سەرو پێچکە بەسکی هەڵاوساو روخسارێکی لەڕەوە، سەیری دەستی دایکیان دەکردو بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکەن نان یان دەویست، بنیادەم ئاگر لە دڵی بەردەبوو ئەو دیمەنە تاقەت پڕوکێن بوو. ئەگەر بەمنیاندەگوت: تۆش بڕۆ بۆ مەیدانی جەنگ و لەوێ بمرە بۆ ئەوەی جەنگ تەواوبێ تا منداڵەکان چیتر برسیەتی نەچێژن. بێ هیچ دوودڵیەك دەکەوتمەرێ، بۆ ئەوەی برسیەتی لە چاوی منداڵەکاندا نەبینم. ئەوکاتەی لەو بارەیەوە قسەم لەگەڵ ئالیمان دەکرد، سەیرێکی کردم و گوتی:

- منیش بەهەمان شێوە. بەتایبەت زۆر ترسناکترە کە منداڵەکان نازانن و تێناگەن کە بۆچی دەبێ برسیبن. گەورەکان دڵنەوایی خۆیاندەدایەوە کە دەیانزانی هۆکاری ئەو برسیەتیە چییە و سەرەنجام کۆتایی دێ. بەڵام منداڵەکان لەوە نەدەگەیشتن. هەتا باوکیان لە شەڕ نەگەڕێنەوە ئەرکی ئێمەیە کە نانیان پێدەین. بۆ من و تۆش

هەروا، دایکە، ئەوە تەنیا کاری ئێمەیە، وە ئەگەر نا، جگە لەوە ژیان هیچ نرخ و ئامانجێکی تری نییە...

هەمووشتێك، بەبێ جیاوازی، پەیوەندیان بەجەنگەوە هەیە: ژیانی سەخت، تواناو هەتا شۆرباوی منداڵەکانیش، هەمووشتێ، تا ئاخرین دەنکەدنکە دەرژایە ورگی برسی شەڕەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێك هەبوون کە هیچ زیانێکیان لەجەنگدا بەرنەکەوت بوو، بەڵێ بۆ دەبێ ئەوانە بشارینەوە، کۆمەڵە کەسانێك هەبوون گازیان لە پارووی خەڵکی دەگرت.

ئەوەی لەبیرمە لە ساڵی ١٩٤٣ز بوو، نیوەی زستانێ بوو یان نا، لە کۆتایی زستانێ روداوێك روویدا. دەشت و دەر رەشانگی تێکەوتبوو. بەڵام هێشتا هێندە ساردبوو شەوانە پەنجەرەکانی دەبەستن.

نازانم سەعات چەندی شەوێ بوو، بەڵام دەمێك بوو هەموو خەوتبوون، لەوکاتەدا زۆر بەتوندی خۆی دەکێشا بەپەنجەرەکەوە، منیش گوتم ئێستا هەموو شوشەکان دەشکێنێ و دێنە خوارێ.

کەسێك لە کۆلانێوە هاوار دەکات: تالگانای، سەردەستە، هەستە، هەستە لە خەوێ..

من و ئالیمان ترساین و لە ناو جێگا حەپەساین.

ئالیمان لەتاریکیدا بەهێواشی گوتی: دایکە، چونکە ئەو بە هیوایەوە ئەو قسەیەی کردو گوتی وەك ئەوەی چاوەڕێی موعجیزەیەك بن.

ئەی هیوای نەفرەتی هیچ کاتێك یەخەی بنیادەم بەرنادەی، کە لەناو دڵی منیش دا ترس و شادیت هەڵرشتوە بەخۆم دەگوت: لە وانەیە یەکێك لە منالەکانم لە شەڕی گەرابنەوە؟ ئەوەبوو خۆم گەیاندە بەردەم پەنجەرەکەی:

- کێ یە؟ تۆ کێی؟ چی خەبەرە؟

دەنگێك لە پشت پەنجەرەكەوە وەڵامی دایەوە: تالگانای، وەرە دەرێ. خێرا وەرە دەرێ، ئەسپەكەیان بردووە.

هەتا ئالیمان لامپاكەی داگیرساند من چەكمەكانم لە پێكردن، چاكەتەكەم خستە سەرشانم چوومە كۆڵانێ، یەكسەر بەرەو تەویلەكە رامكرد، لەوێ كۆمەڵێك خەڵك لەگەڵ بەڕێوەبەری كۆڵخوز كۆببوونەوە. دیاربوو دزەكان سێ ئەسپیان بردبوون یەكێك لەوانە ئەسپە وێرغەكەی من بوو كە دابوومە كۆڵخۆز. ئەوانە باشترین ئەسپی یەختەی دەستەكەی ئێمە بوون، ئەوانەمان بۆ زەوی كێڵان ئامادەدەكرد، مەیتەرەكە گوتی: كاتێك ویستم بچمە عەمبارێ بۆئەوەی ئالیكان بۆ نیوەشەوێ بێم، كە گەڕامەوە تەویلەكە تاریكبوو، چرایەكە نە دایسا. وامدەزانی بایەكە كوژاندبیەتەوە، بێئاگا هێواش هێواش چرایەكەم پێكردەوە، كاتێك سەیرم كردسێ لە ئاخوڕەكان بەتاڵن.

لەو رۆژانەدا لە دەستدانی سێ ئەسپ بۆ كۆڵخۆز وەك ئەوە وابوو كە دە تراكتۆرمان لە دەست دابێ. ئەگەر قوڵتر بیربكەینەوە وەك ئەوەیە كە هەر سەربازێك لە شەڕدا، بێبەشكرابێ لە پاروە نانێك. ئەسپەكانی ترمان زین كردو بەشێكمان بەتفەنگەوە دەستمانكرد بەگەڕان بەدوای دزەكاندا، ئەگەر دەیان گەیشتنێ بەزەیشمان بەگیانیشاندا نەدەهاتەوە. بەڵێن دەدەین تۆزقاڵێك بەزەیمان بەگیانیشان نەدەكردن.

لە پشتی ئاوایی بووینە چەند دەستەیەك لە هەموو قۆڵەكانەوە كەوتینە دوایان. ئەسپێكی رەسەنم لەژێردا بوو، خوێن گەرم و تیژرۆ ئەسپی تەپلۆسم خۆش نەدەویست، منیش جڵەوم بۆشلكرد، چاكم لە بیرە كە لە جادەی گەورەوە تێپەرین و بەرەو كێوەكە چووین، دوو كەسی ترم لەگەڵ دەهاتن. جارێك سەیرمكرد ئەوانم نەدەبینی. دیاربوو لێم دابرابوون. لەو شەوەدا رێگا ون كردن ئاسانبوو، چونكە

ئەگەر مانگەشەوبا بەڵام رووناکیەکەی هەڵخەڵتێنەربوو، چونکە چاو هەربیست هەنگاوی پێش خۆی دەدیت. لەو کاتە بیرم لای ئەو دوو کەسە نەبوو دەمویست بەزووترین کات خۆم بگەێنمە دزەکان. زۆر خەمم لەو رووداوە دەخوارد رقم هەستا هیچ ئاگام لەوە نەبوو ئەسپەکە بۆ کوێم دەبا. لەناکاو ئەسپەکە وەستا سەیرم لە شوێنکی زۆر هەڵدێرین، رێك لە خوار کێوەکە بووم، مانگ خەریکبوو لە لوتکەی کێوەکە ئاوا دەبوو، ئەستێرەکان ون دەبوون، لە چواردەورم هیچ ئاگر و رووناییەکی لێنەبوو. لە دۆڵەکەوە بایەکی توندی دەهات دەوەنە وشکەکانی لێکدەدا گڤەی تێخستبوون، لەلای گۆڕستانە کۆنەکە کووندەپەپوەکان بەدەنگی خۆیان وەڵامی یەکتریان دەدایەوە.

منیش بەسواری ئەسپەکەوە سەرەو ژێربووم بۆ دۆڵەکەدا. هیچ دەنگێکی لێوە نەدەهات تەنیا رێویەکان لە ترسان رایاندەکرد لە ژێر رۆشنایی مانگی شین و خۆڵە مێشی بوو. هیچ کەسێ نەدەبینرا.

منیش بەرەو ئاوایی گەڕامەوە. لە سەرووی دۆڵەکەوە دڕۆیشتم هاتەوە یادم کە: کەسێك هەبوو لە ئاوایی ئێمە پێیاندەنگوت (جەنشنکۆڵ) -لەسەربازی رایکردبوو لەگەڵ ئەو دوو کەسە وەك یەك وابوون. ئەودوو کەسەش هاوڕێی جەنشنکۆل و خەڵکی دۆڵە زەرد بوون، هەر سێکیان لەو کێوە خۆیان حەشاردابوو، زۆرم باوەڕبەو قسانەی نەدەکرد تێنەدەگەیشتم چۆن دەبێ خەڵکی لە شەڕدا بکوژرێن و بسوتێن، ئەوانیش لەترسی گیانی خۆیان لەو کێوە خۆیان بشارنەوە. بەم شێوەیە کەسانێك ناچارن بڕۆنە شەڕ و خوێنی خۆیان بڕێژن و فیدای بکەن و کە سانێکی تریش هەنە کە دەتوانن خۆیان بشارنەوە بە ئیسراحەت دانیشن؟ نەخێر، وای بۆ دەچووم کە کێشەیەك هەیە کەسێك هەبێ بەو نەنگیەوە تەمەن بەرێبکات. بەڵام لەو شەوە دا لەساتە وەختەدا بێ دوودڵی کەوتمە گومان لە ئاوایی ئێمەدا هەموو وەك

پەنجەی دەستی خۆمان یەکترمان دەناسی، تا ئەو کاتەی لە ئاوایی ئێمە کەسی وا پەیدا نەبووە چۆن بەم شێوەیە کارێکی ئاوا نابەجێی دەست بۆ دزینی ئەسپ ببات. لەلایەکی ترەوە ئاخر خۆ ئەسپ دەرزی نییە تا بتوانێ لەبن یەخەی بیشارێتەوە. ئەوانە بەیەکجار سێ ئەسپ. کەواتە دەبێ لە شوێنێکی ترەوە ئەو دزانە بۆ ئاواییەکەی ئێمە هاتبن. بەدڵنیایی لەو سەعاتەدا وەك گورگ لەو کێو و چۆڵانیەوە تەراتێن دەکەن. ئەگەر ڕاستبێ جەنشنکۆل هەڵاتووبێ دیارە ئەوە کاری ئەوە. من گومانی ئەوەم لێدەکرد بەڵام زۆریش دڵنیا نەبووم. هەر چۆنێك بێ هیچ کەسێکیش دزی ئەوی بەچاوی خۆی نەبینیوە.

ئێمە بەسێ ئەسپەوە کاری کێڵانمان دەکرد. کاتێك ئەو سێ ئەسپەیان لێدزین بە ناچارییەوە چوار گای ترمان لەجێ دانان. دڵمان پێدەسووتان بەڵام چارەمان نەبوو. ئەوە بوو دەستمان بە چاندن کرد ئێمە سەرگەرمی کاربووین نەبیرمان لە دزەکان دەکردەوە نە لە خودی خواش.

پێموایە ئەوە سەختترین بەهاربوو کە لە هەموو تەمەنی خۆمدادیتبم. خەڵك هیچ خەتایەکیان نەبوو، خەڵکەکە دەیانویست کاربکەن و کۆششیان دەکرد بەڵام بەسکی برسیەوە نەیاندەتوانی کاری زۆرتر ئەنجام بدەن. ئەوەی کە جاران بە رۆژێك دەیانکرد ئێستا بۆتە کاری یەك هەفتە. کارمان دوا دەکەوت، چاندن درێژەی دەکێشا. بەدبەختیەکی تریش ئەوە بوو بنە تۆویش لە کۆڵخوزدا نەمابوو. ئێمەش لە هەر شوێنك مشتێك گەنمان پەیدا کردبا دەمان هێنا و دەمانچاند، عەمبارەکانمان گەسك لێدان هەمووەمان هێناو کارەکەمان پێ ئەنجامدا.

من لەو رۆژانەدا لە بارەی ژیانەوە باشتر بیرم دەکردەوە: هیچ شتێك لەکاری رۆژانەم دەست ناکەوێ ئەو زەخیرەی کە هەمانبوو خوارد بوومان. باشە دەبێ چیبکەین؟ ئەی دەکرێ دەست لەسەر دەست دانێین و هیچ نەکەین؟ نەخێر،

ناکرێ دەست لە کراسی بێنیە دەرێ، نابێ دەست لە خۆمان بشۆین، ئەی دەبی چیبکەین لەمەودوا؟ خۆمان گرت هەتا پایزێ، زستانیشمان بەڕێکرد، ئاخر دووبارە بەهار دێتەوە دەبێ خەڵکیش بە برسیەتی و ناتەواوی دەست بکەنەوە بەکارێ. کاریش نەکەی نابێ. هەر چۆنێك بێ ئەوەم بەخەیاڵدا هات: کە دەبێ زەویەکانمان بکێڵین کاربکەین- بۆ ئەو کارەش پارچە زەویەکی دوورەدەست هەیە بەرهەمەکەشی دابەشدەکەین بەسەر خەڵکی ئاواییدا. بۆ دەستپێکردنی ئەو کارەپرس و ڕامان لەگەڵ بەرێوەبەری کۆڵخۆزکرد، هەتا ئیدارەی ناحیەش چووم و بۆم روونکردنەوە کە ئێمە بەپێی نەخشە بەڵێنی خۆمان جێبەجێ دەکەین.

ئێمە ئەو زەحمەتەش دەخەینە سەرکاری رۆژانەمان کە بۆ ژیانی خەڵکی ئاوایی باشبێ. لە پشت مێزەکەوە رووی تێکردم گوتی:

-تۆ دەتەوێ یاسای ستالینی کۆڵخوز بشێوێنی.

خۆم وە خۆ نەگرت گوتم:

- وامدانا کە شێوا چی روو دەدات،؟ ئەو یاسایە بەزیاد نەبێ، ئاخر ئەگەر ئێمە برسیمان بێ کێ نانمان پێ دەگەێنێت.

ئەویش گوتی: پێم وابێ توێشووی شوانت خواردوە، دەتەوێ بتنێرینە شوێنە دوورە دەستەکان؟

گوتم: ئەگەر بەوکارە جێبەجێ دەبێ، بمنێرە. بەس بیر لەوە بکەوە ئەوکات کێ نان بۆ ئەو سەربازانە دەبات لە بەرەکانی جەنگ کە گیانی خۆیان بەخت دەکەن؟

هاواری لێهەستا، دواتر چووینە کۆمیتەی حزب. ئاخیری رەزامەندیان نیشاندا گوتیان لەسەر بەرپرسیاریەتی خۆتان دەتوانن ئەوکارەبکەن. بەڵام کارەکەمان بەوە تەواو نابێ، سەختیەکەی ئەوەبوو بنەتۆومان نەبوو بۆ چاندن. عەمبارەکانی کۆڵخوزیش سەرەوبن بکەن یەك دنك پەیدانابێ، ئەوەی هەبوو چاندبوومان.

ئەوکات پێویستمان بە بیرو بۆچوونی زیاتر هەبوو، گەورەو گچکەی گرووپەکەمان کۆکردەوە، بۆ ئەوەی نەبوو کۆبوونەوەی رەسمی پێك بێنین، نەخێر بەڵکو کۆبوونەوەیەکی راوێژکاری خێزانیمان پێك هێنا و گوتم: وەرن با بە هەموومان بیرێك بکەینەوە کە بۆ ئایندەمان رێگە چارەیەك دانێین. لەگەڵ ئەوەی کە لە کشتوکاڵدا هیچ ئومێدێکتان پێ نەبێ. باش دەزانن کە ئەوە بۆ بەرەی جەنگە و ئەوەی دەمێنێتەوەش دەبێ وەلای نێین بۆ بنە تۆو. بەڵام ئەگەر تۆوەکە پەیدابکەین ئەوە دەتوانین هاوکاری بۆ ئەو خێزانەی کە منداڵی زۆریان هەیە و پیرەکان و هەتیوەکان گەنمەکەیان بەسەردا دابەش بکەین، ئەگەر باوەرتان پێمە دەتوانم ئەو بەرپرسیارەتییە وە ئەستۆدەگرم. ئێستا کار کەوتۆتە سەر ئەوەی کە هەر یەکێکمان ئەو تۆزەگەنمەی لەگونیەکان و پاشخاندا ماوەتەوە بیهێنن بۆ چاندن. لێم نەرەنجێن و تورەشنەبن، با ماوەیەك پاروە نانێك لە زاری خۆمان بگرینەوەو ماوەیەك زۆر تێرنەبین، هەرچۆنێك بێ تا کاتی دروێنە بە خواردنی شیر دەیگوزەرێنین، لە بەرامبەر هەر دنکە گەنمێك بۆ مان دەبێتە سەددانە، خۆشەویستانی من، کەمێك زۆری لە خۆتان بکەن، ددان بەجەرگی خۆتاندابگرن، لەبەر خاتر خۆتان و منداڵەکانتان ئەو فیداکارییە بکەن، پەشیمان نەبنەوە. ئەو قسانەی دایکانەم لێوەربگرن تاکاتی چاندن لە پشتم بمێنەوە و هاوکاریم بکەن.....

ئەو کاتەی بەیەکەوە کۆببوینەوە وا پێدەچوو هەموو پشتیوانیم لێدەکەن. کاتێك دەستمانبەکارکرد هەموو کارەکە دژوار بوو، بەتایبەت کاتێك ئەو دایکانەی منداڵیان زۆربوون و لە ماڵی دەهاتنە دەرێ هەموو شتێکیان بە نەفرەت دەکرد: جەنگ و ژیانی سەخت، بۆ منداڵەکانی کوڵخۆز و منیش زۆر دڵتەزێن بوو، لەگەڵ ئەوەی خوێنی خۆیان دەخواردەوە هەر کەسێك لە توانایدابوایە گەنمی دەبەخشی، یەکێك چەند کیلۆیەك، ئەویتر مشتێك، دەمزانی کە خەڵکە ئاخردنکیان

هێنا، منیش لێم وەردەگرتن و لۆچ لۆچ دەمخستنە ناو تەلیسەکە، بەمشێوەیە بەعارەبانە دەچوومە ماڵەکان و لە هەموو دەرگایەکەم دەدا، داواتان لێدەکەم و لێتان دەپاڕێمەوە، شەرمم نەدەکرد و هەرچی گەنم هەبووایە وەرمدەگرت. تەنیا شتێك هێزی بەدڵم دەبەخشی ئەوە بوو لە پایزدا هەموویان لێم رازیبن، لەوانەیە بۆ لۆچێك گەنم سوپاسگوزاریان بم.

هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە کە چ رەفتارێکم لەگەڵ ئایشێی دراوسێمانکرد. نەخۆشبوو. هاوسەرەکەی ناوی (ژامان بای) بوو لە پێش هەڵگیرسانی شەڕ مردبوو هەر زوو بێوەژن بوو. لە مێردەکەی کوڕێکی هەبوو ناوی بەکتاش بوو بۆ خۆشی هەمیشە نەخۆشبوو. ئەوکاتەی کە تەندرووستی باشبوو لە کۆڵخوز لە مەرەزەجاڕ کاریدەکرد، مانگایەکیان هەبوو ژیانی خۆی و منداڵەکەی پێدابین کردبوو. بەکتاشیش ئەوکات کاریدەکرد کوڕێکی ژیرو ئاقڵ پەروەردەکرابوو. وا رێکەوت لەو رۆژانەدا بەعارەبانەکەی ئەو دەچووینە بەر دەرگای ماڵان. کاتێك گەیشتینە بەردەرگای ماڵی ئەوان لێم پرسی:

- بەکتاش هیچ شتێك هەیە لەماڵی ئێوە؟

کوڕێژگە بەهێواشی وەڵامی دایەوە: کەمێك هەیە، لە ناو تەلیسەکەدا، لەپشتی تەندورەکە.

گوتم: برۆ بیهێنە.

- نا، پورە تالگانای، بۆخۆتان برۆن.

ئەو رۆژە ئایشێ نەخۆشبوو لەماڵێ لێیکەوتبوو. لەسەر لبادەکە دانیشتبوو پشتێنێکی گەرمی لە خۆی پێچابوو.

بە ئایشێم گوت: ئایشێ هاتوومەتە لات ئەوەی کە خەڵك پێیانداوم لە تۆشی بستێنم.

ئایشێ تەلیسەکەی نیشاندام کە لەپشت تەنورەکەوە بوو گوتی: ئەوەی هەمانە هەر ئەوەیە.

گوتم: ئەوەی هەیە بمدەیە. ئەوەت بۆ گاڵتەوگەپ لێوەرناگرم. ئەوە بۆ بنە تۆوە. زەوی ئامادەیە بۆ چاندن. باشە تاخیرم مەکە ئایشێ.

ئایشێ لیوەکانی دەکرۆشتن بەبێ ئەوەی قسەبکات سەری خۆی بەردایەوە ئاخ ئیحتیاجی نەفرەتی، بینادەم دەخەیتە چ دۆخێکەوە.

پێمگوت: تۆ بەوەندە گەنمە هەردەتوانی دەپانزە رۆژێکی پێ بەرێکەی. بەڵام لەبیری زستانی داهاتووت بی، بەهاری داهاتووش، تکادەکەم لەبەرخاتری کوڕەکەت چیت هەیە بیهێنە، کە بە عارەبانەکەیەوە لە کۆڵانێ چاوەڕێیە.

ئایشێ سەری بەرزکردەوە بە پاراوەنەوە سەیری دەکردم، دوایی گوتی:

- ئەگەر هەرچیەك هەبا دەمدایە. ماندووم نەدەکردی، بەڵام تالگانای، تۆ دەزانی کە.... تۆ دراوسێمی ...

هەستم دەکرد لە بەرامبەر هێزی پاڕانەوەی ناتوانم راوەستم، بەڵام وازم لە دڵسۆزی و دڵ نەرمی هێناوگوتم:

- ئایشێ من لەو دەقیقەیەدا دراوسێی تۆنیم، من سەر دەستەم، بەناوی هەموو خەڵکەوە ئەو گەنمە بۆبنە تۆو وەردەگرم.

تەلیسەکەی هەڵگرت.

ئایشێ روویوەرگێرا.

تەلیسەکەی نزیکەی حەوت کیلۆیەکی تێدادەبوو. دەمویست هەمووی تێکەم بەڵام دڵم نەهات. نیوەی گەنمەکەم خستە ناو ستڵەکە و گوتم:

- ئایشێ سەیرکە تەنیا نیوەم هەڵگرتووە، لێم نەڕەنجێی.

ئایشێ ئاوڕیدایەوە دیتم فرمێسك لەسەر گۆناكانی بەسەر چەناگەیدادەهاتنە خوارێ. ئیتر توانای وەستانم نەما. لە ماڵەكەی وەدەر كەوتم. ئاخ، بۆچی ئەو گەنمەم هێناو نەمدایەوە؟ بەڵام من چیمدەزانی چی بەسەر ئەو گەنمە دێت كە كۆی دەكەمەوە بۆ بنەتۆو؟

دوو تەلیسی گەرورە ی گەنم كۆكرانەوە. جوان پاكمان كردنەوە. بۆ خۆشم بردم بۆ كێڵان و چاندن. خۆزگە ئەو رۆژە پەلەم نەدەكرد، چونكە كێڵانی هەرمابوو. بەڵام من دەمویست هەرچی زووترە زەویەكە ئامادە بكەین بۆ كێڵان تا لە كازیوەی بەیاندا بەدەستی خۆم تۆوەكە بچێنم، هەموو شتێك ئامادەبوو: تۆو، كێڵان، ئەوەی دەمویست ئەنجام درابوو.

كاتێك شەوێ لە سەركارێ گەرامەوە ماڵێ دڵم خورپەی كرد و ناڕەحەت بووم وەك لە سەرئاو و ئاگربم. بە رۆژ بە بەكتاش و كوڕێكی ترمگوت بوو گاسنەكان بە عارەبانەكان ببەستنەوە ئەو شوێنەی دیاریمانكردبوو. منداڵ هەر كارێك بكات هەر منداڵە. بۆیە زۆر دڵنیا نەبووم كە فەرمانەكەم جێبەجێ دەكەن، بە ئالیمانم گوت:

- دەڕۆم بزانم كوڕەكان چیدەكەن.

سواری ئەسپ بووم و بەڕێكەوتم.

لە پشت ئاوایی ئەسپم تاودا. دنیا خەریك دەبوو تاریك دابێ. كاتێك گەیشتم گاكان ئێستا كەڵاوەیان هەر لە مل دا بوون و وەستا بوون. كەسیشیان لەنزیكەوە نییە. لە دڵی خۆم نەفرەتم لە كوڕیژگەكە دەكرد چۆن تائێستا ئەو گایانە كەڵاوەیان هەر لە ملدایە، ئاخر ئەوانە ماندوودەبن و دەمرن. گوتم ئارام بگرم تا راستیم بۆ دەردەكەوێ، كەوتمە گەڕان بە دوایاندا كە دیتم عارەبانەكەبە گاسنە كانەوە كەوتبوونە سەرزەویەكە و هیچ كەسێكیش دیار نییە.

دەستمکرد بەهاوارکردن: ئەهای کوڕینە، لەکوێن؟ هیچ کەس وەڵامی نەدایەوە، لەو شوێنە هیچ کەس هەناسەشی نەدەهات. ترسم لێنیشت، چیان بەسەرهاتووە؟ لەکوێ ون بوونە؟ بەلێخورینەوە هەتا کە کەویلەکە چووم لە ئەسپەکە دابەزیم، چەرخەکەم پێکرد، دیتم دەست و پێیان بەستراوە، هێندەیان لێدابوون نیوەمردوویان کردبوون و لەوێیان فرێدا بوون. دەمیان بە کۆنەپەڕۆ بەستبوون. کۆنە پەڕۆیەکەم لەدەمی بەکتاش دەرهێنا بەهاوار کردنەوە پرسیم:

-بنە تۆوەکە لەکوێیە؟ تۆوە کە چی لێهاتووە؟

بەکتاش بەدەنگێکی نزمەوە گوتی: دزیان، ئێمەیان کوشت، بە سەری ئاماژەی بۆ ئەو شوێنەکرد کە دزەکان پێیدا رۆیشتبوون.

دواتر نەمزانی چی روویدا، ئەوەندەی دەزانم بە درێژایی هەموو تەمەنم وەك ئەوشەوە ئەسپم لینگ نەدابوو. هەر چەندە ئەو شەوە تاریکبوو، بەڵام ئەگەر تاریکی گۆڕیش هەبووایە گوێم نەدەدایە. ئەگەر ماڵەکەشیان تالاّن کردبام و ئاوریان پێوەنابا هێندەم خەم نەبوو. ئەگەر پایز باو تەلیسە گەنمیان لە عەمبارێدا دزیبایە هەر چونێك بێ ددانم بەخۆمدا دەگرت و دەمگوت: باشە مشکەکانیش گەنم دەدزن. بەڵام بۆ ئەو بنەتۆوە کە بۆ نانی داهاتووی ئەو خەڵکەی ئاوایی ئامادە بووم دزەکان بەدەستی خۆم بیان خنکێنم.

دوای ماوەیەك لێم دەخوڕی دەرکەوت کە شوێن پێی دزەکانم هەڵگرتووە، چونکە لە دوو سەد سێ سەد هەنگاوی خۆم بریسکەی سمی ئەسم دیت. دزەکان کیسەکانیات لەپێش خویان لەسەرزینەکە دانا بوو بەرەو کێوەکە دەڕۆیشتن.

کە ئەوانم دیت دەستمکرد بە هاوار و پارانەوە :

ئەو تەلیسانە دانێن، ئەوە بنەتۆوە، تەلیسەکانمان بدەنەوە ئەوە بۆچاندنە.

گوێیان پێنەدام ئەسپیان لینگدا. ماوەی خێرایی نێوانمان کەم بوو دیتم یەکێك لەوانە لە قەراخ جادەکەوە سواری ئەسپە وێرغەکە بوو کە لێیان دزیبووین. ئەسپەکەم ناسییەوە، ئەوەبوو هەراملێکرد:

- راوەستە،دەتناسم، تۆ جەنشنکۆلی، تۆ جەنشنکۆلی، ئیتر ناتوانی لە دەستی من رابکەی، راوەستە، دیار بوو کەلە راستیدا جەنشنکۆلە. چونکە گەرایەوە بۆ لام هات. ئاگری لە چاوی دەباری دەنگی وەکو تیر دەهاتە بەر گوێم. کاتێك لە ئەسپەکە کەوتمە خوارەوە تێگەیشتم کە گوللە بووە، سەرەتا وامدەزانی ئەسپەکەم سەرسمی داوە. کاتێك بە هۆش خۆم هاتمەوە ئازارێکی زۆرم لە کەلەکەم هەست پێدەکرد، خوێن لە سەرم دەهاتە خوارێ و دڵۆپە ساردەکانی خوێنەکە دەهاتنە پشت ملم. لە تەنیشتمەوە ئەسپەکە بەلرخەلرخەوە هەناسەی دەدا، هەوڵیدەدا هەستێتەوە دوا هەناسەی هەڵدەکێشا. سەری بەزەویەکەوە نابوو ئیتر بێدەنگ بوو، هەموو شتێك دوور لە منەوە بێ هەست ژیانی منیش هەروا کپ بوو. منیش بەبێ ئەوەی دەست و پێم بجوڵێنم و هەوڵی هەستانەوە بدەم، لە شوێنی خۆم درێژبووم. هەموو شتێك بۆمن یەکسانبوو، ژیان بۆ من هیچ مانایەکی نەبوو، بیرم لەوە دەکردەوە چۆن خۆم بکوژم. ئەگەر هەڵدێرێك هەبا خۆم لێوە فڕێدەدا، ناتوانم بروابکەم نەمدەتوانی چاوم بە چاوی خەڵکی ئاوایی بکەویتەوە، لەوکاتەدا لە ئاسماندا کاکێشانم دیت بە رووبارێکی تاریك و مژاوی دەچوو ئەو فرمێسکە تاڵەی کە لە چاوی ئایشێ دیتم هاتەوە بەرچاوم، دەستەو ئەژنۆ دانیشتم و دواتر هەستامە سەرپێ، دە لەرزیم و بەر بوومەوە دەستم کرد بەگریان و نەفرەت کردن:

- هیوادارم کە خوێنی جەنگ بە نەفرەتت بکات، جەنشنکۆل، بکەویتە بەر نەفرتی کوژراوانی جەنگ. بکەویتە بەرگرفتاری نەفرەتی منداڵان، جەنشنکۆل،

ئەوەندە گریام و هاوارمکرد، تا لەپەلو پۆ کەوتم. ماوەیەکی زۆر لەوێ کەوتم.
دوای ماوەیەك دەنگی پێی کەسێك دەهات و بانگی کەسێکی دەکرد:
پوره تالگانای، لەکوێی؟ پوره تالگانای،
دەنگی بەکتاشم ناسیەوە و وڵامم دایەوە، بەکتاش بە هەناسە بڕکێ هاتە لام، لەسەر ئەژنۆ دانیشت و سەری بەرزکردەوە:
- پوره تالگانای، چی روویداوە، بریندار بووی؟
- نا، لە ئەسپەکە کەوتومە خوارەوە، گولەیان لە ئەسپەکەدا.
بەکتاش خۆشحال بوو گوتی: باشە هیچت بە سەر نەهاتووە. ئێستا دەتبەمەوە ماڵێ، سەیرێکی ئەسپەکەی کردو گوتی: نا هێڵم گۆشتەکەی حەرام بێ و دابەشی دەکەم بەسەر ماڵەکانی ئاوایدا.
کوریژگە منی بە عارەبانەکەی گەیاندەوە ماڵێ. سێ رۆژان بۆی لە جێیدا کەوتم، پشتم راست نەدەبۆوە. ئێستاش کە دنیا ساردەبێ ئازارم هەر هەیە، لەو چەند رۆژانەدا خەڵکێکی زۆر بۆ هەواڵپرسینم سەردانیان دەکردم. سوپاسگوزاری هەموویانم، بەتایبەت سوپاسگوزاری من بۆ ئەوەبوو کە هیچ کەس سەرکۆنەی نەکردم، هەتا هیچ کەس پلاریشیان تێنەگرتم، وەك بڵێی هیچ روونەدابێ و گەنمیشم لەکەس وەرنەگرتبێ. لەسەر کۆنە نەکردنی ئەوانە زیاتر خەم و خەفەتم دەخوارد، هەرکات دێتەوە یادم چۆن رەنج بەخەسار بووین، زەوی مان کێڵا بەبێ بنەتۆو مایەوە کە من لە دەمی دەیان منداڵی برسیم گرتەوە ئەو رێگرانە بە تاڵانیان برد، لە خەفەتان ئاگرم لە جەرگی بەردەبێ چاوم تاریك دەبن.

١٠

- بەڵێ تالگانای، ئەوە هەر تۆنیت، منیش هەمان ئازارم چەشتوە، ئەو زەویە بەتاڵە دانەچێنرا، بەدرێژای ئەو هاوینە وەکو برین دووبارە دەسوتایەوە ئازاری هەبوو. کۆنەبرین بەردەوامی هەیە. ترسناکترین برین لەسەر سینەم ئەو زەویانەن کە دانەچێنراون و ماونەتەوە، ئای تالگانای، لەبەر شەر چەند زەوی نەتوانرا کاریان تەواو بێ و ماونەوە. دوژمنی بابە کوشتەی من ئەو کەسەیە کە جەنگی هەڵایساند.

هەق بەتۆیە، راست دەکەی، وڵاتی شیرینم. ماسل بەکی کورم ئەوەی نوسیبوو. نامەکەی ماسل بەکت لەبیرە؟

- لەبیرتە، تالگانای؟

- بەڵێ هەموو شتێك لەیادی هەردووکمان هەیە. ئەمڕۆ، خاکی خۆشەویست، رۆژی یادی پیاوە مردووەکانە، ئەمڕۆ ئێمە هەموو شتێك مان دێتەوە یاد.

- بەڵێ، تالگانای، دێتەوە یادم، ئاخر ماسل بەك هەر تەنیا کوڕی تۆ نەبوو، کوری منیش بوو، نامەکەی ئەوم لەیادە، تالگانای.

١١

کاتێـك خـەڵکی ئـاوایی بەمەبەسـتی هەواڵپرسـینم سـەردانیان دەکـردم وام هەستدەکر ئەوانە تەنیا بۆ ئەوە دێن کەمن نارەحەت نەکەن لەبارەی لەدەستدانی گەنمەکە هیچیان نەدەگوت، زۆر هەرباسی دەنگوباسی تازەو ئاو و هەوا قسەمان دەکرد. بەڵام دواتر دەرکەوت کە هۆکارێکی دیکەشی هەیە ئەوم دواترزانی. بەڵام ئەوانە دەیانزانی کە چ بەدبەختیەکم بەسەر هاتووە.

رۆژێکیان ئایشێ بە خۆی و کوپێك شیرەوە هاتە سەردانم. کاتێك وەژوور کەوت لەشەرمان ببوومە یەك دڵۆپە ئاو. نەمدەزانی بڵێم چی بەبێدەنگی لەسەرتەختەکە دانیشتبوم. پێیگوتم:

ئەوشتانەی روویانداوە لەبیریان بکە، ئەو رۆژەی منیش بیخەلاوە. مـن رق و کینـە لەدڵمدا راناگرم. ئەگەر پێویست بکات گیانیش بۆ تۆ درێغی ناکەم. ئێستا بەکتاش هاوکاری تۆ و منیش دەکات. تەنانەت تۆی لە من خۆشتردەوێ. منیش بەوە زۆر خۆشحاڵم. دەردەکەێ کە کوڕێکی ژیرو و دانا چۆن باردێنی...

تەنیا گوتم:

- ئایشێ زۆرت لێ مەمنونم.

بەیانییەکەی حاڵم باشتربوو هاتمە حەوشەی تاسەرێك لە ئیش و کارەکانی ماڵێ بدەم. بەڵام زۆرماندوو بووم لە نزیك پەنجەرەکە لەژێر بەر بەرۆچکەکە دانیشتم، ئالیمانیش لە ماڵێ بوو خەریکی جلشووشتتن لە حەوشە. لێم پرسی بۆچی ناچیتە سەرکاری خۆت، وەڵامی دایەوە کە بەرێوەبەر پێگوتوە لای منبێ تا تەنیانەبم.

لەو بەهارەدا پیرەدارێکی سێومان هەبوو، کاتی خۆی سۆڤانکۆل چاندبووی، هێندەی گوڵ گرتبوو دەتگوت هەڕەتی گەنجییێتەتی کاتێك کە باخەکان پڕ لە گوڵن، هەوا پاکترە دیمەکانی دەرودەشتیش جوانتردەرازنێتەوە. هەر دانیشتبووم سەیری دەور و بەرم دەکرد. لەوکاتەدا پۆستەچی ئاوایی (تەمیرەچال پیرە)هاتە ماڵی ئێمە، دوای سڵاو و هەواڵپرسین، کە دیتم پیرەپیاو پێچەوانە ی عادەتی جارانی، پەشۆکاو بوو، وەکو رۆژانیتر نەدەهاتە بەرچاوان. هەر کۆخە کۆخی بوو، دەیگوت: هەفتەی رابردوو سەرمام بووە کۆخە تەنگی پێهەڵچنییبوو نارەحەتی کردبوو. دوای ئارام بوونەوە گووتی:

- پێموابێ نامەتان بۆ هاتوە.

نامەکەی لە پاکەتەکە هێنایە دەرێ.

هەندێ ماتیەکەینیطۆرانی کردبووم، گوتم:

-کەواتە بۆ زووتر ئەوەتنەگوت؟ لەلای کێوە هاتووە؟

- وەك ئەوەی کە لە ماسلبەکەوەهاتبێ.

سەرەتا لە خۆشیان ئاگام لەهیچ نەبوو، گرینگیم بەوەنەدا کە ئەو نامەیە وەکو نامەکانی پێشووتری سێگۆشەنەبوو، بەڵکو لە پاکەتێکی ئەستوری سپیدایەو بەچاپکراوی لە سەری نوسرابوو. لەو کاتەدا بەکتورسونی هاوسێمان کە لە جەنگدا بریندارببوو بە خۆی و گۆچانەکەی بن باڵی بۆلای ماڵی ئێمەدەهات. وەك ئەوەی برینی قاچی خراپتربووبێ، چونکە بە نارەحەتی لە دوای خۆیرایدەکێشا. زۆر جاران دەهاتە لامان و دادەنیشت، باس و خواسماندەکرد، بەکتورسوون دوای سڵاو و هەواڵ پرسین پاکەتەکەی لێوەرگرت و گوتی لە ماسل بەکە وەیە.

پێمگوت: بۆچی دەستتدەلەرزێ؟ بۆ راوەستاوی؟ دانیشە و بخوێنەوە.

بە نارەحەتی لەسەر لبادەکە دانیشت، قاچیشی نەدەنوشتایەوە. بەپەنجە لەرزۆکەکانی پاکەتەکەی کردەوە و دەستیکرد بەخوێندنەوە. ئاخ رۆڵەکەی من، هەر لە سەرەتای قسەکانی ئەوەم وەگیرکەوت. نوسیبووی:

تێگەیشتی دایکەکەم، دوای ماوەیەك لێی حاڵی بووی، پەسندتکرد کە کارێکی باشمکرد. بەڵێ، من دڵنیام ئێستا دەڵێی کردەوەکەت زۆر شەرەف مەندانەبووە. ئەگەر بتەوێ تێمبگەی، ئەگەرچی ئەو قسانەت بەسەرزاریدانایەن، بۆ نموونە: کوڕەکەم تۆ چۆن دڵت هات و مافت بەخۆتدا کە بەو ئاسانییە دەست لە گیانی خۆت بەربدەیی؟ کە چۆن تۆم هێناوەتە ژیان و پەروەردەم کردووی؟ بەڵێ دایکە، تۆ دایکی و مافی ئەوەت هەیە بپرسی، بەڵام بۆ ئەو پرسیارەت مێژوو وەڵامت دەداتەوە. من ئێستا دەتوانم بڵێم کە ئێمە شەڕمان نەدەویست ئێمە هەڵمان نەگیرساندووە، بەڵام بەسەریانداسەپاندین، ئەوەیە چارەڕەشی ئێمە، چارەڕەشی مرۆڤایەتیە. ئێمە دەبێ خوێنی خۆمان فیدابکەین، گیانمان بەخت کەین بۆ ئەوەی دێوەزمەی جەنگ ببەزێنین. ئەگەر ئێمە بۆ ئەو فیداکارییە ئامادەنەبین شایەنی ئەوەنین ناومان مرۆڤ بێت. من هەرگیز تینووی ئەوە نەبووم تا لە شەڕدا قارەمانیەت بنوێنم. چونکە من خۆم ڕادێنا بۆ سادەترین پیشە و دەمویست مامۆستابم. تەنیا ئارەزووی مامۆستایەتیم لەکەللەدابوو، بەڵام بە ناچاریەوە لەبری هەڵگرتنی قەڵەم و کتێب دەستم دایە تفەنگ و چوومە سەربازی. ئەوەش تاوانی من نییە. ئەوە ویستی رۆژگارە. کە نەمتوانی وانەیەکیش فێری قوتابییەکانم بکەم.

دوای یەك سەعات ئەو ئەرکەی کە نیشتیمان لەسەر شانی منی داناوە ئەنجامی بدەم، پێموانییە لەو ئەرکەم بە زیندوویی بگەڕێمەوە. بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە دەچم تا لەکاتی هێرشدا گیانی زۆرێك لە هاوڕێکانم رزگاربکەم.

لەبەر گەلەکەم، لەپێناو سەرکەوتندا، لە پێناو هەموو ئەو شتانەی لە ناخی مرۆڤدا جوانن بەرەو ئەوئەرکە دەڕۆم.

دایکە، ئەوە کوتا نامەی من و قسەی منە. ئەگەر هەزار جاری تریش ناوی تۆ بێتە سەرزمانم لە بەرامبەر تۆدا ئەرکی خۆم بەجێ نەگەیاندووە. دایکە، لەوەی کە دەبمە هۆکاری خەم و نارەحەتی تۆ بمبورە. بەڵام ئەوە بزانە لە خۆ بووردەیی من لە شێتیەوە نییە، نەخێر، بەڵکو ژیان ئەوەی فێرکردوومە کە ئاوابم. ئەوە یەکەم وانە و دواین وانەیە بۆ منداڵەکان کە دەمویست ببمە مامۆستایان. من بە باوەڕی خۆم ئەو ئەرکەم وەئەستۆ گرتووە. شانازی دەکەم کە ئەوە بەرزترین ئەرکە لە بەرامبەر مرۆڤایەتی ئەنجامی دەدەم.

دایکە، فرمێسکم بۆنەڕێژی ڕێگە نەدەی هیچ کەسیش فرمێسکم بۆبڕێژێت. گریان کەڵکی نییە.

دایکە، بمبورەو خو ئاگادارت بێ.

کێوە خۆشەویستەکانم، (ئالا- تو) ماڵئاوایی لە ئێوە دەکەم. ئێوەم زۆرخۆش دەویست.

کورەکەت، مامۆستا، ملازمی دوو) ماسل بەك سۆڤانکۆلف.

مەیدانی شەڕ، ٩مارس ١٩٤٣، کاتژمێر ١٢ شەو.

وەك ئەوەی لە خەوێکی قوڵدابم سەرم گرانبوو سەرم هەڵبڕی. لە حەوشەکە هەموویان بێدەنگ وەستابوون. کەس نەدەگریا. ماسل بەك تکای کردبوو هیچ کەس نەگری. ژنەکان قۆڵیا گرتم، کە هەستام بایەکە لە داری سێوەکەی دەدا گوڵەکان وەك هەورێکی سپی بڵاودەبوون بەئارامی بە سەرماندا دەبارین. لە پشت دارسێوەکە، ئەو دیو لوتکەی کێوەکان ئاسمانێکی پاك و ساف و بێگەردی نیلی

دەبینرا. هاوارێك دەیویست لە گەرووەمەوە ناڵە و هاوارێك بێتە دەرێ. دەمویست هاوارێك بکەم هەموو دنیا بیبیستێ. بەڵام بێدەنگ بووم چونکە کوڕەکەم داوای کردبوو نەگریم و منیش دەمویست دواین خەونی ئەو بەدیبێنم. نەمدەزانی ئالیمان چیدەکات لەوکاتەدا. تەنیا دیتم بە ئەسپایی و بەئامێزی کراوە بۆلام دەهات. لە نزیکمەوە وەستا سەیری چاوەکانی دەکردم لە کاتێکدا دەستی بەروخسایەوە دەگرتو دوور کەوتەوە.

بەم شێوە کوڕی دووەمیشم لەدەستدا. تەنیا کڵاوەکەیم بۆ ماوەتەوە.

١٢

- بەڵام، تالگانای، بۆ من ناوی ئەو ماوەتەوە. من نیشتیمانی ئەوم. قسەکانی ئەو بۆ خەڵکەکە مایەوە، ئەوان هاونیشتیمانی ئەون.

- بەڵێ، وڵاتی بەڕێزم، بەم شێوەیە. کۆڵخۆز ئێمە ئێستا بە ناوی ئەوەوەیە. لە هەمانکاتیشدا نامەکەی ماسل بەك و لەگەڵ نامەی خۆیان ڕەوانەی ئەنجوومەنی کۆڵخۆز یان کردبوو. کە تێیایدانوسیبوویان کە هەرگیز ئەو هاوڕێیەیان لەبیرناکەن، هەمیشە شانازی بە ئازایەتی ئەو دەکەن وڵاتە خۆشەویستەکەشمان هەمیشە ناو و یادی ئەو بەرز رادەگرێ. وە نوسیبوویان کە ماسل بەك پێش هێرشیکی گەورە سەربازەکانی ئێمە عەمبارەکانی چەکو تەمەقەنی دووژمنیان لەگەڵ زەوی تەختکرد. دیارە من لە بەردەم قارەمانان و لە بەردەم کوڕەکەی خۆم سەری ڕێزدا دەنەوێنم ئەو شانازیە بۆتە هۆی سەرفرازیم. بەڵام هیچ شتێك، هیچ شانازییەك ناتوانێ جێگەی ئەو بگرێتەوە. لە هەر دایکێك بپرسی هیچ دایکێك ئارەزووی ئەو جۆرە شانازییە ناکات. دایکەکان منداڵەکانیان بۆ ژیانێکی ئاسودەو خۆشبەختی دەهێنەسەر دنیا.

- تۆ لەسەرهەقی، تالگانای. هەمیشە ئەو بەهارەم لەبیرە کە سەرکەوتنیان ڕاگەیاند، ئەو ڕۆژانەم هەر لەیادە کە خەڵکی دەچوونە پێشوازی ئەو سەربازانەی لەشەڕ دەگەڕانەوە، بەڵام تا ئێستاش تالگانای، بەتەواوی ناتوانم بڵێم کە چ شتێکی لە خەڵکی زیاتربوو: خۆشحاڵی یان دەرد و خەم.

## ١٣

ئەو رۆژەی نۆرەی ئەوبوو کە مەرەزجارڕ لەگەڵ خزمانی کۆڵخۆز زەوی بکێڵین. خەریك بوو لە کێڵان تەواو دەبووین لە ناکاو لە کۆڵانەکان دەنگە دەنگ و هات و هاوار پەیدا بوو. ئالیمان خێرا رایکرد بزانێ چ خەبەرە و هەر زوو گەڕایەوە.

- دایکە، خێرا بەرێبکەوە. خەڵکی دەچنە پێشوازی سەربازەکان. ئێمەش گاو گاسنەکانمان بە گاسن و نیرو ئامورەوە هەر لەشوێنی خۆمان بەجێهشتن و بەڕێکەوتین. هەموو خەڵکی ئاوایی بە سوارو پیادە، پیرەپیاو و پیرەژنی پشت کووڕ، منداڵەکان، بریندارەکانی جەنگ بەخۆیان و گۆچانەوە لەژێر باڵیانەوە لە کۆڵانەوە دەهاتنە دەرێ. پێیان دەگوتم کە رێبوارێك لە خەڵکی ئەو دیو رووبار بە کەسێکی گوتوە کە سەربازەکان دێنەوە سەرماڵ و حاڵ و ژیانی خۆیان، تا ئێستا دوو شەمەندەفەر گەیشتبوونە وێستگە، لەو دوو شەمەندەفەرە بەشێك لە گەنجەکانی ئاوایەکانی دەورو بەری تێدابوون، هەموو ئەوانە ئێستا لە رێگادان چەند کاتژمێرێکی تر دەگەنەوە ماڵی خۆیان. کەس نەیپرسی ئایا ئەو خەبەرە راستە یا نا. خەڵکەکە دەیانەویست ئەو هەواڵە راستبێ بەدرێژایی ئەو رۆژگارە چاوەڕێی هەواڵێکی ئاوابوون، هیچ کەس شکی لە ڕاستی هەواڵەکە نەبوو.

ئێمەش بەرەو قەراخی ئاوایی، ئەو شوێنەی کە پێش جەنگ بناغەی کۆڵانێکی نوێمان لێهەڵچنی بوو دەڕۆیشتین. سوارەکان دانەدەبەزین، پیادەکانیش بەسەرلێواری بەرزی جۆگاکانەوە دەرۆیشتن، منداڵە کوڕەکانیش بەسەردیوارە تەواونەکراوەکان هەڵدەگەڕان، هەندێکیش بەسەر درختەکانەوە هەڵدەگەڕان. هەموومان سەیری جادەکەمان دەکرد و چاوەڕێ بووین، هەندێك لە خەڵکەکە لە

بێ حەوسەلەیان قسەیان بە یەکتری دەبری خەوە خۆشەکانی شەوی ڕابردوویان کەدیت بوو بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە، هەندێکی تر کەرسەکیان کۆدەکردەوە بەختیان بۆ یەکتر دەگرتەوە. هەموویان ئارەزووەکانی خۆیان لەو خەون و بەخت گرتنەوەی دەدی. ئێستاش کە ئەو ڕۆژانەم دێنەوە یاد ئەگەر هەمیشە مرۆڤەکان لە تەواوی دنیا بەم شێوەیە چاوەڕێی یەکتربن ئەوا منداڵ و برا و باوك و هاوسەری خۆیان خۆشبوێت ئەستەمە کە هەر گیز لەسەر رووی زەوی جەنگ هەڵگیرسێت.

کاتێك دەنگە دەنگی خەڵکەکە کپ دەبۆوە هەر کەسە و لەبارەی کەسوکاری خۆیەوە بیری دەکردەوە. خەڵك چاوەڕێی بڕیاڕی چارەنووسی خۆیان بوون. هەر کەسە و لە خۆی دەپرسی: کێ دەگەڕێتەوە و کێ ناگەرێتەوە؟ کامەیە بەدیداری ئازیزانی شاد دەبێتەوە و کێ نا یانبینێتەوە؟ ژیان و چارەنووسی داهاتوو پەیوەندی بەوە هەیە.

لەو کاتەدا یەکێك لە منداڵەکان کە لەسەر درەختەکە بوو هاواریکرد:

ئەوە خەریکن دێن، هەموو لێك ڕا قیت بوونەوە، هەموویان وەك وەتەری تار، تینان بۆ خۆیان دێنا سەریان هەڵدێنا، دوایی هەموو بەیەکتریان دەگوت: خەریکن دێن، دوایی بێ دەنگ دەبوونەوە و چاوەڕێیان دەکرد. دووبارە دەنگ نەدەما و دەخەوتن، بەگشتی دەخەوتن، دوایی لە ناکاو دەهاتنەوە خۆیان، لە یەکتریان دەپرسی: لە کوێن؟ لەکوێوە دێن؟ لە کوێ؟ دووبارە کپ دەبوونەوە. لەبەر دەم ئێمەوە لە جادە گەورە کەوە عارەبانەیەك دەرکەوت. عارەبانەکە بەخێرایی دەهات، لە دووڕیانی ئاوایی وەستا و سەربازێك هاتە خوارێ، کولەباڵەکەی و کۆڵە پشتیە سەربازییەکەی هەڵگرت و ماڵئاوایی لە عارەبانەکە کرد، بەرەو رووی ئێمە سەرەو ژێر بوو، هیچ کەس لە ئێمە یەك قسەشیان نەدەکرد، هەموو بێدەنگ و هەست لە جێگەی خۆمان بووین، کە تەنیا سەربازێك بە کولەباڵەو کۆڵەپشتی سەربازیەوە

دێت و سەیرمان دەکرد، ئەو زیاتر نزیك دەبۆوە لێمان بەڵام هیچ کەس لە ئێمە لە جێی خۆی نەدەجووڵا. لە روخساری خەڵکەکە شێواوی و پەرێشانی دەبینرا. هەمووومان چاوەروانی موعجیزە بووین. بەڵام بروامان بە چاوی خۆمان نەدەکرد، چونکە ئێمە چاوەڕوانی زۆریان بووین نەك تاکە کەسێك.

سەربازەکە زیاتر نزیك دەبۆوە لێمان، دوای بە تێڕامانەوە وەستا، ترسا لە دیتنی ئەو خەڵکە ڕاوەستاو و بێدەنگە کە لە قەراخی ئاوایی یەوە بوون، ئەوانە کێنە وا بێدەنگ راوەستاون؟ لە وانەیە چاوەڕێی کەسێك بکەن؟ سەرباز دووبارە سەیری جادەکەی کردەوە بەڵام جگە لە خۆی کەسی تر دیارنەبوو لە جادەکە. دووبارە کەوتەوەرێ، راوەستا و دووبارە سەیرێکی دوای خۆی کردەوە. کچێکی پێپەتی لەبەر دەمی منەوە وەستا بوو لەناکاو هاواریکرد:

- ئەوە براکەی من، عاشور عەلی، عاشور عەلی.

ئـەوکات لەچکەکـەی لەسـەری لابـرد و بـە ڕاوەشـاندن بـەرەو پیـری چـوو، خوادەیزانێ کە چۆن بوو براکەی خۆی ناسیەوە تەنیا هاوارەکەی وەك دەنگی گولله ئێمەی ڕاچڵەکاند و کوڕ و کچەکانی تریش بەدوای کچەکەدا ڕایانکرد.

دەنگەدەنگ بەرز بۆوە: بەڵێ، راستە، خۆیەتی، عاشور عەلییە، هەموویان پیر و گەنج بەرەو لای سەربازەکە رۆیشتین.

وەك ئەوەی لە ناکاو هێزێك پەرت و بڵاوەی پێکردین و باڵمان گرت لەگەڵ ژنەکان بەرەو لای سەربازەکە، لەو کاتەدا بە باوەشی کراوە بەرەو لـل لای سەر بازەکەرامان دەکرد تەواوی ژیان و دەرد و خەمی رابردوو بێ قەراری لە چاوەڕوانی شەوانی بێخەویی و موە سپیە بوەکانمان و کچەکانمان پیربوون و ژنەکانیش ببوونە بێوەژن و هەتیوەکانیش لە ناڵین و گریان و زاری و ئازایەتی

خۆیان بۆ دەبردن هەتا لە ژێر پێی سەربازەسەرکەوتووەکان هەڵڕێژین. سەربازەکە هەستی پێکرد کە ئەوانە هاتوونەتە پێشوازی ئەو بەرەو لای ئێمە غاریدا.

کاتێك ئێمە بە هەڵەداوان دەڕۆیشتین وام هەستدەکرد لە قەراخ شەمەندەفەرەکە بە هۆڕن لێدان تێدەپەڕێ، چەرخی شەمەندەفەرەکە تەقەتەقیان لێدەهات، با لە دەم و چاوی دەدام، ئەو دەنگەم دەهاتە بەر گوێ: دایکە، ئالیم___ان،.

سوارەکان زووتر خۆیان گەیاندەلای سەربازەکە، کولەباڵ و کۆڵەپشتیەکەیان لێوەرگرت، دوایی لە بە هەردوو دەست تۆقەیان لەگەڵ کرد.

ئەی سەرکەوتووی موژدەهێنەر، زۆر دەمێکە چاوەڕێت بووین. هەربژیت، ئەگەر زۆر چاوەڕێمان کردی و فرمێسکمان بۆ رشتتووی بمانبووره، ئەگەر ئالیمانی بووکم سەری بە سینگی عاشوور عەلی نابوو قۆڵەکانی ڕادەوشاند و لێی دەپرسی: ئەی قاسمی من لە کوێیە؟ ئەویش ببووره، هەموومان ببووره، سەرکەوتن ئای چەند قوربانیمان بۆ دایت، لە وەی کە هاوارمان دەکرد: ئەی ئەوانی تر لەکوێن؟ منداڵەکەی من لەکوێیە؟ ئازیزەکەی کوا؟ ئەوانیتر لەکوێن؟ ئەوان کەی دەگەڕێنەوە؟ ئێمە ببووره، عاشوور عەلییش وەڵامی دەداینەوە: ئەوانیش هەموو دەگەڕێنەوە، ئازیزانی من، هەموو دەگەڕێنەوە، بەزووی دێنەوە، بەیانی هەموویان دەگەن، ئەوانیش ببووره، هەموان ببووره، ئای سەرکەوتن، کاتێك عاشوور عەلیم لەباوەش گرتبوو ماچم دەکرد بیرم لای جایناك و ماسل بەك و قاسم و سۆڤانکۆل بوو کە هیچ کامێکان لەوانە نەگەڕانەوە. ئای سەرکەوتن ئێمە ببووره...

ئێمە بەبێ دەنگی و ئارامی کەوتینەرێ. ئالیمان هەندێ جار ئاخێکی لە دڵەوە هەڵدەکێشا، بە ئەستەم هەناسەی بۆ دەهات و هەناسەبڕکێی دەبوو. ڕەنگی پێوە نەمابوو، تەنیا سەیری ژێر پێکانی دەکردو سەری بەردابۆوە دیاربوو بیری لە شتێك دەکردەوە. وای بۆ دەچم کە شتێکی خراپی لە خەیاڵدابێ. ئالیمان زۆری

ڕەنج کێشا. ئەوەم لە روخسار و لە نیگای پڕ لە دەردو لێوە گەستراوەکانی بەدیدەکرد. دەمزانی بیر لەچی دەکاتەوە و بەخۆیم دەگوت: باشە بووکەکەم ، باشە، ژیان ئاوایە، دەبێ ئێمە لە یەکتر جیا ببینەوە. تۆ بۆ هەمیشە قاسمت رادەستی خاك کرد. دەتەوێ چیتربکەیت؟ نابێ بۆ مردووەکان بمری تۆ نابێ بەدرێژایی تەمەنت بە بێوەژنی بمێنیەوە وەك کوند بنالێنی. ئیتر تەواو. دەبێ تۆ بڕۆیی. هیچ چارەی ترمان نییە، هەڵبەتە ئەگەر بڕۆیی من لێت نارِەنجێم. رۆیشتننت بە ئیرادەی خۆت و بە حەزی خۆت نییە. چارەنووست ئەوەیە، ئاخ، چارەنوس، چارەنوس..... ئالیمانی ئازیز، خۆزگە دەتزانی جودابوونت لە من چەندە سەختە. تا ئێستا هەر وەك دایك و کچ ژیاوین، کاتێك لە من جیاببیتەوە دوعای خۆش بەختیت بۆ دەکەم. تۆ جوان و گەنجی، پێویستە تۆ ژیان بکەی دڵنیام هاوسەرێکی باشت دەست دەکەوێ. خۆزگە پیاوێکی باشت بەنسیب ببێ. بەڵام ئایا ئەو کەسە دەتوانێ وەکو قاسم بێ؟ کە دەزانی ؟ لەو بارەیەوە هیچ هاوکاریەکم لەدەست نایە. تەنیا یەك داوام هەیە لێت: کاتێك کە رۆیشتی جاروبار یادم بکە دوور بەدوور، چونکە جگە لە تۆ کەسی ترم نییە و خۆم تەنیا لەو ماڵە دەژیم. کە بیری لێدەکەیەوە زۆر ترسناکە. کاتێك پیر دەبم هیچ تامەزرۆیم نامێنێ چونکە کات نەبوو تا نەوەیەکم بۆ بنێتەوە. بەڵام لەوانەیە ئەوە بۆ تۆ باشتر بێ. سەیرم بکە. تا گەنجی خۆت بکەیتە قوربانی پیری من. من بەشی خۆم تەمەنم بەڕێکردووە. پێویستە تۆش ژیان بکەیت. کاتێك بە باشی بیرت لێکردەوە پێمبڵێ. هەر کاتێك دەتەوێ دەتوانی بڕۆیت. ئازادی. دەتوانی بە ویژدانێکی ئاسوودەوە بڕۆیت. منیش هەمیشە تۆم لەیاد دەبێ، تۆم هەر خۆشدەوێ و هەمیشە سوپاسگوزاری تۆم..

لە ڕۆیشتنی من بە هەنگاونانەوە لەو بیرکردنەوانە دابووم خۆم ئامادەدەکرد تا ئەو قسانەی پێبڵێم. بەڵام دیار بوو کە ئالیمان گومانی کردبوو من بیر لە چی دەکەمەوە. کاتێك کە دوو کەس و دوو گیان لەیەك جەستەدا دەژین لە نیوە ئاماژە و نیوە قسەی یەکتر تێدەگەن. سەرەڕای ئەوەی کە من چاوەڕێم دەکرد ئالیمان نەیگوت.

ئێمە لە کۆڵانە تەواونەکراوەکە تێدەپەڕین. سەیری خانوە دروست نەکراوەکەی قاسم و ئالیمانم دەکرد: هەموو شتەکان هەر وەك پێنج ساڵ لەمەو پێش لە شوێنی خۆیان کەوتبوون. ئەو بەردە خۆڵەمێشیە هەڵچنراوانەی کە لە ڕووبارەکەوە هێنا بوومانن لە تەنیشت ئەو خشتانەی کە ببوونە کەرسەك دەبینران. کاتێك جەنگ دەستی پێکرد کۆڵانە تەواو نەکراوەکە کارەکەی بەتەواوی وەستا. هەموو هاوێنێك زەویەکەی بەو گیایە دادەپۆشرا. دیوارەکان دادەڕمان. تێك دەچوون، تەنانەت گیا دەچوو بۆ ناو خانوەکانەوە لەڕێگەی پەنجەرە بێ شوشەکانەوە سەری دێنایەدەر. هەتا پایزێ تەنیا گوێرەکەی بۆ دەهاتن و دەچوون و دەنگی خەمینی پەپوو سلێمان دەبسترا. پەپوو سلێمانەکان حەزیان لە بێدەنگی گۆڕستانە. ئەوانیش لەو ساتەدا لە کەلاوەکانی گۆڕەکان دەنیشتنەوە و چێژیان وەردەگرت لە هەتاوی گەرمی بەهاران و بەخەمناکیەوە وەڵامی دەنگی یەکتریان دەدایەوە.

سەرم سوڕما لەو بیابانە وشك و چۆڵە بە خۆم‌گوت: پەروەردگار، ئەوانە کە دەیانەوێت لێرەبژین و بۆ خۆیان خانووی قوریان هەبێ ئێستا لە کوێنە؟ قاسمی چارەڕەشم نەیتوانی خانوەکەی تەواوبکات، کۆڵانە نیوە تەواو کراوەکە وەك بیابانێکی چۆڵبوو، دڵی مرۆڤی تەنگ دەکرد. ئالیمان دەستی گرتم، بەدڵسۆزی و میهرەبانی زەردە خەنەیەکی کرد و گوتی:

- دایکە، بۆ ئاوا لە ژێر باری خەم پشتت چەماوە؟

لە وانەیە بڕوات بەژیان نەمابێ؟ بەم شێوەیەنییە. منیش دەزانم کە سەختە. بەڵام تۆ بەهێز و خۆڕاگری. تۆ...

قسەکەی تەواو نەکرد. دەیویست شتێك بڵێ. بەڵام لە قسەکەی پاشگەز بۆوە، وەك تاوانبارێك زەردەیەکی هاتێ گوتی: تۆ دایکێکی باشی. وەرە لەسەر ئەو تەپۆلکە دانیشن و دەردە دڵێك بکەین، لە بەر خۆمەوە گوتم: ئێستا دەبێ بیڵی، کە دەڕوات، دڵم بە حاڵی ئەو و خۆم دەسووتاو لە کاتێکدا هەوڵمدەدا بەدەنگێکی لە رزۆکەوە ئارامی پێ ببخشم گوتم:

- زۆر باشە دانیشین، قسەبکەین.

لەسەر تەپۆلکەکەی تەنیشت رێگاکە دانیشتین. بەڵێ، من و ئەو، خەسوو بووك بەیەکەوە دانیشتین بۆ ئەوەی لەبارەی ژیانی ئایندەمانەوە گفتوگۆ بکەین بریارێك بدەین.

ئالیمان سەری داخستبوو ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی:

- باشە، دایکە، ئەو جەنگە نەفرەتییە تەواو بوو. تۆ ئێستاش بیر لەوە دەکەیتەوە کە دەبێ چی بکەین.

ئالیمان ماوەیەك بێدەنگ بوو منیش هیچم نەگوت. دوایی سەری هەڵبڕی، تێم راما و گوتی: خەم مەخۆ، دایکە، بەحەسرەتەوە زەردەخەنەیەکی کردو بەردەوام بوو: پێتوایە کە ئیتر بێبەش دەبین لە هەموو خۆشبەختیەك ، هەتا تۆ زقاڵێکیش. بەڵام هەڵەی. ئەوە مەحاڵە کە چوار کەس لە بنەماڵەی ئێمە برۆن بۆ شەڕ و تاقە یەکێکیان نەگەڕێتەوە. نا، دایکە، ئارام بگرە، قسەم پێ مەبڕە، گوێبگرە، نامەوێ دڵنەوایی خۆم بدەم و فێلیش لە تۆ بکەم، نا، لە دڵەوە ئەوە دەڵێم، بڕوام پێبکە، دڵم دەڵێ کە جایناك زیندووەو دەگەڕێتەوە. کاتێك هەواڵیان بەئێمە دا گوتیان بێ هەواڵە و ون بووە، واتە ئەوە تا ئێستا هەر زیندووە. ئاخر خۆ هیچ

کەس لاشەی ئەوی نەبینوە بە کوژراوی دیارە کەوتۆتە دەست دووژمن یان لەگەڵ پارتیزانەکان لە دارستانێك ون بوون و نادیارن و لەناکاو دەنگ و ڕەنگی پەیدابێ. یان بەسەختی بریندارببووە و لە شوێنکی دوورە دەستەو ناتوانێ خەبەرمان بداتێ. هەموو شتێك دەبێ جا دەیبینی، وەڕێ دەکەوێ و دەگەڕێتەوە. ڕۆژێکیان وەك بەفری هاوین سەرووەدەردەنێ. پێویستە ئارام بگرین، دایکە، نابێ پێش وەخت بیانئێژین. ئەو شتانە زۆر روویانداوە، تۆ بۆ خۆشت ئەو شتانەت بیستوونە، دەرکەوتووە زۆرجار کەسانێك ناویان بە کوژراوی هاتۆتەوە، بەڵام زیندوو بوونە، هەر لە ئاوایی هاوسێمان لە دۆڵە زەرد لە لای کازاخستان پرسەیان بۆ کۆمەڵێك کەس دانابوو، دوای ماوەیەك دەرکەوت ئەوانە زیندوونەو گەڕانەوە. دەزانم، لێم روون و ئاشکرایە جایناکی ئێمە زیندووە و بەم زووانە دەگەڕێتەوە. ناکرێ لە چوار کەسی ئێمە تاقەیەکیان نەگەڕێتەوە دەبێ ئارام بگرین و چاوەڕێ کەین، دایکە، تا ئێستا ئارامامان گرتووە، دووبارە ئارام دەگرین، لە بارەی منەوە هیچ نیگران مەبە، ئەگەر تا ئێستا بووکی تۆ بووبم لەمەودوا منداڵی تۆم لەجێی هەموو کوڕەکانتم...

ئالیمان بێدەنگ بوو. هەردووکمان بەبێدەنگی دانیشتبووین. لە ناوەڕاستی مانگی ئایار بووین، هەورەکان لە دوورە دەبینران وەك دووکەڵی ڕەش تێکەڵ دەبوون، لە هەمان شوێن دەنگی هەورە برووسکە دەهاتە بەرگوێمان و هەستمان بە بۆنی فێنکی بارانیش دەکرد. لەو دەورو بەرانە هەورە تریشقە بەرەو زەوی شۆڕدەبۆوە لەبەر تیشکی هەتاو دەبریسکایەوە بە هەنگاوی گەورە بەسەر زەوییدا دەکشا و بریسکەکە جارێك لە کێوەکەی دەدا و جارێك لە دەشتەکە. منیش سەیری ئەو شوێنەم دەکرد و چاوم تێدەبڕی. با بارانەکەی لە روخساری گەرممان دەدا.

هیچم بە ئالیمان نەگوت. بەڵام ئەو وشانەی کە دەردە دڵمان پێدەکرد وەك ڕێژنەی دوورەدەست روون و ئارام بەخشبوو.

بەڵێ، دووبارە باران دەبارێ، دووبارە دەغڵ و دان شین دەبێ. خەڵك ژیانیان دەوێ منیش لەگەڵ ئەوان، ئاوام بیر دەکردەوە نەك بەو شێوەی کە ئالیمان دڵی بۆ دەسووتام لەو روانگەیەوە دەیگوت بەتەنیا جێم مەهێڵە، نا، دڵم بەشتێکی تر خۆشبوو. کێ دەڵێ جەنگ مرۆڤەکان بێ بەزەیی و پەست دەکات لە بێ بەزەیی و مێشك بەتاڵیان دەکات؟ نا، وانییە. ئەگەر جەنگ بۆ ماوەی چل ساڵ هەموو مرۆڤەکان بخاتە ژێر پۆستاڵ، بیان کوژێ، تاڵانیان بکا، بیان سووتێنێ و وێرانیان بکات هەر ناتوانێ پشتی مرۆڤەکان بچەمێنێتەوە و ببنەگوێ لە مستی.

ئالیمانی من مرۆڤێکی راستەقینە بوو، لە بەر خاتری کێ بوو باوەڕی زۆری بەخۆی هەبوو کە جایناکی ئێمە، لە شەوێکی تاریکدا لەگەڵ هێزی پەرەشووتوانەکان لەپشتی دووژمنەوە دابەزیبوون بێ سەرو سۆراخ بوون بێ گوومان زیندووە بێ دوو دڵی ئەوەیدەگوت؟ لەبەر خاتری کێ هێندە بڕوای بەخۆی دێنا و کە دنیا وەك ئێمە تێی گەیشتوین نادادوەرانە نییە.

من جورئەتی ئەوەم نەبوو کە بڕوا بە سەر ئەو هیواو ئومێدە بەهێزەی ئەو بێنم . تەنانەت خۆشم باوەڕم بەقسەکانی ئەو هێنابوو. ئەگەر جایناك زیندوو بوو ئەوکاتە چی؟ بەس ئەوە هیچ موعجیزە نابێ ئەگەر رۆژێك لە رۆژان لەناکاو بێتەوە ناو ماڵ و حاڵی خۆی. منیش وەك منداڵ بڕوام بەو ئەگەرەی دەکرد. دڵم دەیەویست کە بەم شێوەیە بێ. ئارەزووی ئەو رۆژەم دەکرد لە دڵمدا کە ئالیمان بێدەنگی شکاند. ئەو زووتر لە من بیری کەوتەوە کە ئێمە کێڵانی مەرەزەجاڕ تەواو نەکردووە و گوتی:

- دایکە، بەڕاست خۆ ئێستاش گایەکان هەر لەژێر نیرو ئامورەکاندان. با خێرا بڕۆین، زەوی وشك دەبێتەوە.

بەخێرایی خۆمان گەیاندە مەرەزەجاڕەکە، گایەکان گاسنەکانیان بە دوای خۆیاندا راکێشابوو ماوەیەك بوو لە ناو گیای پشتی مەرەزەجارەکە دەخولانەوە. ئالیمان دووبارە ئەوانی هێنایەوە، گاسنەکانی تێخستەوەو دەستی کردەوە بەکێڵان. سەیرە مرۆڤ قەناعەتی بەشتێکی زۆر کەمیش هەیە، هەندێکجار یەك وشە بەسە کە قیامەتی بۆ هەستێنێ ئالیمانیش هەمان حاڵەتی بەسەردا هاتبوو. وای بۆ دەچووم کە ئالیمانی وەك چەند ساڵ لە مەوبەرنەبوو، گۆڕابوو بە ئالیمانی پێش جەنگ. رەفتارو گوفتاری خۆش و دەم بەخەندەبوو. هەموو قسە و پێکەنین و جوڵەی هەر وەکو جاران بوو. چاکەتی هاویشتە سەر شانی پەرژینی مەرەزەجاڕەکەی کراسەکەی هەڵێشا قۆڵی لێهەڵکردو لە چکەی لە ملی کرد لێهاتوانە گاکانی لێدەخوڕی و تێیدەخوڕین.

- ها سەرسپی، های، های، ئەهای کلکبراو، های، های، شەقەی لە قامچی هەڵدەستاند.

ئالیمان دەویست ورەم بەرز بکاتەوە، دەیویست کاربکەم، بژیم، هەر بۆیە لەو رۆژانەشدا لەبیر نەکردنی رەفتارەکانیشی لەگەڵ من بەم شێوە بوو. هەندێجار ئاوڕێکی دەدایەوە بەپێکەنینەوە پێیدەگوتم:

- دایکە، سووکتر دەستت بخەسەر گاسنکە، ئەوەی کە تۆ پاڵی پێوەدەنێی هەرچی بەردی ژێر زەوییە هەڵی دەکەنی. خۆت ماندوومەکە.

دوو سێ دەورلێدانمان مابوو بۆ ئەوەی لە کێڵان ببینەوە و دایکردە باران. دەنگی پڕ لە شادی و خرۆشی لێزمەی باران بوو. سەرەتا باران دڵۆپ دڵۆپ دەکەوتە سەر پشتی گاکان، ماوەیەك ڕاوەستا بەڵام دواتر لە ناکاو کەیفی ساز بوو وەك

ئەوەی چەپڵە لێبدات بە هەموو هێزێك لە زەوی دەدا لەیەك ساتدا هەمووی خەڵکی ئاوایی ترساند. مریشکەکان باڵیان پێکدادەدا لەگەڵ جووجەڵەکانیان غاریاندەدا. ژنەکانیش خێرا جلەکانیان لە تەنافێ کردنەوە بردیانەوە ماڵێ. لە کۆڵانەکانیش منداڵەکان و سەگەکان لە هاتووچۆ دا بوون لە گەڵ هاتنی لێزمەی بارانیش سەریان دەخستە سەرسەری یەکتری. منداڵەکان گۆرانییان دەچڕی:

باران، باران، سەبر کە
رێی من لەگەڵ تۆ یەکە ...

بە ئالیمانم گوت: با بڕۆین، تەڕ دەبین، بڕۆینەوە ماڵێ.
سەری لەقاندو گوتی: هیچ نییە، دایکە، خۆ بەفرنین بتوێینەوە. وەك کچێکی بچکۆلە لەگەڵ دڵۆپەی باراندا قاقای لێدەداو گاکانی خێراتر لێدەخوڕین.
شادی و خۆشی ئەو کاریگەری لە منیش کردبوو. سەیرم دەکردو بەخۆم دەگوت: ئای کچە جوانەکەی من، دەتوانی تۆ خۆش بەختبی، ئای ژیان، ژیان.... ئێستا تێگەیشتم کە هەموو ئەو کارانەی دەیکات لەبەر خاتری منە. ئەو دەیویست کە من جەنگ و خەم فەرامۆش بکەم، تا بە دڵێکی خۆشترو شادتر بڕوانمە ژیان. ئالیمان دەستی بەدەم و چاویەوە دەگرت لەبەر باران و دەیگوت:
- سەیرکە، دایکە، چۆن بارانێکە، چ بارانێکی پاك و بێگەرد. ئەمساڵ بەروبوومێکی زۆر باشمان دەبێ. بباره باران هەرچی زەویە ئاوی بدە، های، های.
لەوکاتەدا شەقەی لە قامچیەکەی دێنا و بارانیش بەردەوام بەسەر پشتی گاکاندادەبارێ.

پێدەکەنی و نەیدەزانی کە لەژێر ئەو بارانە بەو جلە تەڕانەوە لەش و لارە باریك و سینگی خڕەوە چەندە جوان و دڵبەرە. نەیدەزانی کە چاوە مەست و گۆنا سوورەکانی چەندە شەیداو دڵبەرن..... ئەی جەنگ دیسان هەزارجار نەفرەت لە تۆ.

کاتێك هەورەکان دووردەکەوتنەوە و بارانیش کەمتر دەبۆوە، ئالیمانیش بێدەنگ بوو. بە دڵگرانیەوە سەیری بارانی دەکرد کە دوور دەکەوتەوە، بەدەنگێکی ئارام لە پشتی رووبارەکە گوێی دەگرت و لەوانەیە لەو خەیاڵە دابووبێ کە باران بەر دەوام نابێ لەوکاتەدا ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا. ئایا قاسمی وەبیر هاتبۆوە یان بیری لە شتێکی تر دەکردەوە، بەڵام کە سەیرێکی منی کرد دووبارە زەردە خەنەیەکی هاتێ و گوتی:

- چەندباشە ئێستا کە گەنمە شامی بچێنین.

دواتر ڕایکردە ماڵێ.

دوای ماوەیەك ستڵێك گەنمە شامی تەڕکرد لەگەڵ خۆیدا هێنای. مشتێکی دەر هێناو گوتی:

- دایکە، هیوادارم پێش ئەوەی گەنمە شامیەکە پێبگەن جایناکیش بگەڕێتەوە ماڵێ- ئەوکات یەکەم لۆچی چاند

هەرگیز ئەو رۆژە لە بیر ناکەم. خۆریش وەکو منداڵی ساوا، بێگەرد بە باران شۆردرابوو، لە پشت هەورەکانەوە سەری دەرهێنابوو. ئالیمان لە سەر زەویە قوڕ کێڵادراوەکە و بە پێی پەتییەوە پێدەکەنی و دەرۆیشت لە هەر هەنگاوێك لۆچێکی دەچاند. ئەوە دنکێکی سادە نییە بەڵکو دنکی هیوا و چاکە و چاوەڕوانیە.

هەر دنکێکی دەچاند دەیگوت: دایکە، دەبینی ئاواتەکەم دێتەدی. من بۆ خۆم بۆ جایناك لە ناو خەڵوز گەنمە شامیت بۆ دەبرژێنم. لەبیرتە هەمیشە لەسەر

گەنمەشامی شەرمان دەکرد. رۆژێکیان گەنمە شامیەکی گەرمی لە سەر خەڵوز هەڵگرت و خستیە ژێر باڵی و رایکرد، گەنمەشامیە گەرمەکە پێستی ورگی سووتاندبوو هەر وەکو زەردەواڵە پێیوەدابێ دەخولایەوە. ئەوکات ستڵە ئاوێکم بەسەر سینگی داکرد. منیش لە بری هاوکاریکردن لەبەر پێکەنین هیچم بۆ نەدەکراپێم دەگوت: باشبوو، سزای خۆت وەرگرت، ها، دایکە، لە بیرتە؟ ئەوەی بۆ باسدەکردم لەو بەسەرهاتە خۆشە پێدەکەنی.

هەتا بۆ ئەوەشیانی زۆر مەمنونم....

## ١٤

- بەڵێ، تالگانای، زەمەنێکی درێژ چاوەڕێی جایناکت بووی.

- بەڵێ، دایکی خۆشەویستم، خاکی شیرینم، گەنمە شامیەکان نەك هەر یەکجار بەڵکو دووجار و سێ جار و بە بەر، بەڵام جایناکی ئێمە هەر نەگەڕایەوە ماڵێ. هیچ هەواڵێکیشی نەبوو. لەبیرتە چەندینجار هاتم دەردە دڵم لاکردیت بە فرمێسك هەڵڕشتن لەبەر دەمی تۆ گوتم...

- بەڵێ، تالگانای، چەندین جار بۆلام هاتی. دەگریایی و دەتپرسی چی لەگەڵ بووکەکەت دەکەی، ئاخر نەدەکرا تەمەنی جوانی خۆی بە فیڕۆبدات. چونکە من ناتوانم هیچ هاوکاریەکت بکەم. ئێستا کە ساڵانێکی زۆر تێپەریون هەر ناتوانم هیچ بە تۆ بڵێم.

## ١٥

ژیـان بەشـێوەیەکی ئاسـایی دەڕۆیشـت، کاروبـاری کۆڵخـۆز کـەمێك کـەوتبوە سـەرڕێڕەوی خـۆی و ژیـانیش ئاسـانتربووبوو، لـە هەمانکاتـدا وردە وردە جـەنگیش لەبیردەکرا کاریگەرییەکانی لەناودەچوون.

من و ئالیمانیش وەکجاران هەرلـە کۆڵخۆزکارمـان دەکرد. کـاری سـەردەستەیی، کە لاوەکان لەشەڕ گەڕانەوە ئەو ئەرکەم خستە ئەستۆی ئەوان پێشمدەگوتن:

- سێ ساڵ بەبێ ئێوە کارمانکرد خەم و نارەحەتی زۆرمان چەشت. ئێستا خۆتـان ئەوکارە وەئەستۆدەگرن. من ئازاد بکەن لـەوکارە. بـەدرێژایی ئـەو سـاڵانە پیربـووم. ئەگـەر ئـەو ئەرکەشم نـەبێ مـن ئـەوەی لـە توانامـدابێ هەمیشـە هاوکارتانـدەبم. لاوەکـان ئـەوکات و ئێسـتاش بـەناوی (ئاپا.... سەردەسـتە) بانگیـان دەکـردم ئـەوە نیشانەی ئەوەیە ئێستاش ئەوانە ڕێزی زۆرم لێدەگرن..

لەگەڵ ئەوەی ژیان کەوتبوەسەررێی خۆی بەڵام من و ئالیمان ئاسودەی روحی مان نەبوو. هیچ کەس هەستیان بەوە نەدەکرد کە گیانی ئێمە هەمیشە لە رەنج و کوێرەوەریـدابوو هەمیشـە دەربـارەی شـتێك بیرمـان دەکـردەوە. لـە پێشـدا وادەهاتـە بەرچاو کە لەوەساناتر تێدەپەڕێ ، با چاو بە چاو لەگەڵ یـەکتر قسـە بکـەین و هەر یەکە لە ئێمە بەرێی خۆیدا برۆین و بۆ خۆمـان سـەر لـە نـوێ ژیـانێکی تـازە بنیات بێنن. بەڵێ، ئەگەر کەسێکی تر لە جێگەی ئالیمان دەبوو ئـەوە زۆر ئاسان دەبوو. ئەگەر بووکەکەم ژنێکی تـر دەبـوو ئەوەنـدە لەگـەڵ مـن دڵسـۆز و میهرەبان نەبوایە بێ ئەملاو ئەولا دەمگوت هێندە خۆت دڵتەنگ مەکە، تا درەنـگ نـەبووە بـڕۆ هاوسـەرێك بـۆ خـۆت پەیدابکـە و بـڕۆ. بـەڵام جورئـەوەتی ئـەوەم نـەدەکرد قسـەیەکی لـەو جـۆرە بـە ئالیمـان بڵێم. چونکـە هـەر چەنـد قسـەی خـۆی بـە

دڵگرانییەوە لێت وەردەگرێ من هەقی ئەوەم نییە کە بە بێ ئارەزوو و رەزامەندی خۆی دووری بخەمەوە. رۆژێکیان خزم و کەسووکارەکەی لە ئاوایی (کائیندە) سەردانیان کردین. بۆ ئاسوودەکردنی ویژدانم بە ناچارییەوە پێمگوتن کە ئالیمان ژنێکی ئازادە ئەگەر بیەوێت لێرەبروات کاری من تەنیا دووعای خێرە بۆ ئەو. بەڵام ئالیمان قسەکانی پێبڕیم و شەرمەزارو نارەحەتی کردم. هەتا رێگری لە وانیش کرد کە لەو بارەیەوە هیچ نەڵێن و گوتی: بۆ خۆم هۆش و عەقڵم هەیە، رۆیشتن و نەڕۆیشتنم لە دەست خۆمدایە، ئەگەر پێویست بکات بڕۆم ئەوە خۆم بریار دەدەم، دەست لە کاروباری ژیانی من وەرمەدەن. دواتر پەشیمان بوومەوە لەوەی کە پەلەمکرد. لە شەرمان چاوم لە چاوی ئالیمانیش نەدەکرد. بەڵام ئافەرین بۆ ئەو کە لێم تێگەیشت بۆیە هەتا بە یەك وشەش سەرکۆنەی نەکردم. وەك ئەوەی هیچ شتێك روونەدابێ. هەر وەکو پێشتر دەژیاین، دڵسۆزی یەکتر بووین، خۆی هەڵدەخەڵەتاند بە هیوای گەڕانەوەی جاناك، دوای ئەو هیوایەش نەما، تەمەنیش هەرتێدەپەڕی ئیتر درەنگ بوو..

چۆن بوو ئەوە روویدا بۆ خۆشم نازانم. لە دەورو بەری ئاوایی ئێمە بەخێو کردنی مەڕو ماڵات زیاتر رەواجی هەیە، لە کۆنەوە مێگەلە مەڕ لێرەوە بۆ لەوەڕاندن دەچنە هەواران بەهاران بەرەو کوێستان و پایزیش بۆ دەشتێ. هەندێجار روویدەدا مەڕدارەکان چەند رۆژێك لە ئاوایی دەمانەوە و تا خۆیان و ئاژەڵەکانیش پشوویەك بدەن.

پایزی ساڵی چل و شەش، شوانێکی گەنجی ئاوایی هاوسێ مان مێگەلە مەڕەکەی خۆی لە رێگای دۆڵێکی بێ ئاو بۆ لە وەڕگا هێنا بوو، دیاربوو کە سەربازبوو، چونکە چاکەتە خۆڵەمێشیەکەی هەر پێبوو، ئەسپێکی باشی لە ژێردابوو، تفەنگ و کوڵە باڵەکەی بە پاش تەرکی زینەوە بەستبوو، زۆربەی

کاتەکان ئەسپ سوار لە کۆڵانەکانی ئاواییەوە تێدەپەڕین. هیچ سەرنجم نەدایە، گرینگیم پێنەدا و لەبەرخۆمەوە دەمگوت:" باشە لە ئاوایی دەگەڕێ با بگەڕێ، هیچ پەیوەندی بە ئێمەوە نییە. نەمدەناسی ئەوە کێیە".

لە هەمان پایزدا چەند ئاهەنگی ژن گواستنەوە هەبوون. کەسێك بە بۆنەی ژنهێنانی کوڕەکەی ڕێوڕەسمێکی ئەسپ سواری وەرێ خستبوو، دیاربوو ئەوشوانە کەسێکی کارامە بوو لە ئەسپ سواریدا. من و ئالیمان خۆمان ئامادە دەکرد بۆ ڕۆیشتنی ئەو ئاهەنگە. کاتێك جلەکانی دەپۆشی دەخەیاڵان رادەچوو سوارێك لە کۆڵانەوە تێدەپەڕی وەك ئەوەی شتێك لەبەر دەرگای ئێمە کەوتبێتە خوارێ. رامکرد بزانم چییە. دیتم هەمان ئەو شوانەبوو. ئەسپەکەی دەچۆ سەرپاشوان و سەمای دەکرد، سوارە قامچیەکەی بە ددان گرتبوو قۆڵی لێهەڵکردبوو لێزانانە بە جوانی خۆی دەنواند و لەسەر زینەکە لاشەی بزنەکە لەبەر دەرگای ئێمە کەوتبوو. داب و نەریت وا بوو ئەوەی یاریەکە دەباتەوە، واتە کەسێکە لە ناو هەموو سوارەکاندا یەکەم دەبێ کە بزنەکە لە زەوی بدات، هەقی خۆیەتی ئەو بزنە بیداتە هەر ماڵێك کە خۆی بیەوێت. لەو دیمەنە ئالۆزە سەرم سوڕما نەمدەزانی چێ بڵێم.

لە زارم هاتەدەرێ گوتم: کوڕم ئەوەت بۆ لێرە دانا؟

ئەویش پرسی:

- کێ لە ماڵەوەیە؟

وەڵامم دایەوە: تۆ کێت دەوێ؟

ئەویش گوتی بزنەکە بەرێکەوت لەسەر ئەسپەکە کەوتە سەرزەوی. لەوکاتەدا هەڵیگرتوو ئەسپەی گەڕاندەوە بۆلای سەری کۆڵانی لێیخوڕی. دواتر هەندێك بە دوایداهاتن چونکە دیتیان کە بزنەکەی لێرەدانابوو، ئەوانیش لەگەڵی کەتنەرێ

دواتر نەمدیتەوە، بەڵام سەرم لەو کارەی ئەو دەر نەچوو کە بەرامبەر منی کرد. بۆچی ئەو بزنەی هێنا بۆ ماڵی ئێمە، دەبوو ئەوە ی گەڕاندبایەوە ماڵی خاوەنەکەی خۆی، دابو نەریت وابوو، لەوانەشە راستی گوتبێ کە بزنەکە بەرێکەوت کەوتووە، باشە بۆ لە کۆڵانەکە نە دەکەوت رێك لەبەر دەگای ئێمە بوو؟ ئەوە یانی چی؟

کاتێك ئالیمان لە ماڵێ هاتە دەرێ هەمووشتێکم بۆ روون بۆوە. چونکە دەسماڵێکی ئاوریشمی بەخۆیی دادابوو و لەچکێکی گوڵداری لەسەرکردبوو. چاوێکی لێکردم، سەری لەبەر خۆی ناو بەشەرمەوە گوتی:

- دایکە، بڕۆین.

ئیتر بێ ئەم لاو ئەولا هەستم پێکرد کە بۆچی ئەو شوانە هاتبووە بەردەرگای ئێمە. بیرم کەوتەوە کە ئالیمان چەندین شەو بۆ ئاو هێنان دەچوو بۆ سەرڕووبارەکە و درەنگ دەگەڕایەوە. خەم دایگرتم. نەك لەبەر ئەوەی پێم خۆش نییە ئیرەیی پێبەرم. لە وانەشە ئیرەییم پێ بردبێ- بەڵکو لە شتێکی تر نیگەران بووم. لە خوام دەویست ئالیمان چیتر بێوەژن نەبێ، هەرچی زووترە هاوسەرێك بۆ خۆی پەیدابکات. هەمیشە ئارەزووی خۆشبەختیم بۆ دەخواست، لەناکاو ترسێکم رێنیشت، دڵتەنگ و ناڕەحەت بووم، وەك ئەوەی کچم بەشوو بدەم نەك بووکەکەم. لەوە دەترسام کە ئالیمان بەهەڵە ببات، لەبەر خۆمەوە دەمگوت دەبێ چی بە سەربێ لە ماڵی نوێی، لەگەڵ کێ هەڵسووکەوت دەکات، دەبێ هاوسەرەکەی چ مرۆڤێك بێ؟ هەتا چووین بۆ ئاهەنگەکەو گەڕاینەوە ماڵێش هەر لەو خەیاڵانە دابووم ئەو نیگەرانییە مێشکی داگیر کردبووم.

لەگەڵ خۆی گفتوگۆمان دەکرد لێم دەپرسی: ،ئالیمان، تۆ ئەو بەباشی دەناسی یان نا؟ چۆن کەسێکە؟ پەلە مەکە، کچەکەم، وریای خۆتبە هەڵەنەکەی.

سەرەتا باش بیناسە، بزانە کەسێکی چۆنە. لە لایەکی ترەوە ترسم لەوە بوو نەبادا ببمە دڕکی سەرڕێگای گەنجەکان. چیبکەم بۆ ئەوەی ئالیمان شەرمم لێ نەکات، چۆن بتوانم بە وریایی تێیبگەیەنم کە ئەو سەربەستە هەر چۆنێکی بیەوێت دەتوانێ ڕەفتاربکات و کاری خۆی باشتردەزانێ. هەوڵم دەدا نیگەرانییەکان لەلای ئەو بشارمەوە، هەروەکو پێشتر قسەمان دەکرد، هەتا گاڵتەو گەپی منداڵانەشم لەگەڵ دەکرد پێدەکەنین بۆ ئەوەی شك نەکات خوانەخواستە وابیر نەکاتەوە لەگەڵی هاوڕانیم. لەگەڵ ئەوەشدا دیار بوو هەستی بەنیگەرانییەکانی منیش کردبوو.

دەمەو ئێوارەبوو ئالیمان سەتڵەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت بۆ ئاو هێنان، ئاهێکی خۆشم هەڵکێشا، وەك ئەوەی بارێکی گرانم لەسەر شانی بوبێ ئاسوودەبووم، بەخۆم دەگوت: چ لەوەی باشتر، بایەکتر ببین، بەڵام ئالیمان زوو گەڕایەوە، دیاربوو ئەوشەوە نەچوو بووە سەرڕووبارەکە و لە سەر جۆگاکە ئاوی هێنابوو.

ئالیمان سەتڵەئاوەکەی داناو گوتی: دایکە، ئێستا ئاوەکە گەرمدەکەم تۆش دەبێ سەرت بشۆی.

وەڵامم دایەوە: پەلەی چیتە، کچەکەم بەیانیش هەرڕۆژی خوایە، تۆ دەتەوێ بڕۆی بۆشوێنێك....

ئالیمان قسەکەی پێبڕیم: سبەی بڕۆینە سەرکار، کاتمان نابێ. تۆ سەرتبشۆ، منیش پرچت شانە دەکەم، مەنجەڵێکی ئاوگەرمکرد، وەك ئەوەی کچێکی بچکۆلە بم نەتوانم سەری خۆم بشۆم، دەستی بە پرتە و بۆڵە کرد، سەرەتا ناچاری کردم کە پرچم بە ماستی بشۆم، دواتر بەسابوونی بۆنخۆش، بەئاو و دووبارەسابون، لە تەنیشتمەوە وەستابوو هەنگاوێکیش دوور نەدەکەوتەوە. هەر خەریکی ئاوەکە بوو سارد و گەرمەکەی شیلە تێن دەکرد و بە قاپێك بەسەری

دادەکردم. ئەگەر کاتێکی تر دەبوو تاقەتم لێی دەچوو دەمگوت برۆ وازم لێبێنە. بەڵام ئەو شەوە نەمتوانی هیچی پێبڵێم خۆم بەکەمتەرخەم دەزانی لە بەرامبەری چونکە لەبەر مـن نەچووە جێژوانـی ئـەو پیـاوە. ئـەو کاتـە بـە پشـوو خواردنـەوە دەمگوت: بینیت چی روویدا، بۆچی ئەم شەو نەرۆیشتە دەرەوە؟ بەڵام ئالیمان وەك ئەوەی زۆر خۆشحاڵ بێ رازی بوو کاتێك پرچی شانە دەکردم بە حەسرەتەوە گوتی:

دایکە، ئەو وەختەی کە پرچت پڕبوو زۆر جوان بووی.

لەو کاتەدا دەستی بە روخسارم دادێنا. سەرم بەرز نەکردەوە، چونکە فرمێسکم لە چاوان دەهات بە دڵتەنگییەوە لەو بیرکردنەوە دابووم کە: وامدەزانی ماڵئاواییم لێدەکات. دواتر پرچەکەی بۆ کردمە کەزی و بۆنێکی کۆنیشی لە سندوقەکە دەرهێنا. ئەو بۆنە قاسم بۆی کڕیبوو ئەویش هەر هەڵیگرتبوو. وەك نارەزاییەك گوتم:

- ئالیمان. ئەوە چیدەکەیت، خوا تەمەندرێژت بکات. مـن چی لەو بۆنە بکەم؟ کوا بۆ تەمەنی من دەبێ شەرم دەکەم، خەڵکی پێم پێدەکەنن،

بەبێ ئەوەی گوێم لێبگرێ بەگاڵتە و پێکەنینەوە هەرچی لە شووشەکەدا مابوو هەمووی بەسەرو گەردن و روخساری پرژاندم. دوایی لە باوەشی گرتم، لە هەموو لایەکەوە سەیری دەکردم بەدڵخۆشی و شادمانانیەوە دەیگوت:

- ئێستا تەماشابکە چەندە جوان و ڕازاوەبووی.

منیش ئەو شەوە زۆر خۆشحاڵ بووم. دوای خواردنەوەی چا ئالیمان گوتی:

- دایکە، ئەو جار رادەکشێم و پشوو دەدەم. دەچمە سەر جێگاکەی خۆم.

ئەوشەوە هەردووکمان خەومان لێنەکەوت. ئالیمان لە بیر و خەیاڵی خۆیدابوو، منیش لە کونجی ژوورەوە ئاخم هەڵدەکێشا و هەر کەلەکەو کەلەکەم دەکرد. هەر لە

بیری ئەودابووم. هەندێجار دەهاتەوە یادم کە ئەوم دەدیت چەپکە گوڵێکی بەدەستەوە دەبوو لەلای خەرمانەکەوە بۆلای دەڕاسەکە دەچوو. چەپکە گوڵەکەی لەسەر دەڕاسەکە دادەنا بەدڵخۆشییەوە بۆ شوێنی خۆی دەگەڕایەوە.

هەندێجار دەهاتەوە یادم کە ڕێگری دەکرد لە قاسم تا سواری ئەسپ نەبێ وەك منداڵان دەگریا توند دەستی دەگرت. یا دەهاتەوە یادم کە دەچووینە وێستگەی شەمەندەفەر. کە بە خێرایی دەچووینە لای عارەبانەکە ئالیمانیش جێگەی هەبوو لە تەنیشت منەوە، کوڵمەکانی لەسەرمان سووربوونەوە و بەفری لەسەر کەوتبوو. شاڵە پەشمینەکەی پرچەكانی کە لە لچەکەوە هاتبوونە دەرێ یەخەکەی بەفر داپۆشی بوو لە و حاڵەدا جوانتر دەر دەکەوت. هەندێجار دەمدیت کە بە ئامێزی کراوە بۆ لام دەهات و دەیگوت: دایکە، ئیتر ئێمە بێوەژنین، بێوەژنی بێچارە، یان دەمدیت بە لەچکەرەشەکەیەوە لە دەستم رایدەکرد بۆ ناو ئەو دەشتە جوان و رازاوە پڕ گوڵە سوورە، هەموو ئەوانەی کە ئێمەی بەیەکەوە دەبەستەوە پەیوەندی بە ئێمەوە هەبوو لە بیرەوەری خۆماندا هەڵمگرتبوون لەناکاو بە مێشکمدا دەهات کە ئالیمان لەگەڵ ئەو شوانە دەڕوات جێمدێڵێ لێم دوور دەکەێتەوە، گوێم لە دەنگی دەبوو کە دەیگوت: دایکە، ئیتر من دەڕۆم، بمبوورە، گەردنم ئازادبکە، ئیتر ماڵئاوایت لێدەکەم، دایکە، منیش تا دۆڵەکە بەدوایدا غارمدەدا، دەستم هەڵدێنا و ماڵئاوایم لێدەکرد: ئەی روناکی چاوانم، خوائاگای لێتبێ، ئیتر ئەستێرەی من ئاوابوو. ماڵئاوا، ئالیمان، بەختێکی باشت هەبێ، ماڵئاوا ..

ئەوکات قسەم لەگەڵ شوانەکەدەکرد: ها کورە گەنجەکە، ئاگات لێبێ، دڵی نەڕەنجێنی، زۆرباش ئاگات لە بووکەکەم دەبێ، ئەگەرنا بە نەفرەتت دەکەم، ئاگاداری بە نەکەویتە بەر نەفرەتم. فرمێسکم دەڕژانە سەر بالیفەکەم. بە ئارامی دەگریام سەرم شاردبۆوە بۆ ئەوەی ئالیمان گوێی لە گریانم نەبێ. رۆژێکیان لە

سەرکار گەراینەوە ئالیمان بۆ هیچ شوێنێك نەڕۆیشت. دەمەو ئێوارە بوو شوانەکە و مێگەلە مەڕەکەی لەوێ تێپەڕین، وەك ئەوەی ئالیمان نارەحەت بێ لە رۆیشتی خەمی دەخوارد.

دڵم بەحاڵی دەسووتا و سەر کۆنەی خۆمدەکرد: ئەگەر ئەوت خۆشتدەوێ چەند باشە منت بەجێدەهێشت و لەگەڵی دەرۆیشتی. ئەی منداڵە خەمبارەکەی خۆم، بۆ تۆ ئاوا چارە رەش هاتیە سەردنیا، بەڵام رۆژەکان تێپەڕین هەمووومان وردە وردە لەبیرمان دەکرد.

سەرەتای بەهارێ لە ئاواییەکەی ئێمە دەرکەوتەوە. ئەوم لە لەوەڕگایەکە دیت. دووبارە ئالیمان شەوانە دەڕۆیشتە دەرێ و بە درەنگەوە دەهاتەوە ماڵێ. هیچم پێنەدەگوت. خۆی دەتوانێ چارەنووسی خۆی دیاری بکات.

شەوێکیان تا درەنگانی شەو بەدیار ئالیمانەوە دانیشتم. هیچ کەس بەخەبەر نەمابوون و خەوتبوون. منیش لامپیایەکەم هێنایە خوارێ و درێژ بووم بەڵام خەوم لێنەکەوت. نارەحەت و دڵ تەنگ بووم. لە چاوەروانی ئالیمان گوێم هەڵخستبوون هەر خشپەیەك لە پشتی پەنجەرەکەوە هاتبا گوێم دەگرت. دەرێ روناك بوو، پەڵە هەورێك هەندێجار مانگی دادەپۆشی، دنیا ئارام و بەهاری بوو. بەڵام من لەرزم گرتبوو. لەسەرمان نا بەڵکو لە تەنیایی، ئەو کاتە چاکەتەکەم خستە سەرشانم و دانیشتم و خەو نۆچکەی دەیبردمەوە. لە ناکاو دەنگێکم هاتە بەرگوێ لە ترسان خەبەرم بۆوە، سەیرم کرد ئالیمان لە ناو دەرگا وەستاوە. دوگمەی کراسەکەی دڕاون و سینگی ئاواڵایە. پرچێکی ئاڵۆز و چاوی دەتروکاندن. یەکەمجار بوو بە مەستی ببینم. هەر کە قاچی هێنایە ژوورێ قاچی تێکداڵان خەریك بوو بکەوێت. خۆی بە سۆپای دیوارەوە نووساند و سەری دەلەقاند. لە حەسرەتان پشتم چەما.

ئاخیرەکەی سەری هەڵێنا گوتی: چییە، بۆ سەیرم دەکەی؟ لەبەر چی ئاوالێم دەڕوانی؟ بەڵێ، من مەستم، ئارەقم خواردۆتەوە. ئارەق نەخۆمەوە چیبکەم؟ ئەگەر خۆم مەست نەکەم ئەی دەبێ کێ خۆی مەست بکات؟ ها، بۆ وەڵام نادەیتەوە.

لە جێی خۆم واقم وڕما، زمانم لە گۆکەوت، کاتێك دەبینم بووکەکەم ئاوا داڕماوە ترسم لێنیشت. ئالیمان هەر ئاوا وەستابوو لە پەنای سۆپاکەوەبوو. دوایی سەری داخست و لەناکاو بەهێواشی گوتی:

- دایکە، تۆ نازانی کە من... من.... من... ئەمڕۆ یادی ئەو ڕۆژەیە کە قاسممان بەڕێدەکرد، من و قاسم ماوەیەك لەسەر رووبارەکە بووین، لە هەمان شوێن...

قسەکەی تەواو نەکرد هاواری لێهەستا، دواتر دەستی بەسەریەوە گرتو کەوتە سەرزەوی دەستی بەگریان کرد.

هاتمەوە خۆم. خۆم گەیاندە لای، باوەشم لێدابوو:

- چیبووە ئالیمان؟ بۆچی دەگری؟ قسە بکە، خەمی چیت هەیە؟ کێ تۆی ئازار داوە؟ بڵێ، پێم بڵێ، یان لە من ڕەنجاوی؟ بڵێ، چیت لە دڵ دایە بیڵێ،..

ئەوکات بە فرمێسك و هەنسکەوە دەیگوت: نادایکە، نا دایکەکەم، ئاخ دایکە بێ بەخت و تەنیاکەم، تۆ ئاگات لە هیچ نییە.... ئەگەر بشزانی ناتوانی هیچ کارێکم بۆ بکەی، ئاخ، دایکە، ئاخ، دایکە.

دوای ماوەیەك ئالیمان روخساری تەڕی بەسینگمەوە نووساندبوو و ناڵەی دەهات. هێواش هێواش ئارام بۆوە دواتر خەوی لێکەوت. بەڵام لە خەویشدا هەر نرکەو ناڵەی بوو ئاخی هەڵدەکێشا. تا کازیوەی بەرەبەیان لەسەری دانیشتم هەر بیرم لەوە دەکردەوە دوای ئەوە دەبێ چیبکات؟ بریارمدا ڕاست و ڕەوان قسەی لەگەڵ بکەم.

بەڵام کە بەیانی لە خەو هەڵسا هیچ قسەیەکی لەبارەی شەوی رابردوو نەکردو بە چاو تێیگەیاندم کە رووداوی شەوی رابردوو لەبیرکەم. تەنیا کاتێك دەرۆیشتنە سەرکارێ بەهێواشی لەبەر دەرگا گوتی:

- دایکە. بمبوورە.

منیش نەمویست نارەحەتی بکەم.

سێ مانگ تێپەڕی. هاوینەکە لێکۆڵینەوە لە جەنشنکوڵ دەستیپێکرد کە لە شەڕ رایکردبوو. ئەو دەترسا کە لە دوای شەڕ لەوەی بە رۆژی روناك بێتە ئاوایی، بەڵام هەندێك جار بە نهێنی دەهاتەوە ماڵی. ئەو لە شوێنکی کازاخستان خۆی پەنادابوو، کاری قاچاخی و راو و ڕووتی دەکرد دەیفرۆشتەوە، تا رۆژێکیان دەستگیرکرا، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەستپێکرد سەبارەت بەکارەکانی و رووبەرو کردنەوەی لەگەڵ ئەو کەسانەی دزی لێکردبوون لەگەل چەند کەسێکدا هێنایان بۆ ئاواییەکەی ئێمەش. رۆژێکیان پۆستەچی ئەنجوومەنی ئاوایی هاتە لام و گوتی:

- تۆیان بۆ شایەتی بانگ کردووە.

بە ڕێکەوتم. لە کۆڵانێ توشی ئالیمان بووم، لەکار دەگەڕایەوە، ماندو مجرۆ سەربەرەژێر بەتەنیا دەهات. لەو هاوینەدا روخساری رەشداگەڕابوو. دڵم پێی دەسووتا بۆ ئەوەی تەنیا نەبێ لە ماڵێ پێمگوت:

وەرە، کچەکەم، با بڕۆینە نوسینگەی ئەنجوومەن. لەوێوە دەگەڕینەوە ماڵێ.

وەڵامی دایەوە:

نا، دایکە، من بێم چیبکەم؟ دەرۆمەوە ماڵێ، کەمێك سەرم دێشێ.

- باشە، برۆ، بەڵام راکشێ، پشوو بدە. خۆم مانگاکان دەدۆشم.

لە نزیك ئاوایی ماشێنێکی سەرداپۆشراو وەستابوو. بەشێك لەو کەسانەی وەك گەواهیدەر بانگکرابوون، هەندێکیش ئەوانەی کە لەسەربازی گەرابوونەوە دەیانویست سەرێك لیرەبدەن. کۆببوونەوە. ماوەیەك بوو جەنشنکولم نەدیت بوو، نزیکەی حەوت ساڵ دەبوو. دیاربوو ژیانی پڕ لە شەرمەزاری ئەو زۆرباش بووە بۆی چونکە زۆر قەڵەو ورگی تێر و پڕبوو، لەسەرنیو تەختێك نزیك پەنجەرەکە دانیشتبوو، لە ژێرچاویەوە سەیری هەمووانی دەکرد و لە وەڵامی گەواهی دەرەکاندا دەیگوت:

- تۆ دەڵێی کە من دزم. ئەها، منیان لەکاتی دزیکردن دەستگیر کردووە، بە چاوی خۆتان دیتوتانە من دزی بکەم؟ نا، ئەی بۆ لە خۆتانەوە تاوانبارم دەکەن. سەد جاری تریش بیڵێن کە من دزم سوودی نییە. بەڵگەی پێویست نییە، بەڵگە.

کە گوێم لەو قسانە بوو کەلێنی پەنجەرەکەم پاڵنا لە کۆڵانەوە هاوارم کرد:

- درۆ دەکەی، دزی ساختەچی، بەڵگەت دەوێ ها؟ فەرموو، من بەڵگەم.

لێکۆڵەر لە پشت مێزەکەوە هەستا پێیگوتم:

- دایکە، وەرە ئێرە.

چوومە ژوورێ و بێ پێشەکی گوتم:

- راستە. ئێمە تۆمان لەشوێنی تاواندا دەستگیر نەکردووە. چونکە کاتی ئەوەمان نەبووە بە دوای تۆوە بین. ئێمە ئەو کات بە نینۆکەکانمان زەویمان دەکێڵا، ئەوکاتە سەرقاڵی چاندنی گەنم بووین بۆ بەرەکانی جەنگ. ئێمە لەو کاتەدا گەنمەکەمان دروێنە دەکرد بۆ ئەوەی سکی برسی منداڵەکان تێربکەین. بەڵام ئەوکات تۆ ئەسپەکانی ئێمەت دەدزین و دەبردن کە خەریکی کێڵان بووین، تۆ ئەوکاتە ئێمە دواین بنە تۆومان کۆدەکردەوە و لە زاری منداڵەکانمان گرتبوونەوە بردت بە تالان. تۆ لەو کاتەدا دوژمنی ئێمە بووی. کاتێك کەوتمە دوات گەیشتمە لات وهاوارم

کرد: راوەستە، من تۆ دەناسم جەنشنکوڵ، ڕاوەستە. تۆ گەڕایتەوە و گولەیەکت پێوەنام . ئەوە بەڵگە، بەسە یان زیاترت دەوێ؟

بێدەنگ بووم و لێکۆڵەر پێیگوتم:

- دایکە، زۆر سوپاسگوزاری تۆم، فەرموو ئیتر ئیشمان بە تۆ نەما.

ئەو کاتەی لە دەرگاری ئەنجوومەن دەهاتمە دەرێ ژنەکەی جەنشنکوڵ دەهاتە ژورێ. وەك سەگی هار پەلاماری دام و هاواریکرد و گوتی:

- پیری قۆتر، تۆ ئێستا راستگۆی؟ ها، ئەو راستیەت وە تەپڵی سەرتکەوێ هەقی خۆتە. بۆ خۆت کەمت خەم هەیە، ئەو جار دەبێ هێندەبگری هەتا چاوت دەردەپەڕن. تۆ دەزانی بووکەکەت لەکوێ سکی پڕ بووە. ها، لە بەر چاوی تۆ سکی پڕبووە، تۆش راستی لەسەر ئێمە دەڵێی، ئێستا برۆ بە بووکەکەت بڵێ، بێ شەرم.

خەڵك ئەویان لە من دوور خستەوەو دەمیانداخست. بەڵام منیش پێمگوت:

- وازی لێنێنن، کارتانپێ نەبێ.

ئەوکات بەرەو ماڵەوە هاتینەوە.

ئایا خۆڵی رێگاکە گەرمبوو یان لە شەرمان قاچەکانم گەرمداهاتبوون. سەرەتا دەمویست بۆ خۆم بڕۆم. بەڵام دواتر بە هێواشی هەنگاوم هەڵدێناو دەمویست بیرو هۆشم کۆبکەمەوە، دیارەمن هیچ چاوەڕێی ئەو شتانەم نەدەکرد، بەڵام ئەگەر سەیری خۆم دەکرد دەمتوانی بەسەریدازاڵبم. چونکە لەو دوایانەدا ئالیمان سەیر گۆڕابوو، قسەی لەگەڵ کەس نەدەکرد، هاتوچۆی کەسی نەدەکرد، هەتا هاوڕێ و ئاشناکانیشی لە خۆی دوور خستبوونەوە، وای بۆ دەچووم لە گەڵ ئەوشوانە نێوانیان نەمابێ، ئەو بەهارە شوانە بەرەو کوێستان رۆیشتبوو هیچ ئاوڕێکی وەدوای خۆی نەدابۆوە. هەستمدەکرد دڵتەنگی ئەو لەبەر ئەوەیە کە

لەگەڵ شوانە بەیەکەوە نەسازابن، دیا بوو کە کێشەکە شتێکی ترە. ئای کە چەندە بێبەختی، کێ دەیتوانی گومان لەوەبکات کاریان ئاوای لێبێ. خۆم لێ ون ببوو، نەمدەزانی چیبکەم. ئێوارەی رۆژی دواتر ئایشێ بۆ چای خواردنەوە بانگی کردم لەگەڵ چای خواردنەوە لەنێوان قسەکانیدا پێگوتم:

- دوێنێ شەوێ ژنەکەی جەنشنکۆل ئاوایی جێهێشت.

هیچم نەگوت. هیچ پەیوەندی بەمنەوە نییە. رۆیشت رۆیشت. هەمووکەس ئازادە، هەرشوێنێکت دەوێ برۆ. دوای دوو ساڵ تێگەیشتم کە بەشێك لە خەڵکی ئاوایی شەوانە دەچوونە ماڵی جەنشنکۆل سرۆسیپاڵیان خستبوونەوە ناو عارەبانە و پێیان گوتبوون: ئێستا بۆ کوێ دەرۆن برۆن ئێوە لێرەجێتان نابیتەوە. لە ئاوایی ئێمە شوێنێك نییە بۆئێوە. دوای ئەوە هیچ کەسێك لێی نەپرسین لەو بەدبەختیانەی کە بەسەرمان هاتبوون هیچیان نەگوت. لە وانەشبوو لەگەڵ خۆیان باسیان کردبێ ئەوەی کە بەسەری هاتبوو، لەوانەش بوو خەڵکی هەزار لێکدانەوەیان بۆ کردبێ کە بەسەری هاتووە، یەکێك دڵی بۆی دەسووتا، ئەوی تر تاوانباری دەکرد، بەڵام لەو بارەیەوە هیچ کەسێك تاکە ئاماژەیەکیان بۆ من نەدەکرد. بۆ ئەو بابەتە زۆر سوپاسگوزاری هەموویانم کە ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵە هەر وەك رابردوو رێزم لێدەگرن.

دوای ئەوەی کە دەمزانی ئالیمان دووگیان بووە و هیچ گۆرانکاریەك لە پەیوەندی ژیانی ئێمە روویندەدا. هەروەك جاران دەژیاین و لە هەموو کارێکیش راوێژمان بەیەکتر دەکرد، لەبارەی ئایندەی دایکایەتیش ئالیمان هیچی نەدەگوت، یان ئەوەتا شەرمی دەکرد یا نەیدەیوست تا کاتێکی تر باسی هیچ بکات. منیش تێبینی نەفس بەرزی ئەوم دەکردو بۆیە بێدەنگ بووم. ئەوەی کە گرینگە هەتا ئێستاش لەبەردەم خۆی و لە دڵمدا نە رەخنەم لێگرت و نە تاوانباریشمکرد،

ئەومافـەم بەخۆمنـەدا، چونکـە تـەواوی ژیـانی لەبـەر چاوی مـن بـەرِێکردبوو. هـەموو شـتێکم بینیبـوو هـەموو شـتێکم دەزانـی تـا ڕادەیـەك خـۆم بـە کەمتەرخەم دەزانـی بەرامبـەری. هەربۆیـە خێـرا لەبەرخۆمـەوە دەمگـوت: ئەگـەر ئالیمـان لـە تاوانێکەوە گلابێ، ئـەوە خـەتای منـە، ئەگەرببێتـە خاوەن منـداڵ، منـداڵی ئـەو منداڵی منیشە دەبێ تەواوی شەرمەزاری و خەفەتی بە تەنیایی راکێشم. مـن و ئەو دەمانزانی زوو یا درەنگ رۆژێکدێ بێ چەندوچوون ئەو قسانە بە یـەکتری بڵێین و لەیەکتری ببوورین بۆ ئەو بێدەنگیـەی درێژەی هەمانە. لەگـەڵ ئـەوەی هەمیشە ئەمڕۆ و سبەینێ و سبەینێ بۆ دووسبەی دوادەخست. رۆژێکیان زمـانم کرایەوە.

کۆتـایی زسـتانێ بـوو، پێـنج شـەش مانـگ تێدەپـەری لـە دووگیـانی ئالیمـان بەیانییەکی زوو مانگاکانم لە تەویلەکەی هێنانە دەرێ و رادەستی گاوانم کردن. کوڕیژگەی گاوان زەنگوڵکەی زۆر باش رادەوەشاند. کاتێك گاڕان نزیکی ماڵی ئێمە بۆوە گاوان بە پێکەنینەوە گوتی:

- پورە تالگانای، مژدانەم بدەیە، بووکی مام جارابەك منداڵی بوو.

- بەڕاستی وادەڵێی؟ کەی؟

- بەری بەیانی.

- کورە یان کچ؟

- کچـە، پورەتالگانـای. دەڵـێن ناویـان لێنـاوە کـاکلی . چوونکـە وە کـاکلی لـە کازیوەی بەیاندا لەدایك بوو.

- زۆرباشە، خۆشحاڵ بووم، تەمەن درێژبێ، ئافەرین بۆ ئەو هەواڵە خۆشە.

خۆشحاڵی ئەوکوڕە هەتیوە بۆ ئەو منداڵەی لەدایك بووە کاری زۆرتێکردم. بە دڵخۆشیەوە گەڕامەوە ماڵێ. نازانم چۆنبوو لە و دەقیقەیەدا ئەوەی کە شەو و ڕۆژ لە خەیاڵی دابووم لەبیرم کردبوو لە ناو دەرگا هاوارم کرد:

- ئالیمان، هەواڵێکی تازەم بیستوە؟ بیستم بووکەکەی جارابەك کچی بووە؟ بەستەزمانە، دووگیانییەکەی زۆر سەخت بوو، سپاس بۆ خوا بەخۆشی رزگاری بوو.... قسەکانم تەواو نەکردبوون، وەك مستێکم لە دەمی بدەن.

ئالیمان بەبێ دەنگی راوەستا سەریلەبەر خۆی نابوو لێوی دەکرۆژتن. لەوکاتەدا بیری لە منداڵەکەی دەکردەوە؟ لەوانەیە لەو خەیاڵەدابێ کاتێك منداڵەی دێتە سەردنیا کەس ئەو هەواڵە بەخۆشحاڵی بەخەڵك رانەگەیێنێت. لەشەرمان لەشم وەسەر ئاو گەرابوو تەنانەت نەمدەتوانی چاو لە چاویشی بکەم. هەر بۆیە لە تەنیشت سۆپاکەوە دانیشتم کە هیچ پێویست بەوکارەنەبوو، دارم خستە ناو سۆپاکە، کاتێك ئاوڕم لێدایەوە ئالیمان سەری هەر داخستبوو لە تەنیشت دیوارەکە وەستابوو. دڵم بەحاڵی ئەو دەسووتا، بەزەحمەت راست بوومەوە، چوومە لای و لێم پرسی:

- چیتە، حاڵت باش نییە؟

وەڵامی دایەوە: بۆچی؟ دایکە، حاڵم باشە.

- لەوانەیە ئەستەم بێ بتوانی برۆی بۆ سەرکارێ، باشترە پشوو بدەی.

- نا، دایکە، هیچ نییە، گەڵاتوتن بەستن کارێکی گران نییە. ئەوەی گوت و چوو بۆ سەرکاری خۆی.

بیرم دەکردەوە نابێ زیاتر لەوە بێدەنگ بین. پێویستە هەر ئێستا پێیبڵێم شەرمی ناوێ، هەموو منداڵە ساواکان یەکسانن منداڵەکەی ئەو هی هەر دووکمانە. بەهەمان شێوەی منداڵەکانی خۆم چۆن دایکایەتیم کردووە بۆ ئەویش دەبمەدایەن.

پێویستە ئەو لەوەبگات، نابێ خۆی بە شەرمەزار و سەرشۆڕ بزانێ. دەبێ بە هێزەوە بژی، ئەو مافی ئەوەی هەیە ببێتە دایك.

بەو خەیاڵانە بە دوایدا هاتمە دەرێ و بانگم کرد:

- ئالیمان، راوەستە، دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم، راوەستە.

بەڵام واخۆی دەرخست کە گوێی لەمن نەبووە، رۆیشت و ئاوڕی نەدایەوە.

بە درێژایي رۆژ لە دڵەڕاوکێ دابووم و بەخۆم دەگوت: نا، ئاوانابێ. شەوێ حەتمەن پێیدەڵێم. هەم بۆ ئەو باشترە و هەمیش بۆ من. بەڵام نەمتوانی شەویش بڕیارەکەم جێ بەجێبکەم، چونکە شەوێ کە لەسەر کارێ گەڕامەوە ئالیمان لە ماڵێ نەبوو. ماوەیەك چاوەڕێمکردو نارەحەت بووم. چی بەسەر هاتووە؟ بۆ نەگەڕاوەتەوە ماڵێ؟ هەستام بەدوایدا بگەڕێم کە لە ماڵێ هاتمە دەرێ چاوم بە بەکتاش کەوت. بەبێ ئەوەی هیچم پێبڵێ، باقەگیایەکی لەبن هەنگڵی دا بوو هاتە حەوشەی، گیاکەی خستە ناو ئاخۆڕی مانگاکان و بە هێواشی گوتی:

- پورە تالگانای، ئالیمان پێگوتم کە پێتبڵێم دەڕۆم و ناگەڕێمەوە. گوتی کە دەمەوێت بچمەوە ئاوایی کائیند بۆلای دایك و باوکم.

- ئەژنۆم کەوتنە لەرزین، لە ناودەرگا دانیشتم و پرسیم:

کەی رۆیشت؟

دوای نانخواردنی نیوەرۆ. نزیك دوو سەعات لەمەو پێش. بە سواری ماشێنێکی باری کە بەرەو ئەوێ دەچوو بەرێکەوت.

وەکو ئەوەی لێیاندابم لە جێی خۆم دانیشتبووم. خەم و نائومێدی بێ هیوایی لەپەل و پۆی خستبووم وەك ئەوە مەرگیشم نزیك بوویێتەوە. بەکتاش دەیوست دڵنەوایم بداتەوەو گوتی:

- پـوره تالگانـای، نیگـەران مەبـە، شـۆفێرەکە بردیـە نـاو ماشـێنەکە، ژوورەکـە شوێنێکی باشە.

لەبـەر خۆمـەوە دەمگـوت: ئـای بـەکتاش، خۆزگـە کارەکـە تـەواو دەبـوو، لەگـەڵ ئەوەشدا بۆ دڵنەوایی کردنی لێی سوپاسگوزارم. لەوکاتەدا ئەو کوڕە گەورەی من بوو. لە کۆڵخۆزکاری سوارەی دەکرد. کە سەیرم دەکرد پێم سەیر بوو ئاوا باڵای کردبوو، کورێکی چوارشانە سینگ دەرپەڕیو، رەفتاری پیاوانە بوو. روخسارێکی ئارام و میهرەبانی هەبوو. هەر لە منداڵیەوە خۆشمدەویست کارێکی بەجێم کردووە ئەو ساتە خراپمان بۆ هاتە پێش. ئاوی لە رووبارەکە هێنا، سەماوەرەکەی پێکرد، حەوشەکەی ئاو پرژێن کرد، خەریکی گەسکلێدان بوو پێیگوتم:

- پووره تالگانای، تۆ پشوو بدەو ئێستا لبادەکەت بۆ لە ژێر دارسێوەکە ڕادەخەم. دایکیشم ئێستا دێتەلات. دایکم دەیگوت تامەزرۆی چای ماڵی ئێوەبووە. ئێستا دێت،

دوای رۆیشـتنی ئالیمـان ئـەو رۆژانـەش کۆتاییـان نـەهات. مـن تـەنیا ئـەو کاتـە لەمانای تەنیایی راستەقینە گەیشتم و پێم سەیربوو کە پێشتر خەیاڵم دەکرد کە تـەنیام. تـەنیا سێ رۆژ خـۆم راگـرت ئیتـر ژان دایگـرتم. نـە مـاڵم مـاڵ بـوو نـە ژیانیشم ژیان بوو، وەختی ئەوە بوو سەری خۆم هەڵگرم بڕۆم بۆ شوێنێك. بیریشم دەکردەوە لەو کاتەدا دەبێ ئالیمان چۆنی بۆ بگـوزەرێ خـەمم زیـاتر لـێ دەخـوارد. بـەخۆم دەگـوت دەبـێ کـەس و کارەکـەی هەڵسـووکەوتی باشـی لەگـەڵ بکـەن چ باشتر، بەڵام ئەگەر گاڵتەی پێبکەن و بڵێن: بەڵێ، ئەو کاتەی کە پێمان دەگوتی قسەی ئێمەت وەرنەگرت، گوتت پەیوەندی بە ئێوە نییە. بۆ خۆم دەزانم ، دەست وەر نەدەنە کاری من، ئێستاش هاتوویـەوە ئێرە تـا بۆکـارە ئـابڕو بەرەکـەت پەنایـەك پەیدا بکەی، ئێستاش لە ناچاریان هاتوویە ئێرە. دەکرێ کەسووکارەکەی ئەو جۆرە

قسانەی پێبڵێن. دیارەدەکرێ. باشە ئەگەر ئەو قسانەی پێبڵێن دەبێ چی روو بدات؟ ئەو ژنێکی بەهیمەت و خوراگر بوو، ئایا بەرگەی ئەو سەرکۆنانە دەگرێ؟ خوابکەم هەر خۆی نەکوژێ. ئای ئالیمان، ئالیمان، ئەگەر نەرۆیشتبای و هەر لای من مابایتەوە، ئاوانەدەبوو، پێویستە بۆ خۆم بچم بە چاوی خۆم ببینم چۆن رەفتای لەگەڵ دەکەن. دەبێ تکای لێ بکەم بگەڕێتەوەماڵێ، لەوانەیە بەقسەم بکات و بگەڕێتەوە، بەڕاستی ئەگەر بگەڕێتەوە چەندە خۆش بەخت دەبێ، ئەگەر نەگەرێتەوەش، ئیتر هیچ کارێك ناکرێ. دەبێ دوعای خێری بۆبکەم و بگریم و بگەڕێمەوە. بریارمدا رۆژی دواتر بەرێبکەوم. ماڵ و مانگاکانم بە ئایشێ راسپاردن، بەکتاش ماشێنە باریەکەی لە کۆڵانەکە راگرتبوو کە بۆ لای ئەوێ دەچوو، لە پشتی ماشێنەکە سوار بووم کەوتمەرێ بۆ کائید.

کاتێك گەیشتمە پشتی ئاوایی چاوم لە ژنێك هەڵنگوت کەلە لە کێڵگەکەوە تێدەپەڕێ. یەکسەر ناسیم: ئالیمان بوو. ئازیزەکەم، دڵەکەم، دەگەڕایەوە بۆلای من، بەمست لە پشتی ماشێنەکەم دەدا پێمگوت: رایگرە، رایگرە، کەمێك تێپەری راوەستا. خورجێنەکەم بە دەستێك بە بەدەستێکیش هاتمە خوارێ. تەپ و تۆزی رێگا هەمووگیانی داپۆشی بووم. هەتا بیرم لە وەش دەکردەوە کە لەوانەیە ئالمان نەبێت، کاتێك تەپو تۆزەکەم لە خۆم تەکاند دووبارە ئەوم دیتەوە بە هەموو هێزەوە هاوارم لێکرد:

- ئالیا-ا-ا-ن.

نازانم چۆنم ڕاکرد. تەنیا ئەوە دەزانم کە گەیشتینە یەك باوەشمان بەیەکترداکرد، یەکترمان ماچدەکرد و فرمێسکمان دەڕشت. دیارە کە چەندە بۆ یەکتری دڵتەنگ بووین نەماندەتوانی بە چ زمانێك دەریببڕین کە چیمان بەسەر هاتووە ئەو چەند رۆژانە، من سەرو روخساری ئالیمانم دادێنا تەنیا شتێکم دەگوت:

- گەڕایتـــەوە، بـــەڵێ، کچەکـــەم بگـــەڕێوە، بـــۆڵای مـــن، وەرە بـــۆڵای دایکـــت، بگەڕێوە.

ئالیمان وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ، دایکە، گەڕامەوە، بۆلای تۆ گەڕامەوە، گەڕامەوە، ئەو کاتەی کە ئێمە راوەستابووین و یـەکترمان لـە باوەشـگرتبوو، لـە ناکـاو منداڵەکـەی کەوتەجوڵـە، بەقاچـەکانی لـە سـکی دایکـی دەدا، هـەردووکمان سـەرنجی جوڵەکـەمان دەدا. ئالیمان دەستی خسنە سەردڵی بە ئارامی و میهرەبانی دەستی پێدادێنا، شێوەی چاوەکـانی ئـەو لـەو سـاتەدا ئـاڵوگۆڕی بەسـەر ژیـانی منـداهێنا لەبـەر خۆمـەوە دەمگوت: جاری وا هەبوو بیری خراپم لە بارەی ئەوە دەهاتە کەلەی. ئەی دایکی پیرۆز، تەنیا جارێك خۆشبەختی دایکایەتی تـەواوی دەردو رەنجی دایکایـەتی لـە ناودەبات ئەگەر زەریاشبێ. من ڕوومەتم بە ڕوومـەتی ئـەو وەنابوو لەبـەر گریـان نەمدەتوانی:

- نازدارەکەم، دڵگیرەکەم، مهیرەبانەکەی من، زۆرت لێ ترسام.

ئەو دڵنەوایی دەکردم:

- مـەگری، دایکـە، لـە گـەمژەیی مـن ببـوورە، نـاتوانم لـە تـۆ دووربکەومـەوە، تاقیمکردەوە دەرکەوت تاقەتی دووری تۆ ناگرم. هەمیشە دڵم لەلاتبوو.

وام بیردەکردەوە باشترین هەل بۆ ئەوەی بێپێچ و پەنا قسەبکەین گوتم:

- تۆ بۆچی رۆیشتی؟ لە من نیگەران بووی؟

ماوەیـەك بـێ دەنگبـوو، لەوانەیـە وەڵامـەی خـۆی هێنـاو بردبـێ دوای ئـاخێکی هەڵکێشا گوتی:

- دایکە مەپرسە، سوودی نیە، نـە تـۆ هـیچم پێبڵـێ نـە منیش. زیـاتر خەفـەتم زیادمەکە، ئەوەندەی هەمە بەسە.

دیسان خۆی دووردەخستەوە لە گفتوگۆ کردن، هەر وەك جاران، چوون نەیدەزانی ئەوە خراپترە بۆی.

ئەو ساڵە پایزێکی دوورو درێژو باراناوی بوو. رۆژ نەبوو نەبارێ. لەو رۆژانەدا گرفتی بارانی زۆر ئێمە زۆر لەماڵەوە دەهێشتەوە. ئالیمانیش وەك پایز دڵتەنگ و خەمناك بوو. رۆژ بە رۆژ گرفتی زیاتر پەیدادەبوون و هیچ قسەیەکی نەدەکرد و خەندەیەکی نەدەهاتە سەر لێوانی. هەمیشەش بیری لەیەك شت دەکردەوە، چی بەسەردێ لە دوا رۆژەکانی دووگیانیدا. هەرچی دەمکردو دەمویست بیجولێنم، گاڵتەی لەگەڵ بکەم و دڵنەوایی بدەمەوە. هیچ سوودی نەبوو، باشە خۆ ئەو منداڵیش نەبوو تا خەمەکانی بەگاڵتەوە لەبیر بەرینەوە، هەرتەنیا من نەبووم، خەڵکی تریش دەیانەویست لەو حاڵەی تێیدایە هاوکاری بن، بەڵام هیچیان لە دەست نەدەهات. رۆژێکیان بەکتاش کای بۆ مانگاکانی ئێمە هێنا گوتی: دایکم دیسان نەخۆش کەوتۆتەوە. چوومە سەردانی ئایشێ. گەرم داهاتبوو کۆخەشی دەکرد. لەگەڵی بەشەڕ هاتم و گوتم:

- هەمووی خەتای خۆتە. تۆ دەزانی دەبێ ئاگات لە خۆت بێ، بەڵام بە پێچەوانەوە. لەو ئاو و هەوا ناخۆشەدا و بە میوانی بۆ شوێنی دوور دەرۆیت. وەك ئەوەی خۆی بە خەتابار بزانێ زەردەخەنەیەکی کردو نەیتوانی وەڵامی قسەکانی نەدامەوە، چونکە دوو سێ رۆژ پێشتر لەگەڵ سێ ژنیتر بە گالیسکەکەی بەکتاش، چووبوونە ئاواییەکەی دراوسێمان بۆ ئاهەنگێکی ژن گواستنەوە. ئەو کاتەی دەمویست بگەڕێمەوە ئایشێ بانگی کردم و گوتی:

- هێواش بە، تالگانای، ئەگەر کاتت هەبێ قسەت لەگەڵ دەکەم.

لەوکاتەی لەناودەرگادا دەگەڕامەوە گوتم: بیڵێ.

گوتی: دەزانی ئێمە بۆ ئاهەنگی ژنگواستنەوە نەچووبووینە ئەو گوندە. تۆ باش دەزانی من هیچ کەس و کارم لەوێ نییە. دەمانەویست بەبێ رووخسەتی تۆ کارێك ئەنجام بدەین تۆش دەبێ لێمانببوری کە هیچمان پێ نەگوتی، وامان بە باش زانی، لەو ئاواییە شوانە گەنجەکەمان دۆزیەوەو ویستمان کارێك بکەین کە بێتە لای ئالیمان. پێمان گوت: هەی ئافەرین بۆتۆ، ئالیمان ئێستا لای ئێمەیە و بەم زوانە مندالّی دەبێ تۆ هیچ سەرو سۆراخێکت پەیدانییە. چۆن دەبێ ئاوابێ، هیچ باش نییە، بەکورتی زۆرمان شێرورێوی بۆ هێنانەوە بەلاّم سوودی نەبوو. چونکە شوانە ژنی تری هەبوو، دوای ئەوەش دەرکەوت کە هیچ ویژدانیکی نییە. خۆی لە گێلی دا و گوتی من ئەو کەسە ناناسم و نامەوێت بیناسم. بە هیچ شێوەیەك خۆی نەکردە خاوەنی، لەو کاتەی کە ژنەکەی بە مەسەلەکەی زانی کە باسی چیدەکەین هاتە پێش و هەرایەکی نایەوە نەبێتەوە و هاواریکرد. قیژاندی. ئابروی ئێمەشی برد. لە رێگا باران لێیداین و هەموو گیانی تەڕکردین و جێگای وشکمان ددان بوون، کە هاتمەوە مالّێ بۆی کەوتم. باشە ئێستا کاری ئالیمان چی بەسەر دێ؟ لەو کاتەدا ئایشێ دەستی بە رووی خۆی وەنا و کەوتە گریان.

پێمگوت: مەگری، ئایشێ، تا من بمێنم پشت و پەنای تۆمە. هاتمە دەرێ. دەتوانم چیتر بلّێم؟

رۆژەسەختەکان بەهێواشی تێدەپەڕین، مندالّ بوونەکەی نزیکتردە بۆوەو بۆ ساتێکیش ئالیمانم جێنەهێشت. دەچوو بۆ حەسارێ لە دوای بووم، هەنگاوێکیش لێیدوور نەدەکەوتمەوە دەترسام ژان بیگرێ و منیش لێی دووربم. ئەوە بوو ئیتر لێم بێزار ببوو.

رۆژێکیان سەیرمکرد جل و بەرگێکی گەرمی لەبەر کردو لەچکەکەی بەسەری داداو پرسیم:

- کچەکەم، دەتەوێ بۆ کوێ بچی؟

وەڵامی دایەوە: تا قەراخی رووبارەکە.

- باشترە نەرۆیتە دەرێ، بەو کەژە ناخۆشە چی دەکەی لە قەراخی روبارکە؟ لە ماڵێ دانیشی باشترە.

- نا دەمەوێ بڕۆم.

- باشە دێم لەگەڵت. ناتوانم بەتەنیا رێگەت بدەم برۆی.

ئالیمان خێسەیەکی لێکردم هەرچی دەردو خەمی کەلە دڵی دا کۆکردبوونەوە بەسەر سەرمنیدا بە تاڵکردەوە:

- باشە ئەوە مانای چیە تۆ بەم شێوەیە لێم نابیتەوە؟ چیت لێمدەوێ؟ بۆ لە کۆڵم نابیەوە، هەمیشە دەڵێی سێبەری بە دوامەوە، وازم لێبێنە، وا دەزانی ئەگەر تەنیابم شەو لەبان دەمبات.

ئەوەی گوت و رۆیشت.

وەك ئەوەی دەرگاکەم بەتوندی بە روودا بخاتەوە و دڵم شکا. هەر بۆیە نەمتوانی بە ئاسانی دانیشم، کەوتمە دوای بزانم دەچێتە کوێ بەڵام نەمدیت، پێ دەچوو چۆبێتە لای لەوەڕگاکە. باران بەنمە دەباری بە فێنکی لە روخساری دەدا بایەکە هەورەرەشەکانی ڕادەماڵین، دڵگیربوو درەختەکان رووت و قوت بوون و سەرما لێیدا بوون لقەتەڕەکان ڕەش داگەڕا بوون، خەڵکی هەموویان لە ماڵەوە بوون، هیچ کەس لە کۆڵانەکان نەدەبینران. لوتکەی کێوەکە بە هەورێکی ڕەش گیرابوو هەتا بەچاویش جوان نەدەبینرا.

کەمێك ددانم بە خۆمداگرت و دواتر بە دواییدا رۆیشتم: لێگەڕێ چیدەوێ با پێم بڵێ. ئەوە باشترە لەوەی ژان بیگرێت و بکەوێتە سەرزەوی و بخوسێ لەبەر باران. کاتێك گەیشتمە جادەی مەرەزەجاڕەکە ئەوم بینی. خەریك بوو دەگەڕایەوە.

بەهێواشی دێت، بەئەستەم هەنگاوی هەڵدێنا و سەری داخستبوو. بەپەلە گەڕامەوە ماڵێ. چایەکەم لێنا، قەیماغ و شیر و هێلکەم بۆ ئامادەکرد. هاتم سفرەیەکی خاوێنم لەسەر لبادەکە ڕاخست، سوورترین سێو کە هەمان بوون بۆم هێنا. کاتێك ئالیمان هاتە ژووریٚ چاوی بەسفرەکە کەوت، زەردەخەنە یەکی خەمناکی بۆ کردم.

پێمگوت: کچەکەم، سەرمات بوو؟ دانیشە، چای و قەیماغ بخۆ.

وەڵامی دایەوە: نا، دایکە، دڵم بۆ هیچ ناچێ، تەنیا سێوێکم بدەیە.

هەر بۆوەی قسەی لەگەڵ بکەم لێمپرسی: لەوانەیە شوێنێکت ئازاری هەبێ، پێمبڵێ.

دیسان پێگوتمەوە:

- دایکە، باشترە هیچم لێنەپرسی. من خۆم خۆم ناناسم و رقم لە خۆمە. ئیستا لە خۆمەوە لەگەڵ تۆدا توندیم نواند. وا باشترە لێمگەڕێی.

شەوداهات کاتێك خەریکی جێ ڕاخستن بووم بەدڵتەنگیەوە بیرم لەوە دەکردەوە ئیتر ئالیمان قسەکانی من بەهەندوەرناگرێ بەو دڵ تەنگیەوە خەوتم. بەردەوام شەوانە چەند جارێك هەڵدەستام سەیرم دەکرد تابزانم ئالیمان حاڵی چییە. بەڵام ئەو شەوە خەوێکی قورسم بەسەردا هاتبوو وەك ئەوەی بەردێکم لەسەر سینگ دانرابێ. ئەگەر دەمزانی چی روو دەدات هەرگیزنەم دەهێشت چاوەکانم بچنە خەو، ئەگەر پێویستی کردبا بۆ دە شەویش لە سەرسەری دەبووم تەنانەت سەریشم نەدەخستە وەپاڵ دیواریش نەدەدا....

ئێستا لەبیرم نییە شەو چ کات بوو و چۆن لەناکاو وەخەبەر هاتم، سەیرمکرد ئالیمان لە سەر جێگای خۆی نییە. چونکە خەواڵو بووم نەمدەتوانی لە هەمان کاتدا گومانم نەدەکرد کە چی روویداوە. سەرەتا گومانمکرد چووبێتەحەوشەی.

ماوەیەك راوەستام. هیچ خەبەری نەبوو. دواتر دەستم برد بۆ  جێگاکەی سارد بوو، دڵم خورپەی کرد، تێگەیشتم ماوەیەکە لەشوێنی خۆی نەماوە. هەر خێرا جلەکانم لەبەر کرد رامکردە حەساریٚ. هەمووی بۆی گەڕام، چوومە مەرەزە جاڕەکە، هەڵاتم بۆ کۆڵانیٚ. بانگم کرد: ئالیمان، ئالیمان، وەڵام نەبوو، تەنیا سەگەکان دەستیان بە وەڕین کرد. هەنگاوم شل بوون و گوتم دیسان رۆیشتووە، باشە بەو شەوە تاریکە بۆ کویٚ چووە؟ ئێستا چیبکەم؟ باشترە بەدوای بکەوم، لەوانەیە بیگەمیٚ، هاتمەوە ماڵیٚ فانۆسەکەم داگیرساند و بەفانۆسەوە کەوتمە گەران بەدوایدا. ویستم قاچم لە حەوشەی بەرمە دەریٚ هەستم کرد دەنگی کەسێك لە عەمباریٚ هاوار دەکات و دەقیژێنیٚ. غارمدا بۆ عەمباریٚ دەرگام پێکدادا، خەریك بوو فانۆسەکەم لە دەست بکەوێتە خواریٚ، واقم وڕما، باوەڕم نەدەکرد: ئالیمان لەسەر کایەکە کەوتبوو ژان گرتبووی لە تاو ئازاری هەر پێچی دەدان. دەیقیژاند، خۆم گەیاندە لای و گوتم: بۆ هاتوویە ئێرە؟ بۆ پێتنەگوتم؟

ویستم لە جێی خۆی بەرزی بکەمەوە دەستم خستە بن باڵی، دەستم کەوتە ناو خوێنی دامێنی و ئەژنۆم شلبوون. ئالیمان وەك ئاگر دەسووتا. زۆر بەئەستەم و بەدەنگێکی لەرزۆکەوە دەیگوت:

- دەمرم، خەریکم دەمرم.

دیاربوو ماوەیەکە لەویٚ کەوتووە و ئازار دەچیٚژیٚ. گوتم:

- خوانەکا، خوانەکا.

زانیم کە بە ئاسانی منداڵەکەی نابیٚ تەنیا بە هاوکاری پزیشکی دەتوانین رزگاری بکەین، بەجێم هێشت، چوومە ماڵی ئایشیٚ و بە توندی لە شوشەی پەنجەرەکەم دەدا:

- هەستە، هەستە، خێرا، بەکتاش خێرا گالیسکەکەت ئامادەبکە. ئالیمان وەزعی باش نییە. پەلەبکە، وەزعی زۆر خراپە.

دوای ئەوانم لە خەو هەستاندن گەڕامەوە لای ئالیمان ئاوم دایە. چەقچۆی ددانەکانی لە پیاڵەی دەدا، بە زحمەت دوو قومی خواردنەوە، دیسان کەوتەوە پێچ خواردن و ناڵە ناڵ. ئەوەبوو ئایشێ هات، لە هۆش خۆی چووبوو، بە زەحمەت دەیتوانی لەسەر پێی خۆی بوەستێ، چونکە بۆخۆشی نەخۆش بوو. هەر ئالیمانی دیت رەنگی پەڕی، دەستی بەگریان کرد و گوتی:

- ئالیمان، خۆشەویستم، هیچ نییە، ئارام بگرە، کچەکەم، مەترسێ، ئێستا دەتبەمە نەخۆشخانە.

خۆش بەختانە ئەو شەوە بەکتاش بەدرەنگەوە گەڕابۆوە ماڵێ نەیتوانی بوو ئەسپەکەی بباتە تەویلە. لە حەوشە لە ژێر ساباتێ بەستبوویەوە. خێرا گالیسکەکەی هێنا بۆ حەوشە. گیای لەسەر پشتی گالیسکە کە هەڵڕشت بوو، باڵنجم بۆ دانا، زۆر بە زەحمەت ئالیمان مان هێنایە دەرێ خستمانە سەر گالیسکەکە و بە خێرایی بۆلای نەخۆشخانە رۆیشتین.

ئاخ، ئەی لەو هەموو بارانەی پایزیش، ئای لەو شەوە نەفرەتیە... لەو ساتەدا دەرگاکە لە پشتەوەی نەخۆشخانەکەوەبوو و پردەکەش لە خوارەوە بوو لێمان دوور بوو.

ئەو کاتەی لە ئاوایی دەرچووین ئالیمان دووبارە ژانی گرتەوە. ژانێکی زۆر سەخت بوو هاواریدەکرد هەرچی لێی نزیکبوو فڕێی دەدا منیش ئەژنۆکانیم گرتبوون. بەردەوام بە بەتانی دامدەپۆشی، زووزوو بە فانۆسەکەش سەیری روخسار و چاوەکانم دەکرد دڵنەوایم دەکرد، بەکتاشیش دڵی دەدایەوە:

- ئالیمان، کەمێکی تر ددان بە خۆتدا بگرە، ئێستا دەگەین. دەبینی. ئێستا دەگەینێ، زۆرمان نەماوە بۆ پردەکە.

زۆری نەمابوو بۆ پردەکە، نەدەکرا ئەسپەکان بەوێدا بڕۆن چۆنکە گالیسکە کە جوڵەیان دەکرد و ئالیمان ئازای پێدەگەیشت، بارانیش بەلێزمە دەباری. وەك ئەوەی هەموو بەدبەختیەکان یەکیان گرتبێ و هاتبنە سەرمان. هێندەش تاریك بوو بەر چاوی خۆمان نەدەبینی، بارانی سارد و قوڕی جادە، ئالیمان لە دەست و پێی خۆی دەدا، دەینالاند و دەیقیژاند، لە ناکاو بێدەنگ بوو.

ترسام، لە باوەشم کرد و فانۆسەکەم نزیك کردەوە و گوتم: ئالیمان، چیتە ئالیمان؟ دوو چاوی سوور بووی کردنەوە و ماوەیەك سەیری کردم.

دواتر لێوە شین هەڵگەڕاوەکانی کەوتنە جووڵە: ئاگاداربە، خەریکە دەمرم ، ئاگاداربە.

گالیسکەکەم ڕاگرت.

- سەرم بەرز بکەنەوە، ناتوانم هەناسە بدەم.

لەو کاتەدا دەگریا لەکاتێکدا فرمێسکەکانی دەهاتنە خوارێ دەیگوت: دایکە، خۆشەویستەکەم، هەناوم دەسووتێ، ئیتر تام لێ نییە....خەریکم دەمرم...... زۆر سوپاسگوزارم بۆ ئەو هەموو میهرەبانیەی بۆ منت هەبوو، بمبوورە.... ئەگەر قاسم زیندوو دەبوو.... ئاخ قاسم، دەمرم... بمبوورە.

لێی دەپاڕامەوە:

- نا، کچەکەم، خوانەکات، بۆچی بمری، ددان بەخۆتدا بگرە، هەر کەمێك چاوەڕێ بکە، ئەوە دەگەینە پردەکە. گوێت لێیە، ئێستا دەگەینێ.

دیسان ژانێکی توندی گرت. شەقە شەقەی ددانی دەچیرەوە دەبردن تا ئاستی لە هۆش چوون، پیچی دەدا لە تاوان.

فەرمانم بە بەکتاش کرد: بن باڵی بگرە بەرزی بکەوە، خێرا، شەرمێ مەکە.

بەکتاش هەڵیگرت و بەرزی کردەوە، منیش هەوڵمدا هاوکاری ئالیمان بکەم. بەکتاش کەوتە گریان و دووبارە دەنگی شەمەندەفەری سەربازیەکەم کەوتەوە یاد سیرە سیرِی چەرخەکانی فارگۆنەکەو هاوار دایکە، ئالیمان، ، لە گوێم دەزرینگایەوە، لەو کاتەشدا دەنگی منداڵە ساواکەش بەرزبۆوە. ئای ژیان، چەند بێوژیدان و کوێری، منداڵەکە لە دایکبوو خەریك بوو ئالیمان بمرێ، خێرا لەشی تەرِو رووتی مەلۆتکەکەم بەدامێنی داپۆشی دیتم کە ئالیمان بێ هۆش و بێ جوڵە لە سەر دەستی بەکتاش کەوتوە، سەری ئاوێزان و دەستەکانی دەجولاّن.

وەك شێتان هاوارمکرد: ئالیمان، دوایي دەستم گرت لێدانی دڵی وەستا بوو.

لە چاوتروکانێکدا، لەبەر چاومدا مەرگ و ژیان یەخەی یەکتریان گرتبوو.

کاتێك گەرِاینەوە بۆ ئاوایی دنیا خەریك دەبوو روناك بێ، سیوادی دابوو، بەفر کرِێوەی دەکرد کلۆ بەفرە سپیەکەش دەکەوتنە سەرزەوی، بە هێواشی جادەکەی سپی کردبوو، ئارامی باڵی بەسەر هەموو جێگایەکدا کێشا بوو. لە ناو ئەو ئارامیە سپیەدا ئەسپەکانیش سەبر سەبر گالیسکەکەیان بەدوای خۆیاندا دەکێشا و سەر گوێلاکیان دا پۆشرابوون بە بەفر. بەکتاش بە ئارامی لەناو گالیسکەکەدا دانیشتبوو و دەگریا. ئیتر ئەسپەکانی لێنەدەخورِین. ئەسپەکان بۆ خۆیان دەرِۆیشتن. بە درێژایی رێگاکە هەر گریا. لە تەنیشت ئەوە بەدوای گالیسکەکەوە دەرِۆیشتم، منداڵەکەم لەباوەش گرتبوو بەسەر پۆشەکە دامپۆشی بوو، ئەو بەفرە سپیەی سەرزەویم لە پێش چاوان رِەش بوو.

## ١٦

بەم شێوەیە جەنگ، بۆ دوواینجار، وەبیرخۆم هێنایەوە، ئەو ڕێگایەی لەو بەیانییەدا دژوارترین ڕێگام دەپێوا کە لە ژیانمداپێموایە مردن خۆشترە لەو ژیانە.... منداڵەکە لە باوەشم گەرم داهاتبوو، وەکو هەر جینگڵی دەدا. دەم خستەسەر دەستم لەبەر خۆمەوە دەمگوت: چۆن بەبێ بەختی لە دایك بوو، یەکەم دەنگت ماڵئاوایی دایکت بوو، بەڵام لە ناکاو لە شوێنکی دوورەوە ئەوەم بەمێشکداهات: خۆدنیا بەسەری پوشێ نەگیراوە، ژیانیش بۆ ئەو تاقیکردنەوەیەکە تازە هاتۆتە سەردنیا. دووبارە بەخۆمدەگوت: ئەوە چ ژیانیکە کە دڵۆپە شیرێکی لە مەمکی دایکیشی نەخواردووە. بەڵام چەند ڕۆژێك نەژیا، ئەوەندەم دڵ پێخۆشبوو منداڵەکە بمێنێ بۆ مانەوەی دەپاڕامەوە: هەر هیچ نەبێ یەکێکت بە زیندوویی بۆ هێشتباینەوە، لێگەڕابای نە مردبا، لەو دژواریە ڕزگاری بکە، لێگەڕێ با گەورە بێ و پێ بگات، بەم شێوەیە ڕێگام دەبڕی هەندێجار بێ هیوا و هەندێك جاریش بە هیوا، دیسان نا ئومێدی یەخەی دەگرتمەوە. کاتێك گەیشتنەوە ئاوایی بەیانی بوو.

بەفر کرێوەی دەکرد بەبێدەنگی دەباری، لە هەموو شوێنێك وەك یەك ئارامی سپییەتی بەرقەرار بوو. لەو بێدەنگی ئارامیەدا کۆلانە تەواو نەکراوە وێرانە بەجێ ماوەکان زۆر ترسناك دەهاتنە بەرچاو. ئەو وەستایانەی حەوت ساڵ لەمەو بەر بناغەی ئەو کۆلانەیان دانابوو هیچ شوێنەوارێکی دیار نەمابوو. لەو کۆلانە بێ دەنگەدا کلوەبەفر دەهاتنە خوار بەفریش دەکەوتە سەریەك لە کەلاوەکان و گیا وشکەکەی دادەپۆشین. لە حەوشەی ماڵە تەواو نەکراوەکەی ئالیمان و قاسم،

دەڵێی یادگاریەکە لەبەر ویست و ئارەزووی وان دەستی لێنەدراون، ئێستاش کەڵەکە بەردە و خشتە وشك بووەکان لە شوێنی خۆیان مابوون.

ئالیمان بۆ هەمیشە سەری نایەوە، بە روخسارێکی بێرەنگ و چاوەکانیشی وەك لە خەودابن، سەریشی دەلاژایەوە و بەفر دەنیشتە سەر روخساری و نە دەتوایەوە.

لە نزیك ماڵەکانی ئاوایی، بەکتاش لە گالیسکەکە خۆی فڕێیدایە خوارێ و یەکەم جاری بوو لە ژیانی دا بەگریانەوە خەڵکی ئاوایی ئاگادار بکاتەوە لە مەرگی ئالیماندا. خەڵکی هەموویان ڕژانە کۆڵانەوە و بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە لە دەورمان کۆببونەوە. کاتێك ئایشێ لە ماڵێ هاتە دەرێ، بە هاوار و بابەرۆ منداڵەکەی لێوەرگرتم و بردیە ماڵێ.

دوای دوو رۆژ ئالیمانمان بە خاك سپارد. داب و نەریتی ئێمە وابوو نابێ ژن بچێتە گۆڕستان، بەڵام من چووم هیچ کەسیش قسەی نەکرد، چونکە هیچ پیاوێکمان نەمابوو تا بینێرم داب و نەریتەکە بەجێ بگەیێنێت. بۆ خۆم ئالیمان خستە ناو گۆر. ئەو رۆژە بەفر کڕێوەی دەکرد، لە چاو تروکانێکدا گۆڕەکەی بە بەفر داپۆشی.

بەهارێ چووم گوڵم لە سەر گۆڕەکەی چاند، هەموو بەهارێك ئەوە کارم بوو، چونکە ئەو گوڵی زۆر خۆشدەویست.

دووبارە ژیان کەوتەوە سەر ڕێڕەوی خۆی، سەرەتای رۆژەکانی جونبەڵات، بووکی ماڵێ مام جارابەك شیری بە منداڵە ساواکە دەدا، بەڵام دواتر خۆم شیری بزنم پێدەدا، هەتا گەورەم کرد رەنج و زەحمەتێکی زۆرم بۆ کێشا، بەڵام چ پێویستە باسی ئەوە بکەین. بەکورتیەکەی قەدەر وابوو کە ئەو بە زیندوویی بمێنێتەوە. لەو بارەیەوە مەمنوونی چارەنووسم. ئێستا ئەو دوانزە ساڵانە. ئەو پزیشکەی کە لە

منداڵیدا چارەسەری بۆ کرد ئێستاش کە ئەو لە دەور و بەری ئێمەیە پیاوێکی سەرناسە هەر کاتێك دەمان بینێت دەپرسێت:

- باشە، دایکە، نەوەکەت گەورە بووە.

دەڵێم: زۆر سوپاس بۆ خوا، ئێستا بۆ خۆی ئەسپ سوارە.

پزیشك سەیرێکم دەکا و بەزەردەخەنەیەکەوە دەڵێ:

- لەوە باشتر، هەرزۆر باشە، کە وەك مرۆڤێکی باش پەروەردەت کردووە.

ئەو دەمێکە من و جونبەلات دەناسێت: لەو کاتەی کە جونبەلات ساڵ و نیوێك نەدەبوو. جونبەلات لە منداڵیدا نە خۆشبوو، رۆژێکیان سەرمای ببوو. لێوەکانی شین هەڵگەڕا بوون چاوەکانی بۆ هەڵنەدەهاتن و هەناسەی بۆ نەدەدرا. شەوێ بردمە نەخۆشخانە. لەو شەوەزستانیەدا لە تەنکایی رووبارەکە پەڕیمەوە. پزیشك کوڕێکی گەنج بوو دیاربوو تازە خوێندنی تەواو کردبوو. ترسا کاتێك سەیری کردم کە لە سەرمان هەڵدەلەرزم و هەموو جلەکانم تەڕن گوتی:

- دیارە تۆ شێت بووی، کێ رێگەی بە تۆ داوە تا لەو تەنکاوە بپەڕیتەوە. دایك و بابی منداڵەکە لە کوێن؟

وەڵامم دایەوە: کوڕەکەم، من دایك و بابی ئەوم. با نەمرێت. ژیانی ئەو ژیانی منە.

بە درێژایی ئەو شەوە پزیشك چاودێری ئەو منداڵەی کرد، دوو سەعات جارێك دەرزیەکی لێدەدا. جل و بەرگێکی وشکی بۆهێنام، دەرمانی دایە، لەگەڵ ئەوەش هەتا بەیانی تایەکی گەرمی لێبوو. خوێن لە قورگی دەهات. هیچ لە تا یەکەی نەدەگەیشتم، کەوتبوومە حاڵەتی بێهۆشی. ئەوەم لەبیرە کە دکتۆر هاتە سەرم دەستی لەسەر ناو چاوانم دانا و گوتی:

- دایکە، خۆڕاگربە، بەهێزبە، نەوەکەت باش بووە، ئەوە پێدەکەنێ.

گوتم: ئێستا کە ئەو باش بووە منیش باش بووم. لە وانەشە لەبەر ئەو باش بووبم کە نەوەکەم زیندووە و نەمردوە.

هاوینی ئەمساڵ شتێکی خۆش ڕوویدا. لە پشووی هاویندا ڕۆژێکیان پاسکیلەکەی قاسمی هێناوەتە حەوشە. ئەو پاسکیلەی کە بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ لە مەوبەر لە ژێر بن میچی عەمبارێدا بوو . پاسکیلەکەی هێناوەتە دەرێ دەیوست چاکی بکاتەوە، ڕێگریم نەکرد. گوتم منداڵە، لێگەڕی با یاری پێ بکات، ماوەیەك دێت و دەڕوات دوایی ماندوودەبێ لە لایەکی دایدەنێ. دەکرێ چاك بکرێتەوە: ئاسنەکە هەمووی ژەنگی لێدابوو لاستیکەکانیشی ڕزیبوون. برادەرەکانی هاتن و پێی پێدەکەنین. دەیانگوت ئەو ئاسنە هی زەمانی دەقیانووسە، بڕۆ فڕێیدە، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو سەر قاڵی کاری خۆی بوو. نازانم ئەگەر بەکتاش نەبووایە نەیدەتوانی بەتەنیا چاکی بکاتەوە یا نا. بەکتاش شارەزا بوو لە چاکردنەوەی پاسکیل. هەر وەکو منداڵان لەگەڵی دەهات و دەچوو، لەکاتێکدا بەکتاش خێزاندار بوو. بەکتاش جونبەڵاتی زۆر خۆشدەویست هەر کات پێویستی کردبا بۆ کاری خوێندنی جونبەڵات سەردانی قوتابخانەی دەکرد لەگەڵ ماموستاکان قسەی دەکرد. هێشتا ئایشێ لە ژیاندامابوو کە ژنی هێنا. ئایشێ سێ ساڵ دوای ئالیمان مرد. مەرگی ئایشێ زۆری نیگەرانکردم. من و ئەو ژیانێکی زۆر پڕ لە چەرمەسەریمان بەڕێکرد. بەکتاشی زۆر بە باشی پەروەردە کردبوو، کوڕێکی ژیر و ئیشکەر. ئێستا سێ منداڵی هەیە، کلسومی خێزانی، دراوسێیەکی میهرەبانە، بەکتاش ماوەیەکی زۆرە لەسەر دەڕاسەکەکار دەکات.

ڕۆژێکیان جونبەڵات دووبارە بە پاسکیلەوە پەیدا بوو، پاسکیلێکی خاوێن و چاکراوە و چەورکراو جونبەڵاتیش هەمووگیانی لەبەر ڕۆنیدابوو.

- نەنە،گیان، سەیربکە پاسکیلەکەی باوکم چاك بۆتەوە، بەو قسانەی پێیگوتم شادی و خەمم ئاوێزان بوون لە شوێنی خۆم رەقبووم. بە خۆ هەڵکێشانەوە دەیگوت:

دەزانم لێبخورم، سەیرم بکە.

دیارە هێشتا نەیدەتوانی لە سەر کوشنەکەی دانیشێ چونکە لاقی نەدەگەیشتە پایدەرەکە. بەڵام دەیتوانی لەسەری بوەستێ، لە تەنیشتەوە خۆی بە پاسکیلەکەوە نوساندبوو ئەم لاوئەولای پێدەکرد، کەوتەرێ وامدەزانی ئێستا دەکەوێت هاوارم کرد:

- وەرە خوارێ دەکەوی.

ئەویش بێگوێدانە من لە دەرگایدا لە وێشەوە بۆ کۆڵان. منیش بەدوایدا. خێراتری کرد لە ناوەڕاستی کۆڵانێ بە پاسکیلەوە کەوتە سەرزەوی و قاچی ئازاری پێگەیشت. رامکرد. ماوەیەك شەڕمان دەکرد:

- دەتەوێ خۆت بکوژی، ئەوەش بووبەکار، ئیتر رێگە نادەم سواربی.

ئەو دەیگوت:

- نەنەگیان، جارێکی تر بەرنابمەوە. من خۆم خستە خوارێ، دەمویست بزانم چۆن دەبێ. هەتا ئێستا نەکەوتوومە خوارێ.

پێکەنینم پێدەهات، لەوکاتیدا بەکتاشم دیت لە ماڵەوە راوەستابوو. سەیری ئێمەی دەکرد. نە ئەو هیچی پێگوتم نەمنیش هیچم گوت. بەڵام زۆر باش لێك حاڵی بووین.

دروێنە دەستیپێکرد. شەوێکیان بەکتاش هاتە ماڵێ ئێمە و گوتی:

- دەمەوێ جونبەڵات بکەمە شاگردی خۆم بۆ ئەوەی لەسەر دەڕاسەکە لەگەڵ من کاربکات.

رەزامەندیم نیشانداو گوتم: ئەگەر بۆ ئەوکارە گونجاوە بیبە.

هەر چەندە ئەوشەوە رازی بووم بەڵام دوای دوو رۆژ دڵم بۆی توندبوو چووم تـابزانم چ باسـە. بیـرم لـەوە دەکـردەوە ئـاخر ئێسـتا ئـەو منداڵـە و ئـەوکارەش بـۆ ئەوسەخت بیَ.

نە نەگیان، من لێرەم.

بەکتاش کە لە پشتی سووکان بوو دەستی هەڵێنا و سڵاوی کرد.

ئەو رۆژە تا رۆژئاوابوون لە لێواری رۆژئاوادا لە ژێر سێبەری دارێك دانیشتبووم سەیری دروێنەکـەم دەکرد، ئۆتۆمبێلـەکان لـە هـات و چووندابوون گەنمەکـەیان بـۆ سەر خەرمانیَ دەبرد.

کاتێك دنیا تاریك بوو شۆفیرەکان بۆ پشـوودان هـاتن. جونبـەڵات لەگـەڵ ئـەوەی ماندووبوو هیچ وەسەرخۆی نەهێنا هەر وەکو بەکتاش بەفیزەوە هـەنگاوی هەڵدێنا و بەبیَ ئەوەی هیچ بڵیَ، هەروەك بەکتاش دەم و چاوی لەسەر جۆگاکە شووشت.

کاتێك بوخچەکەی بەدەستمەوە دیت خۆشحاڵ بوو و گوتی:

- نەنەگیان، سێوت بۆ هێناوم؟

- هێناومە.

لەو کاتەدا رایکرد بۆلام و هاتە باوەشم و ماچی کردم.

بەکتاش بە پێکەنینەوە گوتی:

دەی زووتر، بۆ لەسەرەتاوە خۆت راگرتوە کە نەیلێی. هەتا دەتـوانی نـازی نـەنکت بکێشە و لێگەریَ با نازت هەڵگریَ، ئەگەر نەیکەی درەنگ دەبیَ.

بـۆ نـان خـواردنی ئێـوارە، لـە نزیـك فارگۆنـە تایبەتیەکـەی کشـتوکال لەسـەر چیمەنەکە دانیشتین. نانەکە ئێستاش هەر گەرم بوو، تازە بە تازە لە تەندوورهاتبۆ دەریَ، جونبەڵات نانەکەی لەت لەتکرد و گوتی:

- نەنەگیان، نانی هەڵگرە.

نانەکەم هەڵگرت سوپاسی خوام کرد کە بۆ زارم برد بۆنی دەستی شۆفێری دەڕاسەکە مێشکی کاسکردم. نانەکە بۆنی نەوت و ئاسن و کا و گەنمی لێ دەهات، بەڵێ، ڕێك وەك ئەوکاتی. نان و فرمێسکم تێکەڵ ببوون و بیرم دەکردەوە کە: نان مەرگی نییە، گوێت لێیە قاسمی کوڕم، (ژیانی نەمری ئەنجامی ماندوو بوونەکەشی بە نەمری دەمێنێتەوە).

کرێکارانی دەراسەکە نەیانهێشت بگەڕێمەوە ماڵێ، گوتیان میوانی ئێمەی ئەمشەو لەگەڵ ئێمە بەسەربەرە لەکێڵگە. لە سەر کایەکە جێگایان بۆ دروستکردم. شەوێ سەیری ئاسمانم دەکرد و پێموابێ کە کاکێشان لە کاو دنکە دانی زیوی تازە وەکو فەرش راکێشراوە. لە ئاسمانی پڕ ئەستێرە، لە ڕێگای کاکێشان، شەمەندەفەر، وەك ئەوەی گۆرانیەکت لە دوورەوە گوێ لێبێ، دەخولێتەوە دەنگی چەرخەکانی دەبیسترا. کاتێك لە ژێر نوای شەمەندەفەرکەوە چاوم وەنەوزی دەداو خەو دەیبردمەوە بەخۆم دەگوت: ئەمرۆ جوتیارێکی تر لە دایکبووە. خۆزگەی تەمەندرێژی بۆ دەخوازم بارتەقای ئەستێرەکانی ئاسمان لەسەر زەوەیدا دەچاند.
لە کازیوەی بەیانیدا ویستم بەرەو ئاوایی بگەرێمەوە و رێگر نەبم لەکاری جوتیارەکان.

ساڵانێکی زۆر بوو ئەو شەفەقە سوورەم لە کێوە بەرزەکانەوە نەدیت بوو ئەو گۆرانیانەم لە کاکۆڵی نە بیستبوو چۆلەکەی بەرەبەیان کە لە ئاسمانی رووناکدا لە شەقەی باڵیدەداو دەفڕی و زیاتر دووردەکەوتەوە هەر وەك لێدانی ترپەی دڵی مرۆڤ لە شەقەی باڵیدەدا و ئاوازی دەنگی سەرانسەری دەشتی داگیرکردبوو، ئەو کاتانەی سۆڤانکۆل پێیدەگوتم: تەماشاکە جووڕەکەی ئێمەش دەخوێنێت. چەندە خۆشبەخت بووین. جووڕەی خۆشمان هەبوو. جووڕەکەی من هەمیشە نەمری.

١٧

ئەی دەشتی شیرین، تۆ لە دوای دروێنەدا لە ئارامیدای. دەنگی خەڵکی نایە، ئۆتۆمبیلەکان هاتووچۆ ناکەن، دەراسەکان دیارنین. مێگەلە مەڕەکان نەهاتوونە دەشتێ، تۆ نیعمەتەکانی خۆت بە مرۆڤەکان بەخشیوە تا ئەوکاتە دەبێ پشوو بدەی و تا جارێکی تر کێڵانی داهاتوو دەبێ ئاسوودەبی. ئێستا تەنیا من و تۆ هەین. تۆ لە سەرگوزشتەی ژیانی من ئاگاداری. ئەمرۆ رۆژی یادکردنەوەی سۆڤانکۆل، قاسم، ماسلبەك، جایناك، ئالیمانە. تا من لە ژیاندابم ئەوانە لەیاد ناکەم. سەردەمێك دێت کە جونبەڵات لە سەر بووردەی خۆم ئاگاداربکەم. ئەگەر ئەقڵ و هۆشی هەبێ دەبێ لەو شتانە بگات. بەڵام قسەکانم بەهەموو دنیا بگەیەنم؟ من قسەی زۆرم هەیە لەگەڵ ئەوانە. چۆن بتوانم بچمە ناو دڵی هەموویان؟

ئەی تیشکی رۆژ کە هەموو دنیا دەگەڕێی تۆ پەیامبەری منبە.

ئەی هەوری باران، بارانێکی روون ببارێنە بەسەر جیهاندا لەگەڵ هەر دڵۆپەیەك پەیامی من بگەێنە.

ئەی خاکی شیرین، ئەی دایکی ژیانبەخش، تۆ هەموومانت بە نیعمەتەکانی خۆت ڕادێنێ، تۆ خۆراکی هەموو خەڵکی تەواوی دنیای تۆش پێیانبڵێ.

- نا، تالگانای، تۆ بۆ خۆت بیڵێ، تۆ مرۆڤی، تۆ باشتر و چاکتری لە هەموویان، تۆ مرۆڤی، تۆ بیڵێ.

## ١٨

- تالگانای، لە لام دەرۆیی؟

- بەڵێ، دەڕۆم، ئەگەر نەمرم و بمێنم، دووبارە دێمەوە، بەنیازی دیدار.

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر |
|---|---|---|
| ١ | فێربوونی ئینگلیزی کوردی | |
| ٢ | فەرهەنگی قانونی | |
| ٣ | فەرهەنگی ئینگلیزی کوردی | |
| ٤ | خۆم نا دڵم وا ئەڵێ | نەبەز گۆران |
| ٥ | نامەکان | نەبەز گۆران |
| ٦ | مانگەشەو/ شیعر | نەبەز گۆران |
| ٧ | مانگەشەو/ رۆمان | نەبەز گۆران |
| ٨ | شیعرەکانی نزار قەبانی/غادەسەمان | نەبەز گۆران |
| ٩ | دێوانەیەك لەم شارە/ رۆمان | نەبەز گۆران |
| ١٠ | ماڵی یارە توانا ئەمن/ شیعر | سوهراب |
| ١١ | دژە مەسح/ فریدریك نیچە | و/ رێبین رەسول ئیسماعیل |
| ١٢ | ئەوەیە مرۆڤ/ فریدریك نیچە | و/ رێبین رەسول ئیسماعیل |
| ١٣ | ئاوابوونی بتەکان/ فریدریك نیچە | و/ رێبین رەسول ئیسماعیل |
| ١٤ | دەرمانخانەی ئەفلاتۆن/ جاك دریك | و/ رێبین رەسول ئیسماعیل |
| ١٥ | رینی دیکارت/سێ تێکستی فەلسەفە | و/ د.حەمید عەزیز |
| ١٦ | گوێرەکە/ مۆیان | و/ ئاری هاشم |
| ١٧ | دیدەنی کچێکی سەدلەسەد دڵخواز/ هاروکی مۆراکامی | و/ ئاری هاشم |

| | | |
|---|---|---|
| ١٨ | مێری دەرسم | عەزیز مەلا رەش |
| ١٩ | فەرهەنگی قانوونی | محمد وەسمان |
| ٢٠ | حەمۆکی/ لویس ولبرت | و/ کەمال قادر |
| ٢١ | سایکۆلۆژیای منداڵ | کەمال فاروق نەسرەدین |
| ٢٢ | زانستی سزا/ محمد شلال | و/ کاروان ئەنوەر مەسیفی |
| ٢٣ | فەلسەفەی مردن/ ک.ل عەبدوك | و/ ئارام ئەمین شوانی |
| ٢٤ | توانەوە/ عەباسی مەعروفی | و/ ئاری هاشم |
| ٢٥ | مێژووی یاسا/ منذر فضل | و/ هێمن ئەمین شوانی |
| ٢٦ | بنەمای تاوان ناسی/ د. محمد شلال | و/ هێمن ئەمین شوانی |
| ٢٧ | یاسای نێودەوڵەتی گشتی/ د. عصام عطية | و/ هێمن ئەمین شوانی |
| ٢٨ | پیاوانی بەیانی/ مەنسوری یاقوتی | و/ عەزیز گەردی |
| ٢٩ | لەگەڵ منداڵانی گوندەکەماندا/ مەنسوری یاقوتی | و/ عەزیز گەردی |
| ٣٠ |ماینی چل جوانوو/ مەنسوری یاقوتی | و/ عەزیز گەردی |
| ٣١ | دیاردەگەرایی و رەخنەی ئەدەبی/ مەنسوری یاقوتی | د. یادگار لەتیف |
| ٣٢ | کۆمەڵناسی دانیشتوان | عبدالمجيد غفور ابراهيم |
| ٣٣ | نووسینی تۆژینەوەی | د. محەمەد شوانی |
| ٣٤ | فەلسەفە لە سەردەمی تراژیدیای گریکدا / فریدریك نیچە | و/ رێبین رەسول ئیسماعیل |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٥ | فەلسەفەو ئیمان / لەنێوان هێگل و کیرکیگاردداد | و/ رێبین رەسول ئیسماعیل |
| ٣٦ | ئەودیوی خێرو شەڕ/ فردریك نیچە | ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل |
| ٣٧ | زانستی شاد / فریدریك نیچە | ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل |
| 38 | کچێکی ئاسایی/ ئارسەر میللەر | موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی |
| 39 | حیکمەتیی ژیان/ شۆپێنهاوەر | ئارام ئەمین شوانی |
| 40 | دیوار/ ژان پۆل سارتەر | ئاری هاشم |
| ٤١ | ڕۆژێك بەر لە بەختەوەری/ئیڕی دی لوکا | ئەحمەد محمد اسماعیل |
| ٤٢ | نیچە/ ژیل دۆلوز | و/ رێبین رەسول ئیسماعیل |
| ٤٣ | هێگل و فەلسەفەی ئایین | و/ رێبین رەسول ئیسماعیل |
| ٤٤ | ژیل دۆلوز و پرسیاری فەلسەفە | و/ رێبین رەسول ئیسماعیل |
| ٤٥ | کەرێك لەسەر چیادا/ عەبدولسەتار ناسر | و/ ئازاد هاشم |
| ٤٦ | پەنجەرەکان | ئەحمەد محمد اسماعیل |
| ٤٧ | لێزانەکەی ئەستەنبوڵ/مایکل دیڤید لوکاس | ئەحمەد محمد اسماعیل |
| ٤٨ | کەیسی ڤاگنەر/ فریدریش نیچە | ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل |
| ٤٩ | نیچە دژی ڤاگنەر، بەڵگەنامەکانی دەروونزانێك | ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل |
| ٥٠ | لە دایك بوونی تراژیدیا/ فریدریش نیچە | ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل |

| | | |
|---|---|---|
| ٥١ | سایکۆلۆژیای عەقڵی کوردی | محەممەد تەها حوسێن |
| ٥٢ | پێڵاوەکانت دانێ | ئارام ئەمین شوانی |
| 53 | شۆپنهاوەر وەك پەروەردكارێك | ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل |
| ٥٤ | ڕۆشنگەری و شۆڕش لەلای کانت | ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل |
| ٥٥ | ئاڕاستەی عەقلانی بۆ تەفسیر | سەرمەد ئەحمەد |
| ٥٦ | کتێبی حەوت مەجلیس | مەولانای ڕۆمی |
| ٥٧ | کوردۆلۆژی | پێشڕەو عەبدوڵلا |
| ٥٨ | زانستیە سیاسییەکان | ڕێبین ڕەسول& موحسین ئەدیب |
| ٥٩ | سێوە سەوزەکان | و/ ئەحمەد محەممەد ئیسماعیل |
| ٦٠ | جەستە. دەروون. عەقڵ | پێشڕەو عەبدوڵلا |
| ٦١ | باڵندەکانیش کۆچیان کرد | و/ احمد محمد اسماعیل |
| ٦٢ | سیستەمی سیاسی | ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل |
| 63 | بەدەستهێنانی بەختەوەری | و/ئارام شوانی |
| 64 | ئاسمانیکی ڕەش لە جەستەی سپی ئافرەتاندا | هەرێم هەژان |
| ٦٥ | لە دەقەوە بۆ تەسەووف | و/ عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی |
| ٦٦ | شەمسی تەبریزی | و/ عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی |
| ٦٧ | چەند بابەتێکی زانستی تەسەووف | و/ عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی |
| ٦٨ | ژیان و وێستگەی بایەزیدی بەستامی | و/ عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی |
| ٦٩ | کۆمەڵناسی کوردەواری | ستار باقی کەریم |

| | | |
|---|---|---|
| ٧٠ | حیکمەتی چینی/ کۆنفوشیوس | و/ عبدالکریم فتاح |
| ٧١ | سیاحەتنامە | و/ مەحموود عومەر باوزی |
| ٧٢ | حیکایەتە فەلسەفییەکان | و/ ڕێکان تەحسن ساڵەیی |
| ٧٣ | کۆماری مریەم | م/زانیار عەلی |
| ٧٤ | بیرەوەرییەکانی سەگێکی عێراقی | و/ ئازاد هاشم |